# بەڕێوەبردنی گۆڕانکاری

( 2523 )

نووسینی

د. محمد الصيرفي

چاپی ٢٠٠٦

دار الفكر الجامعي – الاسكندرية

هەواڵنامەی کتێب

وەرگێرانی

محمد فاتح

چاپی یەکەم

٢٠٠٨

هەواڵنامەی کتێب

**ناسنامەی کتێب**

ناوی کتێب : بەڕێوەبردنی گۆڕانکاری

نووسینی : د. محمد الصیرفي

وەرگێڕانی : موحەمەد فاتح

نەخشەسازی و بەرگ : عەکاف ئەحمەد

تیراژ : (٥٠٠) دانـە

چاپ : چاپخانەی ئـاکـام

ژمارەی سپاردن : ١٠٨٤

## بـــابـــەت


١- گۆڕانكاری چیە؟..................................٤
٢- سروشتی گۆڕانكاری . ..............................٥
٣- ڕەگەزەكانی گۆڕانكاری. ............................٨
٤- بوارەكانی گۆڕانكاری..................................١٠
٥- كۆڵەكەكانی گۆڕانكاری...............................٩
٦- ئامانجەكانی گۆڕانكاری...............................١٤
٧- ئاستەكانی گۆڕانكاری..................................١٨
٨- پێداویستیەكانی گۆڕانكاری............................٢٠
٩- شێوەكانی گۆڕانكاری..................................٢٣
١٠- بابەتی خێرایی و لەسەرخۆ لەگۆڕانكاری.................٢٧
١١- ڕوودانی گۆڕانكاریەكان لەرەهەندە شارستانیەكانی ئۆرگانەكە.........٤٥
١٢- ستراتیژییەكانی گۆڕانكاری............................٤٧
١٣- هۆكارە كاریگەرەكان لەدیاریكردنی ستراتیژییەتی لەبار.................. ١٠٩
١٤- بەرهەڵستی كردنی گۆڕانكاری........................... ١١٣
١٥- شیكردنەوەی هۆكارەكانی بەرهەڵستی كردن بۆ گۆڕانكاری...........١١٦
١٦- گوزەرەكانی كەمكردنەوەی بەرهەڵستی كردنی گۆڕانكاری.........١٢٣
١٧- جۆرەكانی بەرهەڵستی كردن بۆ گۆڕانكاری.........................١٤٠
١٨ بەڕێوەبەری خۆشەویست، وریابە..............................١٤٦
١٩- پراكتیكەكردنی هەندێ كۆمپانیاكان لەئەنجامدانی گۆڕانكاری ڕێكخراودیی........ ١٨٣
٢٠- پیادەكردنە كرادارییەكان........................................ ١٩٦

# گۆڕانکاری چییە؟

گۆڕانکاری، بریتییە لەهاوسەنگییەکی دینامیکی نێوان دوو کۆمەڵە هێز کاردەکەن لەدوو ئاراستەی پێچەوانە لەبواری ماددی و کۆمەڵایەتی و دەروونی، یەك لەم دوو کۆمەڵەیە هێزێکی پاڵنەرە، لەکاتێکدا کۆمەڵەی پێچەوانە هێزێکی پابەند دەگرێتە خۆی.

وە ئەنجامی کارلێکردنی هەر دوو هێز لەگەڵ یەکتر ئۆرگانەکە دەگاتە بارێك لەهاوسەنگی پێی دەوترێت باری جێگیر.

**چەمکی گۆڕانکاری**

| هێزە پاڵنەرەکان بۆ گۆڕانکاری | هێزە پابەندەکان بۆ گۆڕانکاری |
| --- | --- |
| ★ هێزی ناو خۆیی :<br>- ئامانجە نوێیەکان.<br>- پەیامی ئۆرگانەکە.<br>- دابەزینی ئاستی ئەرك بەجێ گەیاندن.<br>- رازی نەبوونی کارمەندان.<br>★ هێزی دەرەکی :<br>- گۆڕانکاریە سیاسیەکان.<br>- گۆڕانکاریە ئابورییەکان.<br>- یاساو رێنماییەکان.<br>- بریاردکان | ★ کۆسپە رێکخراوەییەکان:<br>- بێ جولەیی بنەماو کاراییەکان.<br>- خراپی ئامرازەکانی گەیاندن.<br>- کۆن بوونی سیاسەتەکان.<br>★ کۆسپە رەفتاریەکان.<br>- ئەرك بەجێ گەیاندنی کارمەندان<br>- رێکخستنی نافەرمی.<br>- کۆسپە هونەریەکان.<br>- توانا داراییەکان کەرێگا بە ئۆرگانەکە ددات بۆ هێنانی.<br>- تەکنولۆژیای نوێ.<br>★ کۆسپە کۆمەڵایەتیەکان:<br>- داب و نەریتەکان.<br>- جۆری رەفتاری تاکەکان. |

# سروشتی گۆڕانکاری

سروشتی گۆڕانکاریە کەبەیەکەم کۆڵەکەکانی پێك هێنانی گۆڕانکاری دادەنرێت، ڕەنگە یەکەم و گرینگترین بینین دەربارەی کاردانەوەی خەڵکی بۆ گۆڕانکاری ئەوە بێت کە خودی گۆڕانکارییەکە دەکرێت درکی پێ بکرێت بەوەی کە گۆڕانێکی ئیجابیە، وە دەکرێت درکی پێ بکرێت بەوەی کە گۆڕانێکی سەلبیە، هەر چەندە یەك ڕووداو بووە بەڵام تێگەیشتنی تاکەکان جیاوازە بەپێی سروشتی گۆڕانکاریەکەو پلەی کارتێکردنەکەی کە تاکەکان باوەڕیان پێی دەبێت دەربارەی هەڵوێستێکی دیاریکراو.

بەڵام چۆنیەتی پێشوازی و کاردانەوەی تاکەکان بۆ گۆڕانکاری وە بەپێی جۆرەکەی، سێ بوار دەسەڵاتی بەسەرداڵ دەبێت:

١- دەکرێت تەماشای گۆڕانکاریەکە بکرێت کە سەرەکیە، ئەگەر درکی پێ کرا بەو شێوەیەو بەزانینی کە کێ کارتێکردنی بەسەرەوە دەبێت.

٢- گۆڕانکاری سەرەکی بەدی دێت بەهۆی کەم و کورتی گەورەوە یان نەبوونی هاوسەنگی لەدیاریکردنی پێش بینیەکان.

٣- گۆڕانکاری سەرەکی ڕوو دەدات کاتی تاکەکان باوەڕیان لا پەیدا دەبێت بە لەدەست دانی دەسەڵات بەسەر هەندێ لایەنی دیاریکراو لەژیانیان.

دەکرێت تێروانینی کاردانەوەی مرۆڤ بۆ گۆڕانکاری بەم شێوەیە بێت :
کاردانەوەی خەڵکی بۆ گۆڕانکاری .




هەواڵنامەی کتێب

ئەمەو تێبینی دەکرێت کە لەگەڵ تێوە گلان لەگۆڕانکارییە سەرەکیە ڕێکخراوەییەکان دەتوانین هەست بکەین و چارەسەری بەرهەڵستی کردنی فشارەکانی گۆڕانکاری بکەین .

**١- گەیشتن بەو راستیەی کە ڕێکوپێکی دەسەڵاتداری ئەوەیە کەلەژیاندا لێی دەگەڕێین، بەڵام نەبوونی گونجاندن کەڕوودەدات هۆیەکەی ناتەبایی لەپێشبینیەکان.**

٢- توانامان لەسەر بەكار هێنانی پلەیەكی راستەو خۆ یان ناڕستەو خۆ لە ڕێكوپێكی و كاری خۆویست لەوەی روو دەدات لەكاتی پراكتیك كردنی گۆڕانكاری.

٣- مامەلە كردن لەگەڵ گۆڕانكاری، كاتێ ڕووداوەكانی دەوروبەرمان بەخێرایی بەدووایی یەكدا دێن.

٤- تێگەیشتن لەگۆڕانكاری ڕێكخراوەیی لەسەر ئاستی بچووكترو گەورەتردا.

٥- ڕووبەڕوو بوونەوەی لەیەكچوونی پێویست لەسەر ئاستی بچووكترو گەورەتر دەربارەی گۆڕانكاری ڕێكخراوەیی، وە قۆناغەكانی وەرگەڕانی لەژیانماندا لە ماوەی سنوری تێگەیشتنمان.

هەواڵنامەی كتێب

# ڕەگەزەکانی گۆڕانکاری

گۆڕانکاری لەلایەنە کارگێری و ڕێکخراوەییەکان روو دەدات، وەڕەنگە گۆڕانکاری لەیەکێك یان لەهەموو ڕەگەزەکان ڕووبدات، هەندێ جار گۆڕانکاری روو دەدات بەپێی لێکۆلینەوەیەکی روو پێوی لەیەك لەلایەنەکانی کارگێڕی، ئەگەر چی وا بەباشتر دەزانرێت کە گۆڕانکاری هەموو بوارەکانی ڕێکخراوەیی، رەفتاری، کارراییەکارگێرییەکان، وە هەرچی پەیوەندی بە ڕێکخستن هەیە بگرێتەوە .

**بەڵام دەکرێت رەگەزەکانی گۆڕانکاری دیاری بکرێت بە:**

١- لایەنەکانی یاسادانان (تشریعی) و سیستم و یاساکان.


٢- لایەنەکانی ڕێکخراوەیی وەك : پەیکەرو پەیوەندییەکان، دابەشکردنی دەسەلآت و بەرپرسیاریەتی، دەسەلآت پێ سپاردن....هتد.

٣- لایەنەکانی پەیوەندار بەشێوازەکانی کار و نەخشەکانی بەڕێوەچوونی کار، نەخشە کارراییەکانی بەڕێوەبردن.

٤- نەخشەکیشانی ماددی و ئەندازەیی بۆ نووسینگەکان و جێگاکانی کار و بەرهەم.

٥- لایەنە مرۆییەکان، واتە هەموو ئەوەی پەیوەستە بەرەگەزی مرۆیی، لەبەهاوپەیوەندییەکان، راهێنان و گەیاندنەکان، هاندان و سەرکردایەتی...

# بوارەکانی گۆڕانکاری



# کۆڵەکەکانی گۆڕانکاری

کۆڵەکەی یەکەم ← خەیال و داهێنانی مرۆیی

کۆڵەکەی دووەم ← ژیری و بەرهەمی نەقلی مرۆیی

کۆڵەکەی سێیەم ← پاڵنەرو ئارەزوو لەبەجێ گەیاندنی مرۆیی

کۆڵەکەی چوارەم ← سەرکردایەتی و رزگاری کارگێری مرۆیی

کۆڵەکەی پێنجەم ← تیمی هاوکاری کردنی کارای مرۆیی

کۆڵەکەکان لەهەموو بارێکدا بریتین
لە دەرامەتی مرۆیی

نەك هێزی ماسولکەیی
یان کارامەییە دەستیەکان

بەڵام ←

هێزی مێشکی و
کارامەییە ئەقلیەکان

هەواڵنامەی کتێب

# بوارەکانی کرداری گۆڕانکاری

کرداری گۆڕانکاری شەش بواری سەرەکی هەیە پێویستە درکیان پێ بکرێت وە چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵیاندا بزانرێت، وە ئەم ڕەگەزانە:

**١- گۆڕەر ( المغير ) :**

ئەوەی داوای کرداری گۆڕانەکان دەکات ودبانگەوازی بۆ دەکات وە دەس دەکات بەبەکار هێنانی و پەرەی پێ دەدات ئەو بنچینەی گۆڕانکاریەکەیە. لێرەدا جێگای سەرنج ڕاکێشانە کەبەشێوەیەکی باو مامەڵە لەگەڵ چوار جۆر لە گۆڕاوەکان دەکرێت ئەوانیش :

**أ ) گۆڕاوی هێزی ئەمە وەک باوە :**

- لەواتا دەگەڕێت.
- پێویستی بەتێکەڵ بوونی کەسێتی هەیە لەو بیروڕایە گۆڕانکاریانەی دەخرێتە ڕووی.
- لایەنگیری گوێگرتن و بەشداری بیروباوەڕەکانی ئەوانی تر دەکات.
- بەهەستەوە درك دەکات وە بەڕامانەوە چارەسەر دەکات.
- بەزۆری گرینگی بەوپرسیارانە دەدات، وەك :

بۆ ...؟ بۆ نا ...؟

**ب ) گۆڕاوی ئەقڵانی، ئەمە وەک باوە :**

- لەڕاستیەکان دەگەڕێت.
- پێویستی بەزانینی ئەوە هەیە کە چۆن ئەوانی تر بیردەکەنەوە بۆ شیکردنەوەی بیرو بۆ چوونەکانیان.

کەوڵنامەی کتێب

- لەتێڕوانین بۆ بیرورا رووتەکان چێژ وەردەگرێت.
- درك بیکردنی رووت وە چارە سەرکردن بەبیر کردنەوە.
- بەردەوام گرینگی بەوپرسیارانە دەدات کەپەیوەندە بەڕاستی شتەکان وەك : بۆ ...؟

ج) گۆڕاوی بەجێهێن نەوە وەك باوە :

- دەربارەی هۆکارەکانی گەیاندن دەکۆڵێتەوە، نێوان ئەوبیرو باوەرە گۆڕانکاریانەی بۆی باس دەکرێت وەنێوان جیهانی واقیعی.
- پێویستی بەزانینی ئەوە هەیە کە شتەکان چۆن کار دەکەن.
- لایەنگیری تاقیکردنەوەی تیوردکان دەکات بەو شێوازانەی بەجیهانی تایبەتی خۆی دەیان بە ستێتەوە.
- درك بەزانیاریەکان دەکات بەڕووتی وەچارە سەری دەکات بە شێوەیەکی کرداری (جێ بەجێ کردن).
- بەزۆری گرینگی بەو پرسیارانە دەدات وەك : چۆن ..؟

د) گۆڕاوی ماددی نەمە وەك باوە :

- دەکۆڵێتەوە لەتواناکانی پیادەکردنی ڕاستەو خۆ بۆ ئەوەی فێری دەبێت .
- پێویستی بەزانینی ئەوە هەیە کەیەکەم جار چی بەشتەکان بکات، پێش هەوڵدان بۆ تێگەیشتنی لەرووی تیۆری.
- لەرێگای تاقیکردنەوەو هەڵەدا فێر دەبێت، واتا بەزۆری هەوڵی دۆزینەوەی خودی دەدات.

- زانیاریەکان بەهەست درك پێ دەکات و بەکردەوە چارەسەری دەکات (جێ بەجێ کردن) .

**٢ ) لایەنگیری**

ئەو کەسەی لاینگیری کرداری گۆڕانکاریەکە دەکات. وەدەکرێت بەکاری بهێنێ یاخود بەشداری بکات لە داواکردنی.

**٣ ) بێ لایەن :**

ئەو کەسەی هیچ بیروڕایەکی پێك نەهێنا یان رازی بوون بە هەڵوێستێکی ئاشکرا بەرامبەر کرداری گۆڕانکاریەکە.

**٤ ) بابەت :**

ئەو شتەی گۆڕانی بەدی دێت. ودردنگە لەبنەماو ئاست و هەنگاودکانی گۆڕانکاری خۆی بنوێنی.

**٥ ) بەرهەڵستکار :**

ئەو کەسەی بەکرداری جێ بەجێکر١نەکە رازی نابێت. وە هەوڵی سەرنەکەوتن و لەناوبردنی دەدات یان دوا خستنی و شێواندنی.

**٦- بەرهەلستی کردنی گۆڕانکاری :**

واتا ئەو پیادەکاریانەی کە دەکرێت سەر کردەکانی گۆڕان و لایەنگرانی بەکاری بهێنن بۆ دەستەمۆ کردنی بەهەڵستی کردن یان لەناو بردنی و کۆتایی پێ هێنانی.

بڕ :

# بنەماو سەرەتاکانی گۆڕانکاری

١- بەرجەستەکان بەتێکڕایەکی خێراتر گۆڕانکاریان بە سەر دادێت لەبیرو باوەڕەکان .

٢- چەندی گۆڕانکارییەکان قەبارەیان کەمتر بوو ئەوەندە پەسند کردنی بە تێکڕایەکی خێرا تر دەبێت.

٣- بوارەکانی سەرکەوتنی گۆڕانکاری زیاتر دەبێت ئەگەر گروپی کارکردن لە پسپۆرو راوێژکاران بەردەست بوون.

٤- تاکەکان لەگەڵ گۆڕانکاری کار لێکردنیان دەبێت وە رازی بوونیان زیاتر دەبێت بۆی چەندی ڕێگای گفتوگۆ کردنیان بۆی گەورەتر بێت.

٥- هەموو گۆڕانکاریەك نرخێکی هەیە، بۆیە دەبێت نرخی گۆڕانکاریەکە بدەیت یان نەبوونی گۆڕانکاری.

٦- چەندی خەڵکی خواست و ئاستی رۆشنبیریان بەرز بۆوە ئەوەندە ئامادەکاریان بۆ گۆڕانکاری گەورەتر دەبێت.

٧- چەندی گۆڕانکاریەکان قەبارەیان کەم بوو، ئەوەندە پەسند کردنیان بە تێکرایەکی خێراتر دەبێت.

٨- چەندی گۆڕانکاری هەرەشە لەبەرژەوەندییەکانی ئەوانی تر نەکات ئەوەندە پەسند کردنیان بۆی زۆرتر دەبێت.

٩- رەخنە لەکرداری گۆڕانکاری وەبەرهەڵستی کردنی هەندێ لایەنەکانی رواڵەتێکی دروستە، پێویستە باش سوودی لێ وەربگیرێت و لەناو نەبردرێت.

١٠- چەندی گۆڕانکارییەکە تاقی کراوە بوو، ئەوا زیاتر جێگای پەسند کردن دەبێت.

# ئامانجەکانی گۆڕانکاری

کرداری گۆڕانکاری بەشێوازێکی سەرپێی و لەخۆیەوە بەدی نایەت، بەڵکو بریتیە لە کردارێکی ئامانجدارو دارێژراو، وە لەئامانجەکانی بەرنامەکانی گۆڕانکاری و پەرەپێدانی ڕێکخراودیی ئەمانەی خوارەوەن:

١- زیاد بوونی توانای ڕێکخراوەکە لەڕووی مامەڵەکردن و خۆگونجاندن لەگەڵ ژینگەی دەوروبەر وەچاك کردنی توانای مانەوەو گەشەپێدان.

٢- زۆر بوونی توانای ئۆرگانەکە لەهاوکاری کردنی نێوان گروپە پسپۆڕەکانی و لەپێناو جێ بەجێ کردنی ئامانجە گشتیەکانی ئۆرگانەکە.

٣- یارمەتیدانی تاکەکان لەسەر دەست نیشانکردنی کێشەکانیان وەهاندانیان بۆ بەدی هێنانی گۆڕانکاری و پەرەپێدانی پێویست.

٤- هاندانی کارمەندان بۆ جێ بەجێ کردنی ئامانجە ئۆرگانیەکان و بەدی هێنانی ڕەزامەندی فەرمانبەرێتی بۆیان.

٥- ئاشکرا کردنی ململانێیەکان بەمەبەستی بەڕێوەبەردن و ئاراستە کردنی بەجۆرێك لەبەرژەوەندی ئۆرگانەکەدا بێت.

٦- خوڵقاندنی کەشێك لەباوەڕو کرانەوە لەنێوان کارمەندان و گروپەکانی کار لەئۆرگانەکە.

٧- بەتوانا کردنی بەڕێوەبەرەکان لەپیادە کردنی شێوازی کارگێری بەردو ئامانجەکان لەجیاتی شێوازی کارگێڕی باو و کۆن.

٨- یارمەتی دانی ئۆرگانەکە بۆ چارەسەر کردنی ئەو کێشانەی ڕوو بەرووی دەبنەوە لەماوەی ئامادە کردنی زانیاریەکان دەربارەی کردارە جۆراو جۆرەکانی ئۆرگان وە جێ بەجێ کردنیان.

٩- کارکردن بۆ بەدی هێنانی سیستمێکی زیندو لەئۆرگانەکە یان گواستنەوەی ئۆرگانەکە لەو سیستەنامێرکایەی هەیە لەسەر چڕکردنەوەی دەسەڵات و بەشداری نەکردن لەوەرگرتنی بڕیارەکان وە کە کارراییەکانی کارو بنەماکانی تیادا زۆر دەبن وە لەسەر شێوەی پاڵنانی کارمەندان بۆ کارکردن بەبەکار هێنانی بەرنامەی سزاو پاداشت بەرەو سیستمێکی زیندو کە هەستابێت لەسەر لامەر کەزیەت لە دەسەڵات و بەشداریکردن لەوەرگرتنی بڕیارەکان و داخزانی گەیاندنەکان و ئاڵ و گۆڕکردنی لەهەموو ئاراستەکان، وە هاندانی تاکەکان بۆ کار کردن بەبەکارهێنانی سیستمی پاداشت کەبایەخ بەکارتێکردنە لەبارەکان دەدات نەك سزا، وە هانی چاو دێری خۆیەتی دەدات، بەواتایەکی تر گواستنەوەی ئۆرگانەکە لەسیستمی بیروکراسی بەرەو سیستمێکی زیندوو.

١٠- گۆڕینی ڕەفتارەکانی تاکەکانی (کارمەندان) ئۆرگانەکە بۆ گونجاندنی لەگەڵ ئەو گۆرانکاریانەی ڕوویداوە لەو بارو دۆخەی بەدەوری ئۆرگانەکە دایە، وەك گواستنەوە لەکارکردن بەشێوەی تاك بەرەو هاندانی کاری بەکۆمەڵ لەسەر شێوەی تیمی کاری بەکۆمەڵ.

١١- بەهێز کردنی پەیوەندی و پەیوەستی و هاوکاریەکانی نێوان ئەندامی ئۆرگانەکە .

١٢- كۆتایی پێهێنانی ئەو ململانێیانەی کە لەناو ئۆرگانەکە روو دەدەن، بەبەکار هێنانی شێوازەکانی رووبەروو بوونەوە یان رێگای چارەکردنی کێشەکان و بەکار هێنانی ئامانجە بالاّ هاوبەشەکان لەجیاتی بەکار هێنانی دەسەلاّتی تاك لە کارگێڕی بالاّ، بۆ وەرگرتنی بڕیاری چارەسەرکردنی ململانێەکانی نێوان گروپەکانی کار.

١٣- کارپێکردنی تەکنیکی نوێ لەسیستمی تەکنولۆژیای ئۆرگانەکە بەرێگایەکی دروست تاکەکان هەموویان پێی رازی بن، هەروەها بەجێهێنانی هەموارکردنە پێویستیەکان لە سیستمەکانی ناوخۆی ئۆرگانەکە کەبۆ سەرکەوتنی گۆڕانکاری تەکنۆلۆژی پێویستە.

١٤- پەرە پێدانی کارراییەکانی کار لەئۆرگانەکە بەشێوەیەك یارمەتی ئاسانکردن و بەجێ گەیاندنیان بدات لەکەمترین کاتی گونجاودا.

١٥- زۆر بوونی توانای تاکەکان لەسەر روو بەروو بوو نەوەی ئاشکرا و دەرخستنی زانیاریەکان لەجیاتی شاردنەوەیان، وەزۆر کردنی راستگۆیی تاکەکان لەکاتی پەیوەندییان بەیەکەوە .

١٦- زۆر هاندانی تاکەکان بۆ کارکردن، بەبەکارهێنانی سیستمی پاداشتی کارا.

١٧- گۆڕینی جۆرەکانی سەرکردایەتی کردن لەئۆرگانەکە، لە جۆرەکانی بیروکراسیەوە بەردو ئەو جۆرانەی گرینگی بەکارمەندان ددات وەبەبەشداریکردنی کارمەندان لەوەرگرتنی بریارەکان.

# ئاستەکانی گۆڕانکاری

**ئێرەدا چوار ئاستی گۆڕانکاری هەیە :**

١- **زانست :** وە ئەمە بریتییە لە زانینی ئەو بیرۆکەیە یان پرۆژەی گۆڕانکارییەکە، وە بواره جیاوازەکانی و ئامانجە جۆراو جۆرەکانی.

٢- **ئاراستەکردن :** لێرەدا پێویست بە پەسند کردنی گۆڕانکارییەکە دەکات بۆ ئەوەی تاک ئاراستە کردنی لەبارو خۆتێن گەرمی بۆ ئەم گۆڕانکارییە لا دروست ببێت.

٣- **ڕەفتاری تاکانە :** بریتییە لەو ڕەفتارەی ئامادەیە بۆ باوەڕ بە گۆڕانکارییەکە دەکات و ڕازی بوون و پێداگرتن لەسەر جێ بەجێ کردنی.

٤- **ڕەفتاری بەکۆمەڵ :** بریتییە لە پەسند کردنی بیرۆکەی گۆڕانکاری لەلایەن گروپەکە، وە داوا کردن و کار پێکردنی وە پلانی گۆڕانکارییەکە دەبێتە ڕەفتارێکی بەکۆمەڵ.

**خشتەی خوارەوە ئاستەکانی گۆڕانگاری روون دەکاتەوە بەپێی پلەکانی :**

**ئاستەکانی گۆڕانکاری پۆلین کراو بەپێی پلەی گۆڕانکاریەکە**

| ئاست | پلەی گۆڕانکاری | ئاستی کرداری ستراتیژی | ئاکارەکان |
|---|---|---|---|
| ١ | باری داهاتوو | ڕەنگە بەکردەوەدو ستراتیژی بێت. | لەئەرك بەجێهێنانی باو هیچ گۆڕانکاریەك نابێت. |
| ٢ | گەڕانەوەی بەرهەم هێنانێکی فراوان | بنچینەیەکی کردەوەیی دەبێت. | گۆڕانکاریەکە بەرهەمێکی زۆرتر لە هەمان بەرهەم هێنراو دەگرێتەوە (کالا یان خزمەتگوزاری) |
| ٣ | گواستنەوەی گەشەپێدان | دەبێتە بنچینەیەکی ستراتیژی . | گۆڕانکاری روو دەدات لەسنوری باوی دامەزراوەکە، (گۆڕان، لەگەڵ پارێزگاری کردنی پەیکەری هەبوو، تەکنولوژیا...هتد) |
| ٤ | گۆڕینێکی شۆرشگێری | بەزۆری ستراتیژی دەبێت. | گۆڕانکاری، گۆڕین و دوبارە کردنەوەی پێناسەی سنوری هەبوو دەگرێتەوە وەردنگە پەیکەرو تەکنولۆژیا گۆڕانی بەسەردا بێت، وەك نموونە. |

هەواڵنامەی کتێب

# پێداویستیەکانی گۆڕانکاری

**گرینگترین پێداویستیەکانی گۆڕانکاری**

**خۆی لەم خاڵانەی خوارەوە دەنوێنێ:**

**١- دەسەڵات :**

بۆ ئەوەی گۆڕانکاریەکە شێوەیەکی یاسایی وە ربگرێت، وە بۆ زانین دەکرێت دەسەڵات بەرازی بوون یان وەرگرتن بەدەس بهێنرێت، وەرازی بوون رەنگە بەبەلگەو سەلماندن بێت یان بەجیاوازی زیانەکان بێت کە تووشی خاوەن دەسەڵات دەبێت ئەگەر گۆڕانی بەسەردانەیەێت.

**٢- ئازار :**

هەست کردن بەوەی واقیع زۆر بەئێش و ئازارە، بەجۆرێك ئەگەر ئەوانی بەکاری گۆڕانکاری هەڵدەسن هەست بەناخۆشی واقیع نەکەن ئەوا پەرۆشیان لەئاست گۆڕانکاریدا سارد دەبێت.

**٣- رامان :**

بەوەی سەرکردەکانی گۆڕانکاری بۆ چوونی روونیان بۆ ئایندەی پڕ هیوایان هەبێت.

**٤- تێروانینی دوور :**

بەوەی سەرکردەکانی گۆڕانکاری تێگەیشتن و درك پێکردنیان ئاشکرا بێت بۆ ئاسەوارەکانی ئایندەی کرداری گۆڕانکاری.

**٥- داهاتەکان :**

لەبەر ئەوەی جێ بەجێ كردنی سەر كەوتوانەی گۆڕانكاری پێویستی بەداهات و توانای ماددی و مرۆیی دەبێت.

٦- هەستیاری :

ئەمە بریتیە لەتێگەیشتنی هەستەكانی هەموو لایەك لەلایەنگرو ركابەر وە سۆزنواندن لەگەڵیاندا.

٧- قەبارە :

درك پێكردنی تەواوی قەبارەی ئەو گروپەی كە كرداری گۆڕانكاریەكە كاریان تێدا دەكات.

٨- بەشداری جەماوەر :

بوونی تواناو ویست لەپەیدا كردنی سۆزداری پێویستی جەماوەر بەردو ئاراستەی گۆڕانكاریەكە.

٩- بەشداریكردنی تایبەت :

ئەمە بریتیە لەئارە زوو توانای چاوپێكەوتن بەكەسانی كاریگەر كە توانای پشتیگری كردن یاخود دووبارە كردنەوەی گۆڕانكاریەكەیان هەیە.

١٠- پێ سە پاندن و ترساندن :

بریتیە لەئامادە بوون و توانای هاندانی پەیوەندارانی گۆڕانكاری وە پاداشت كردنیان هەروەها توانای هەڕەشەكردن لەبەر هەڵستكارانی گۆڕانكاری و سزادانیان.

١١- چاو دێری پلانەكان:

بریتیە لە پابەندبوون بەچاو دێری كردنی ئەرك بەجێ گەیاندن لەكاتی پرۆسەی گۆڕانكاری و دیاریكردنی كێشەكان و هەوڵی چارەسەركردنیان .

هەواڵنامەی كتێب

**١٢- خۆ بەخت کردن :**

بریتیە لە ئامادە بوون بۆ هەڵگرتنی ئاکامەکانی کرداری گۆڕانکاری و باج دانی .

**١٣- پێداگرتن :**

بریتیە لەسەر بەردەوام بوون لەپرۆسەی گۆڕانگاری وە نەبوونی دڵەڕاوکێ یان کشانەوە.

هەواڵنامەی کتێب

# شێوەکانی گۆڕانکاری

لێرەدا چەندین دابەشکردنی گۆڕانکاری هەیە کە هەندێکیان باس دەکەین :

١- **بەشی یەکەم:** بەپێی ڕەنجەکانی گۆڕانکاری :

دەکرێت تەماشای جۆرەکانی گۆڕانکاری بکەین لەسەر بنچینەی گرتنەوەی ئەو هێزو توانایانەی کە گۆڕانکاری متمانەیان لەسەر دەکات، لەم ڕووەوە دەکرێت ئەم جۆرە گۆڕانکاریانە دیاری بکەین:

**أ) گۆڕانکاری لەسەر ئاستی ئۆرگانەکە .**

**ب) گۆڕانکاری لەسەر ئاستی کار لەیەکردن لەنێوان تاك و ڕێکخستن.**

**ج) گۆڕانکاری لەسەر جۆری کاری بەتاك.**

**د) گۆڕانکاری لەسەر ئاستی پەیوەندییە کەسایەتیەکان.**

هەولێر ئامادەی کتێب

أ) گۆڕانکاری لەسەر ئاستی ئۆرگانەکە :

ئەم جۆرە گۆڕانکاریە بەگشتگیری خۆی دەنوێنێ، هەموو ئاستە کارگێڕییەکان دەگرێتەوە لەماوەی بەکار هێنانی ڕووپێوەکان بۆ واقیعی ڕێکخستن و کۆبوونەوەکانی ئاشکرا کردنی ڕاستیەکان و تۆڕی کارگێڕی.

ب) گۆڕانکاری لەسەر ئاستی کار لەیەکردن لەنێوان تاك و ڕێکخستن.

ئەم جۆرە گۆڕانکاریە پێداچوونەوەی نەخشەکێشانی فەرمانبەریەکان یاخود ئەرکەکان دەگرێتەوە، بەجۆرێك کە بگونجێت لەگەڵ تواناو ئارەزووەکانی

کارمەندان، وەگۆڕینی جۆری وەرگرتنی بڕیارەکان، شیکردنەوەی ڕۆڵەکان و بەدووا داچوونی کارگێری بۆ ئامانجەکان.

ج) گۆڕانکاری لەسەر جۆری کاری بەتاك.

ئەم جۆرە لەگۆڕانکاری بەدی دێت لەماوەی پیادەکردنی جۆرێك لەراوێژو بەشداری پێکردن، وەپەنا بردن بۆ لایەنێکی سێیەم بۆ پێشکەشکردنی شارەزایی، وە پێك هێنانی تیم، وە سوود وەرگرتن لەجۆرەکانی شیکردنەوەی کێشەکان بەهۆی تیمەوە، وەچاك کردنی جۆری پەیوەندییەکانی نێوان دام و دەزگاکان و بەشە جۆراوجۆرەکان.

د) گۆڕانکاری پەیوەندییە کەسایەتیەکان.

ئەمە بەدی دێت لەماوەی پلاندانانی دروست بۆ کارکردن بەو پێیەی پیشەێکە تاك بەکاری دێنێت لەماوەی ژیانیدا، هەروەها بەکار هێنانی ڕاهێنانی تاقیگەیی و گروپەکانی ڕووبەڕووبوونەوە.

٢- دابەشکردنی دووەم : بەپێی پلان دانان و خۆ کردی :

أ) گۆڕانکاری خۆ کردی (بێ پلان) :

ئەم جۆرە گۆڕانکاریە بەشێویەکی خۆیی پەیدادەبێت بەهۆی فاکتەرە سروشتی و بایۆلۆژیەکانەوە بێ دەس تێوەردانی مرۆڤ.

ب) گۆڕانکاری بەپلان

ئـەو جـۆرە گۆڕانکاریـە دەنـوێنێ کەبەشـێویەکی نەخشەکێـشراو روو دەدات بەپێی پێداویستیەکانی جێ بەجێ کردنی ئامانجە گشتیەکان یان تایبەتیەکان لەخودی ئۆرگانەکـە، وەبـەکارێکی خۆویـستانە لەمرۆڤـەوە، وەبەپلـەی جیـاواز لـەدەس تێوەردانەکـەی، (سـکینز) ئـەم جـۆرە گۆڕانکاریـەی پێناسـە کـردووە بەوەی :

**(( ئەو شێوازە خۆویستەیە کە بـەو پێیـە ئۆرگانەکـە دەگۆڕێـت لـەباری ئێـستای بـۆ شێوەیەکی تر لەشێوەکانی پەرەپێدانی چاوەروانکراو )).**

هەروەها (بنس) ئاماژەی بۆ چەمکی گۆڕانکاری لەئۆرگاندا کردووە بەوەی :

**(( بەدەنگەوە هاتنە بـۆ گۆڕانکـاری لەئـەنجامی دانـانی سـتراتیژییەتە رۆشـنبیرییە ئامانجدارەکان بۆ گۆڕینی بیرو باوەڕو بەهاو تێڕوانینەکان و پەیکەری رێکخستن، وە باشتر گونجاندنی لەگەڵ پەرەپێدانی تەکنەلۆژیای نوێ و بەرەنگاریەکانی بازاڕ ))**

لەمەوە بۆمان روون دەبێتەوە کە گۆڕانکاری نەخـشە کێـشراو یـاخود چەمکی پلان دانان بۆ کاری گۆڕانکـاری لەئۆرگانەکـەدا، پێویـستی بەتێگەیـشتن و درك پێکردنێکی تـەواو هەیە بۆ ژینگـەی ئۆرگانەکـە، وەدەس پێکـردن بەشـێویەکی چالاك بۆ ئاراستە کردنی، بەتاك و بەپەیکەرو بەتـەکنولۆژیا، بـۆ جـێ بـەجێ کردنـــی کاریگــەری و لێهــاتوویی، بــەم تێگەیــشتنە گۆڕانکــاری پێویــستی بەشارەزاییەکی تەواوی هەیە بە دیاردە ئۆرگانیەکان و هەروەها ئەو کێـشانەی بـەرەو ڕووی ئۆرگانەکـە دەبێتـەوە، وە وەرگرتنـی ئـەو بڕیارانـەی ئامانجیـان روودانی گۆڕانکاریەکەیە، بۆیە ژینگەی دەرەکی و پێداویستیەکانی هاوسـەنگی ئۆرگـان پێویـست بـەپیادەکردنی ئـەو شـێوازانە دەکـەن کەگونجانـدنی نێـوان

ئۆرگـان و ژینگـە مـسۆگەر دەکـات لەسـەر ڕێگـای پـشت بەسـتن بەشـێوازی گۆڕانکاری و پەرەپێدانی بەردەوامی پەیکەری ئۆرگانی و شێوازەکانی کارو چالاکیەکان، بۆ ئەوەی ئۆرگانەکە مانەوەی بەردەوام جێ بەجێ بکات لەبارو دۆخی ململانێی لەگەڵ ئۆرگانەکانی ترو ڕکابەری توند لەگەڵیدا لەناو بازارەکان.

## ٣- دابەشکردنی سێیەم :

### أ) گۆڕانکاری گشتگیر و گۆڕانکاری لەبەشێك :

ئەگەر پلەی گشتگیری گۆڕانکاریەکەمان وەك پێوەرێك وەرگرت، ئەوا دەتوانین جیاکاری بکەین لەنێوان گۆڕانکاری لەبەشێك کەیەك لایەن یاخود یەك کەرت دەگرێتەوە وەك گۆڕانکاری لەئامێرو کەرەستەکان، وەگۆڕانکاری گشتگیری کەهەموو یان زۆرینەی لایەن و بەشەکانی ئۆرگانەکە دەگرێتەوە.

مەترسی لەگۆڕانکاری بەشێك دەبێتە هۆی پەیدابوونی جۆرێك لەبێ هاوسەنگی لەناو ئۆرگانەکە بەجۆرێك هەندێ لایەن پەرەدەسێنن وە هەندێکیان دووا دەکەون ئەوەش دەبێتە هۆی کەمی کاریگەری گۆڕانکاریەکە.

بۆنموونە گۆڕانکاری لەئامێرەکانی بەرهەم هێنان پێویستی بەگۆڕانکاری لەکردارەکانی بەرهەم هێنان و شێوازەکانی ناردنە بازارو ڕاهێنانی کارمەندان دەکات.

ب) گۆڕانکاری ماددی و گۆڕانکاری ناخی :

ئەگەر بابەتی گۆڕانکاریمان وەك بنچینەیەك وەرگرت دەکرێت جیاکاری بکرێت لە نێوان گۆڕانکاری ماددی (وەك گۆڕانکاری لەپکەرو تەکنۆلۆژیا) وەگۆڕانکاری ناخی (دەروونی و کۆمەڵایەتی) .

بۆ نموونە دەبینین هەندێ لەدامەزراوەکان کەرەستەو ئامێری نوێیان هەیە بەڵام جۆرە رەفتارەکانی کارمەندان و شێوازەکانی کارکردن تیادا هەر شێوە باوەکەیە، ئەم جۆرە گۆڕانکاریە شێوەو ڕووکەشەکەی گرتۆتەوەو هیچ کارانیە.

ج) گۆڕانکاری خێراو گۆڕانکاری پلەبەپلە :

جۆرێکی تری گۆڕانکاری [illegible] بەپێی خێرایی، ئەم جۆرە گۆڕانکاری لەسەر خۆو گۆڕانکاری خێرا دەکری[illegible] سەرەڕای ئەوەی کە گۆڕانکاری لەسەرخۆ (پلە بەپلە) زیاتر چەسپاو تر دەبێت لەگۆڕانکاری خێراوکتوپڕ بەڵام دیاریکردنی خێرایی گونجاو بۆ ڕوودانی گۆڕانکاری متمانە دەکاتە سەر سروشتی بارو دۆخەکە.

# بابەتی خێرایی و لەسەر خۆ لەگۆڕانکاری

سەختترین بڕیار کەپێویستە سەر پەرشتیاران وەری بگرن ئەوەیە کە ئایا گۆڕانکاریەکە بەخێرایی جێ بەجێ دەکەن یان لەسەر خۆ، وەسەختی ئەم دیاریکردنە لەوەدایە کەجێ بەجێ کردنەکە دەکرێت بەو جۆرە بێت کەبەڕێوەبەرەکانی دیانەوێت، وە وەڵامێکی چاکتر لەنێوان هەردووڵانیە، بۆ یەلێرەدا سوودوو زیانی هەر ستراتیژیەتێك بەرچاو دەخەین، وە ئەو هۆکارانەی کە پێویستە بە ڕەچاو وەربگیرێت لەکاتی هەڵبژاردنی هەر یەکەیان .

- **پەلە کردن لەجێ بەجێ کردن :**

بەکار هێنانی پەلە کردن لەجێ بەجێ کردنی گۆڕانکاری متمانە دەکاتە سەر دان پیانراوێك، ئەویش ئەوەیە : لەبەر ئەوەی ئاسانی ڕوودانی گۆڕانکاریەکە گەورەیە هەر چەندە گۆڕانکاری هەر ڕوو دەدات، بۆیە ئەمە خەڵکی ناچار دەکات کە بەخێرایی خۆیان بگونجێنن، وەئەگەر جێ بەجێ کردنی گۆڕانکاریەکە لەسەر خۆ بوو ئەوا خەڵکی لەسەر ڕەفتاری کۆنیان دەمێنێنەوە لەجیاتی بەکار هێنانی ڕەفتاری نوێ، وەلەبەر ئەوەی ڕاچەنینەکە هەر ڕوو دەدات واباشترە کۆتایی بەئێش و ئازار بهێنرێت لەجیاتی مانەوەی بۆ ماوەیەکی درێژ.

ئەم سەرەتایە (چوونە ژوورەوەیە) (پەلە کردن لە گۆڕانکاری) داکۆکی لەسەر ئەوە دەکات چەند کرداری جێبەجێ کردنەکە درێژخایەن بێت، ئەوەندە

هەلی گەورە (کات) بەدەس خەڵکەوە دەبێت بۆ تێک دانی گۆڕانکاریەکەو پوچەڵ کردنی کاریگەریەکەی.

بەم جۆرە پێویستە هەندێ گۆڕانکاری بەپەلە جێ بەجێ کرێت بەپێی دۆخەکە.

بۆ نموونە لەوڵاتی سوید کاتێ جۆری ئۆتۆمبیل لێخورینیان گۆڕی لە چەپەوە بەرەو ڕاست ئەوە بەپەلە جێ بەجێ کرا، بەڵام ئەگەر گۆڕانکاریەکە لەسەر خۆ بووایە ئەوا ڕوودواوی ترسناك ڕوویدەدا بێ گومان.

وەکاتێ لەبریتانیا سیستمی دراویان گۆڕی لەپاوەندەوە بۆ سیستمی سەدی، ئەوە بەپەلە جێ بەجێ کرا، ئەگەرنا زۆر کاری نارێك لەناو خەڵکی ڕوویدەداو دەبووە ئاژاوە لەمامەڵەکردن بەدراو ئەگەر بەشێوەیەکی لەسەر خۆ بووایە.

- **لەسەر خۆیی لەجێ بەجێ کردن:**

بنەمای سستی لەجێ بەجێ کردنی گۆڕانکاری متمانە دەکاتە سەر (دان پیانراوێك) کەئەویش بریتیە لە :

(( خەڵکی گونجاندن لەگەڵ گۆڕانکارییەکان بەزەحمەت دەبینن، بۆیە گۆڕانکاری لەسەرخۆ کاتیان دەداتێ بۆ ڕاهاتن لەسەر چەند قۆناغێکی بچووك لە جیاتی ئەنجام دانی گۆڕانکاری گەورە لەیەك کاتدا.

وە ئەگەر کرداری دابەشکردنی ڕووداوەکانی گۆڕانکاریت بەکار هێنا ئەوا ڕادەی دڵەڕاوکێ زۆر کەمتر دەبێت لای خەڵکی، وەقۆناغێك جێ بەجێ ناکرێت پێش جێ بەجێ کردن وفێر بوونی کار کردن لەقۆناغی پێشوتر ))

هەوڵنامەی کتێب

هەروەها لەسوودەکانی بەشوێن کەوتنی ڕێگای لەسەر خۆ لە گۆڕانکاری، دەرفەتت بۆ دەڕەخسێنێ بۆ هەستان بەچاکسازی لەو گۆڕانکاریەی ڕوویداوە وەلەماوەی جێ بەجێ کردنەکە.

وەپاش چەند قۆناغێك لەجێ بەجێ کردن، دەکرێت بەڕێوەبەر پێویستی بەچاکسازی هەبێت بخرێتە سەر جێ بەجێ کردنی گۆڕانکاریەکە.

ئەمە دەرکەوتنی دەرەنگ ئاشکرا نابێت ئەگەر گۆڕانکاریەکە بەخێرایی جێ بەجێ بکرێت، ئەم ڕێگا لەسەر خۆیە دەرفەت دەخاتە بەردەستی بەڕێوەبەر بۆ تاقیکردنەوەی رادەی ڕەزامەندی فەرمانبەران بۆ ئەم گۆڕانکاریە وە ئەگەر بەرهەڵستی کردنی زۆر گەورە بوو، واباشترە پشت گوێ بخرێت یان هەموار بکرێت.

وە بەزۆری ئەم شێوازە بەباشتر دەزانرێت لەبەر ئەوەی ڕێگا بەخەڵکی دەدات بەمانەوەی گەورەترین ئەو شتانەی لایان باوە، لەکاتێکدا شتی ساکار لەگۆڕانکاریە نوێیەکەدا بەکار دەهێنن.

وەبەر هەڵستی بۆ گۆڕانکاری کەم دەبێتەوە ئەگەر لای خەڵکی بوار هەبوو بۆ گەڕانەوەیان بۆ ئەو شتەی کە لەسەری ڕاهاتوون پێشتر .

وەبەم پێیە چەندی تێگەیشتنیان و درك پێکردنیان بۆ هەڵوێستە نوێیەکە زۆرتر بوو پێویستیان بۆ هەڵوێستە کۆنەکە زۆر کەمتر دەبێت.

هەوالنامەی کتێب

## بژاردن لەنێوان خێرایی و لەسەر خۆ لەگۆڕانکاری :

بژاردن لەنێوان هەر دوو ڕێگای خێراو لەسەر خۆی گۆڕانکاری پشت دەبەستێتە سەر ڕادەی پەسند کردنی بەرامبەر لەگەڵ پێویست بوون بۆ خێرایی جێ بەجێ کردن، بەشێوەیەکی گشتی چەندی پێش بینی بەرهەڵستی کردنی گۆڕانکاری زۆر بوو ئەوەندە پێویستی بەجێ بەجێکردنێکی لەسەر خۆ بۆ گۆڕانکاریەکە زیاتر دەبێت.

جێ بەجێ کردنی لەسەر خۆ کاتێکی گەورەتر دەبەخشێتە بەڕێوەبەر بۆ فێر کردنی خەڵکی و ئامادە کردنیان بۆ ڕوودانی گۆڕاکاریەکە، هەروەها دەرفەتی گەورەتری دەداتێ بۆ بەدەست هێنانی پشتگیری ڕاستە قینەو هەست پێکردن لەماوەی کاتەکانی خۆڕاهێنانی سەخت؛

لێرەدا هەندێ هەڵوێست هەیە پێویستی بەڕادەیەکی ئاسان لەرمزامەندی بۆ گۆڕانکاری هەیە، وەگرینگترین هۆکار لەسەر کەوتنی ئەوەیە کە گۆڕانکاریەکە بێ دوواکەوتن جێ بەجێ بکرێت، لەبەر ئەوەی تێچووی جێبەجێ کردنی لەسەر خۆ زۆر گەورەیە.

لێرەدا چەندین هۆکار هەیە کارتێکردنی دەبێت بەسەر بڕیاری شێوازەکانی لەسەر خۆ یان خێرایی لەجێ بەجێ کردنی گۆڕانکاریەکە.

بۆیە پێویستە لەسەر بەڕێوەبەرەکان لێکۆڵینەوەیان هەبێت لەسەر هەموو هەڵویستێك و ئاکارەکانی بۆ ئەوەی بگەنە چاکترین بڕیار.

لێرەدا باسی هەندێ هۆکار دەکەین دەکرێت لەکاتی وەرگرتنی بڕیاری جێ بەجێ کردنی گۆڕانکاریەکە بەرەچاو وەربگیرێت کە پەیوەندی بەخێرایی

جێ بەجێ كردنی گۆڕانكاریەكە هەیە، وە بۆزانین زۆر كەم بڕیارە كەبەپشت بەستن بەپێی یەك هۆكار وەردەگیرێت.

دەكرێت جێ بەجێ كردنی گۆڕانكاریەكە بەخێرایی بێت كاتێ :

- گۆڕانكاریەكە بچووك (ئاسان) بێت.
- لێرەدا رێككەوتنی گەورە لەسەر پێویستی بۆ گۆڕانكاریەكە هەبێت.
- تێچووی جێ بەجێ كردنی گۆڕانكاریەكە بەشێوازی لەسەر خۆ لەسوودەكانی كەم دەكاتەوە.
- جێگای بەیاخ پێدانی هیچ فەرمانبەرێك نیە، وەكاریگەر نابێت بەرووداوەكانی گۆڕانكاری، وە دەكرێت جێ بەجێ كردنی گۆڕانكاریەكە لەسەر خۆ بێت كاتێ :
  - گۆڕانكاریە كە پێویستی بەرووداني گۆڕانكاری زۆر دەبێت لەبیرو بۆچوون و ڕەفتارەكان.
  - بەرهەڵستی كردنی گۆڕانكاریەكە بەهێز دەبێت.
  - ئەگەر چاوەڕوانی ئەوە بكرێت كە پێویستی بەهەموار كردنی پلانە بنچینەیەكە هەیە.
  - لێرەدا رێككەوتنێكی بنەمایی ئاسان دەبێت لەسەر پێویستی بۆ رووداني گۆڕانكاری.

# ئاماژە پێکراوە ڕێکخراوەکانی نیشانەن لەسەر پێویستی بۆ گۆڕانکاری

بۆ ئەوەی کرداری گۆڕانکاری دەس پێ بکات و لەئاستێکی ورە بەرزبن بۆی، پێویستە دەست پێ بکات یان سەر هەڵدات بەپێی چەند دیاردەیەك یان ئاماژە پێکراوێك کەنیشانەی ئەوەبن لەسەر هەندێ کەم و کورتی کە هەیە لەئۆرگانەکە.

وە لەڕاستیدا لێرە ئاماژە پێکراوی زۆر هەیە کەنیشانەی سەرنەکەوتنی ئۆرگانەکەن یان ئاماژە بۆ کەم و کورتیەکان دەکات، وە ڕەنگە زەقترین ئاماژە پێکراوەکان ئەمانەی خوارەوەبن.

١- دابەزینی باری (معنوی) ورەیی و تووش بوونی بێ ئومێدی و خەفەکردن.
٢- زۆری پەرت و بڵاوبوونەوەو واز لێهێنانی ئارەزوومەندانە، بەتایبەتی لەلایەن کەسانی لێهاتوو کاریگەر.
٣- زۆری داوا کردنەکانی گواستنەوە لەناو ئۆرگانەکەیان بەشەکانی .
٤- زۆری و توندی کاررایە تەمیکردنەکان.
٥- زۆری سکاڵاکان یان هەر نەبوونی .
٦- زۆری ڕۆژانی ئامادە نەبوون، یان زۆری ئامادە نەبووان، وە بڵاوبوونەوەی دیاردەی دوواکەوتن و بێ سەرو بەری ڕێکخراوەیی.
٧- زۆری لیژنەکان و کۆبوونەوەکان، توند گرتنی پەیوەندییەکان بەو پێیەی ئەمە پێویستە بۆ کاروبارەکانی تایبەت بەڕێکخستنی چالاکیەکان.

٨- سەرنەکەوتنی کارگێڕی لەدوور خستنەوەی کەسانی بێ توانا، وە لادانی تەمەنی ئەندامانی کارگێڕی بەرەو گەورەیی یان بچووکی.
٩- بڵاوبوونەوەی دیاردەی گوێ نەدان وە بڵاوبوونەوەی هەڵاتن لەبەجێ گەیاندنی ئەرکەکان یان کارنەکردن بەبیانووی بێ پسپۆری.
١٠- دوواکەوتن لەوەرگرتنی بڕیارەکان یان لەیەك نەچوونیان.
١١- زۆر بوونی ژمارەی کارمەندان و هاوکاران و بەڕێوەبەری نووسینگەکان وپیاوانی بواری تر .
١٢- زۆر بوونی بێ ئەندازە لەقەبارەی کاروباری نووسینگەیی، بێ رەچاوکردنی بەدوواداچوونی مەیدانی.
١٣- زۆری و جۆراو جۆری دزیەکان.
١٤- گەورەیی قەبارەی کەرەستە بێ کەلکەکان، یان هەر جۆرە دەس بڵاوییەك لەکەرەستەو ئامێرەکان.
١٥- لاوازی گیانی برایەتی و کۆمەڵایەتی لەنێوان کارمەندان.
١٦- پیادەکردنی ناوە ندێتی وە نەمانی ئەرك پێ سپاردن و لاوازی باوەڕپێکردن بەکارمەندان.
١٧- سەرنەکەوتن لەدۆزینەوەو سوود وەرگرتن لەشارەزایی و تواناو کارامەییە مرۆییەکان .
١٨- سەرنەکەوتن لەجێ بەجێ کردنی ئامانجەکان.
١٩- زاڵ بوونی رکابەروهاوری و دوواکەوتووەکان.
٢٠- رۆتین و نەبوونی پەرەپێدان و لاوازی لەداهێنان.

هەولێرنامەی کوردی

# خاسییەتەكانی گۆڕانكاری

**١- گۆڕانكاری كردارێكی بەردەوامە :**

لەبەر ئەوەی گۆڕانكاری بەدەنگەوە هاتنە بۆ ئەو گۆڕانانەی روویداوە لە بارودۆخی ئۆرگانەكە یان پێش بینی رووداني دەكرێت، وە ئەو گۆڕانكاریانە لەبارودۆخی ئۆرگانەكە بەزۆری لەماوەی نزیك یەكتر وە هەندێكیان لە ماوەی دوور لەیەكتر روو دەدەن بەلاّم لەگەلّ ئەوەشدا دەبێت لەگەلّ رۆژگاردا هەر رووبدات.

لێرەدا پێویست بەرووداني گۆڕانكاری دەكات چەندی ئەو بارودۆخە گۆڕاوە پێویست بەوە بكات، بۆیە گۆڕانكاری كارێكی بەردەوامەوە رووداني تەنها جارێك نیەو بوە ستێت.

ئەوی سەرنجی وردی هەبێت بۆ رێكخراوە جیهانیەكان وەك كۆمپانیاكانی : كۆمپیوتەر، كۆمپانیاكانی كەرەستەی ئەلیكترۆنی، پیشەسازی ئۆتۆمبیل، كۆمپانیاكانی پیشەسازی كیمیاوی، وە بەتایبەتی سەركەوتووەكان.

دەبینین گۆڕانكاری بەشێوەیەكی بەردەوام روو دەدات لەسیستمی ئەم دامەزراوە تەكنۆلوژی - كارگێڕی – كڕین و فرۆشتن، پەیكەرەكانی، وە سیستمی هێزەكانی كار.

## ٢- گۆڕانکاری کارێکی نەخشەکێشراوە :

ئەم خاسیەتە لەسەر بنچینەی دۆزینەوەی ئەوەی پێویستە بۆ گۆڕانکاری هەڵدەستێت کە بەزۆری بەهۆی کێشەکان لەسیستمی ئێستادا روو دەدات، یاخود گۆڕان لەبارودۆخێکدا یان پێش بینی ڕوودانی دەکرێت.

ئەمە واپێویست دەکات کەپلانی گۆڕانکاریەکە دەسکاری بەسەردا بێت بۆ ڕوو بەرووبوونەوەی دۆخەکەو دیاریکردنی کەچی پێویست بەگۆڕین دەکات، وەچۆن دەکرێت بگۆڕدرێت، وەکەی بەئەنجام بگات، تێچوونی چەندە، کێشەپێش بینیەکانی گۆڕانکاری، وەچۆنیەتی زاڵ بوونی بەسەریدا، وە کێ دەبێتە بەرپرسی گۆڕانکاریەکە، وە ئەو سیستمانەی تر چین کەپێویستە گۆڕانکاری تیادا ڕووبدات تاسەر کەوتن مسۆگەر بێت بۆ ئەو سیستمەی گۆڕانکاریەکەی ئاراستەکراوە، وە ئەو ئاکامە چاوەڕوانکراوانە چین لە ڕوودانی گۆڕانکاریەکە.

بۆیە گۆڕانکاری ڕێکخراوەیی بەشێوەیەکی کوێرانە جێ بەجێ ناکرێت وە هەروەها بەخۆ کردی لەگەڵ ڕۆژگاردا بەدی نابێت.

بەڵام گۆڕانکاریەکی نەخشەکێشراوە بەمەبەستی کارپێکردنی لە ئۆرگانەکە.

## ٣- گۆڕانکاری بەرپرسیاریەتی کارگێڕیە :

گۆڕانکاری بەیەك لەئەرکە سەرەکییەکان دادەنرێت بۆ هەموو ئاستە کارگێڕییە جیاوازەکانی ئۆرگان، وەگەر چی کارگێڕی باڵا بەرپرسیاریەتی زیاتر دەبێت لەئاستە کارگێڕییەکانی تری ئۆرگانەکە بەڵام ئەرکی پشتگیریکردنی گۆڕانکاری لە ڕووی ماددی و واتایی دەکەوێتە سەر کارگێڕی

بالاٌ، وە بارگرانی ڕەزامەندی لەسەر پلانەکانی گۆڕانکاری و وەرگرتنی بڕیارە پێویستیەکان بۆ جێ بەجێ کردن و بەشداریکردن لەچارە سەرکردنی کێشەکان کە روو دەدات لەکاتی گۆڕانکاریەکە.

بەلام ئاستە کارگێرەییەکانی جێ بەجێ کردن بەزۆری ئەرکی بەشداریکردن لە پلان دانان و جێ بەجێ کردنی گۆڕانکاریەکە دەکەوێتە ئەستۆیان، هەروەها رووبەڕووبوونەوەی کێشەکانی رۆژانەی گۆڕانکاری و یارمەتیدانی کارگێڕی بە زانیاریە پێویستەکان بۆ سەرکەوتنی پرۆسەی گۆڕانکاریەکە.

بەشێوەیەکی گشتی وا بەچاکتر دەزانرێت بەردەوام گۆڕانکاریەکە بە بەشداریکردنی پیاوانی کارگێری و بەهاوکاری کارمەندان بەدی بێت، وە دەکرێت کارگێڕی داوای هاوکاری بەشێکی پسپۆر لەئۆرگانەکە بکات، یان بەیارمەتیدانی راوێژکارێکی گۆڕانکاری دەرەکی، وە لەهەموو بارێکدا گۆڕانکاری ڕێکخراوەیی دەمینێتەوە لەبەرپرسیاریەتی کارگێڕی، وە بۆ سەرکەوتنی پێویست بەبەشداریکردنی کارمەندان دەکات لەگەڵ کارگێڕی بۆ ئەوەی لەناو ئۆرگانەکە کاری پێبکرێت.

**٤- گۆڕانکاری بنیات نراوە لەسەر تێگەیشتنی سیستمە کراوەکان:**

ئەمە ئەوە دەگەیەنێت کەگۆڕانکاری ڕێکخراوەیی روو دەدات بەهۆی کاریگەربوونی ئۆرگانەکە بەبارو دۆخە دەرەکیەکانەوە، وە ڕەنگە ئۆرگانەکە هەوڵ بدات کار بکاتە سەر بارو دۆخە دەرەکیەکە بۆ ئەوەی ئەو بارو دۆخە دەرەکیە بگونجێت لەگەڵ ئۆرگانەکە.

ئەمەو سەرەڕای ئەوەی کە ڕوو داوەکانی گۆڕانکاری لەیەك لەسیستەمە ناخۆییەکانی ئۆرگانەکە یان هەندێکیان بەزۆری پێویست بەیارمەتیدانی گۆڕانکاریەکان هەیە لە سیستەمە لاوەکیەکانی تری ناو ئۆرگانەکە، تا لەسەر کەوتن یارمەتی بدات بۆ کار پێکردنی گۆڕانکاری لە وسیستەمەی یان هەموو ئەو سیستمانەی جێگای مەبەستی گۆڕانکارین.

کارپێکردنی گۆڕانکاری تەکنۆلوژی پەرەسەندو لەسیستمی ئامێرەکانی ئۆرگانەکە بەزۆری پێویستی بەرووودانی گۆڕانکاریەکان دەکات لەسیستمی پەیوەندییەکان کاردا ، وە لە سیستمی کرێ، وەلەسیستمی شێوەی کارکردن و کارراییەکانی، وە لەپەیکەری ڕێکخراوەیی تا لەتوانادا بێت کە گۆڕانکاری جێگای مەبەست لەتەکنۆلۆژیای ئامێرەبەکار هاتووەکان سەرکەوتوبێت، بۆیە لێرەدا دژوارییەك دەبینین لەگەمارۆدانی گۆڕانکاری لەبواری ڕەفتاری تاکەکان.

## ٥- ئامانجی گۆڕانکاری چاککردنی کاریگەری ڕێکخراوەییە :

مەبەست لەچالاکی ڕێکخراوەیی توانای ڕێکخراوەکە لەجێ بەجێ کردنی ئامانجەکانیەتی بەلێهاتوویی وەتوانای لەسەر مانەوەو پەرەپێدان لەبارودۆخی گۆڕاوی ئۆرگانەکە.

**٦- گۆڕانکاری لەبنچینەدا متمانە دەکاتە سەر بەشداریکردنی کارمەندان لەگەڵ کارگێڕی لەڕووداوەکانی :**

دەکرێت ئۆڕاگانەکە داوای یارمەتی بکات بەڕاوێژپێکردنی هەندێ پسپۆر لەبواری گۆڕانکاری ڕێکخراوەیی، بەڵام لەهەموو بارێکدا پێویست بەبەشداری کردنی نێوان کارمەندان و کارگێڕی دەکات تاسەرکەوتوو بێت.

**٧- کەیەك شێوازی نموونەیی نیە بۆ گۆڕانکاری :**

لەبەر ئەوەی شێوازی گۆڕانکاری و چۆنیەتی بەکار هێنانی دەکرێت جیاواز بێت لەئۆرگانێکەوە تا یەکێکی تر بەپێی جیاوازی بارو دۆخیان، بۆیە بەردەوام پێویست بەئەنجام دانی گەشتێکی شیکردنەوە دەکات بۆ لێکۆڵینەوەی بارودۆخی ئۆرگانەکە و دیاریکردنی کێشەکانی بە شێوەیەکی ورد و پێش دانانی پلانی ئەو گۆڕانکاریەی لەگەڵ بارودۆخی ئۆرگانەکە دەگونجێت کەڕەنگە لەگەڵ ئۆرگانێکی تر کە لەبارو دۆخێکی جیاواز کار دەکات نەگونجێت.

# هۆکارە پاڵنەرەکانی گۆڕانکاری

## ١- پێشکەوتنی زانستی

دامەزراوەکانی فێرکردن لەچەندین قۆناغی جیاواز و تائێستا هۆکاری بەهێزی پێشکەوتن و گۆڕانکاری بوونە، دامەزراوەکانی فێرکردن بەرپرسن لەبەرز بوونەوەی رادەی ئابوری و رۆشنبیری و تەکنیکی لەسەر ئاستی تاکەکان یان نەتەوەکان، ئەوەی لێرەدا بەدی دێت بریتیە لەپێداویستی پاڵنەرەکان و ڕێگای بیرکردنەوەی جیاواز کە دەبێتە هۆی گۆڕانکاری لەژینگەی ئابووری و ڕێکخراوەیی بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو جۆرانەی نوێن لەپێداویستی و ئاراستەکان.

## ٢- پێشکەوتن لەئامرازەکانی گواستنەوەو گەیاندن:

پێشکەوتنی تەکنیکی وە بەشێوەیەکی تایبەت لەئامرازەکانی گواستنەوەو گەیاندن لە دیمەنی جیهانی گۆڕیوە..(ئەلفن تافلەر) لەکتێبە بەناوبانگەکەی (راچەنینی ئاینده) باس لەوە دەکات کەئەم جیهانە گەورەیە بە ئۆقیانوس و دەریاو قارەکانی بۆتە گوندێکی ئەلکترۆنی بچووك ڕووداوەکانی بەشێوەیەکی خێرا دەگوازرێتەوەو دەبیسترێت لەنێوان خەڵکی.

## ٣- گەشە کردنی ڕێکخراوە گەورەکان

تەوژمی دانشتوان کەپەیدا بووە لەئەنجامی کۆچکردنە ناوخۆییەکان یاخود دەرەکیەکان بۆ شارە گەورەکان...هەروەها وەرگەڕانی فەلسەفەو چەمکی رۆڵی

دەوڵەت لەدەوڵەتی پاسەوانەوە بەرەو دەوڵەتی خۆش گوزەرانی، وە هەروەها ڕۆڵی پلانەکانی گەشەپێدان و چی لەگەڵیدا پەیدابووە لەگۆڕانکاری لە پێش بینی و پێداویستیەکان کەبوونەتە هۆی داواکاری گەورەی خزمەت گوزارییە گشتی و تایبەتیەکان... ئەمانە هەموو بوونە هۆی پەیدا بوونی دامەزراوە گەورەکان کەڕوویان لەپسپۆڕی کرد چی لەسەر ئاستی ئاسۆیی بێت یان ئەستونی....ئەم جۆرە پسپۆڕیە خواستی دروست بوونی پەیمانگاو زانکۆو پێداویستیەکانی ڕاهێنانی پەیدا کرد بۆ ئامادە کردنی کادیرە پسپۆڕەکان.

## ٤- ئۆرگانەجیانیەکان :

لەئەنجامی گەشە کردنی ئامرازەکانی گواستنەوەو گەیاندن...وەلەئاکامی کرانەوەی جیهانی بۆ ئاڵ و گۆڕی ڕۆشنبیری و ئابووری لەنێوان زۆر لەدەوڵەتانی جیهانی ئۆرگانەکان نەك تەنها بەقەبارە گەورەیی دەناسرێن، بەڵکو سیمای جیهانیان پێوە دیارە وەك :

- نەتەوە یەکگرتووەکان .
- ڕێکخراوی و وڵاتانی نەوت فرۆش.
- ڕێکخراوی و لاتانی عەرەبی نەوت فرۆش.
- وەزارەتەکانی دەرەوە.
- هێڵی ئاسمانی سعودیە.
- ڕێکخراوی جیهانی ئیسلامی .

ئەو ڕێکخراوانە پەیوەندییەکی گەورەیان بەجیهانی دەرەوە هەیە، وە ئەمە گەیاندنی کەلتورە جیاوازەکان بەیەك دەگەیێنێ...لەگەڵ سیستم و یاسا جیاوازەکان.

### ٥- گۆڕانکاری لە پەیکەری هێزەکانی کار:

لەئەنجامی ئەو هۆکارانەی پێشو، بەڕێوەبەرەکان مامەڵە کردنیان لەگەڵ هێزی کاردا زیاتر بەهۆشیاری و ڕووناکبیریەوە دەبێت...زۆر بەیان پسپۆرن ...ئەمە ئەوە دەگەیەنێ کەئەوانە پاڵنەرو پێداویستیان هەیە کە جیاوازە لەوانی پێشووتر...بۆیە پێویستیەکی زۆر بۆ سیستمێکی هاندانی زیاتر کاریگەر دەبێت...وە بۆ جۆرێکی نوێ لەتێگەیشتن و چارەسەرکردنی کێشەو گفتوگۆکان...تالێهاتووەکان پارێزگاری بکرێن وە تا لەتوانادابێت بۆ ئەم ڕێکخراوانە ئامانجەکانیان بەلێهاتوویەوە جێ بەجێ بکەن.
بۆیە بەهۆی بارو دۆخی ژینگەیی کە ئەو ئۆرگانانە کاری تیادا دەکەن وەبەهۆی گۆڕانکاری خێرا لەبەهاو بیرو بۆ چوونەکانی نێوان کارمەندان زیاتر گرینگی بە گۆڕانکاری دەدرێت.

# گۆڕانکاری لەبەهاو پێوەرە ڕەفتارییەکان

ئەوەی ڕەهەندە شارستانیەکان دەیگرێتەوە لەهەر ئۆرگانێك بریتیە لەبەهاو پێوەرە ڕەفتارییەکان، ڕێکخستنی نافەرمی و تێرکردنی پێداویستیەکەسایەتیەکان و پلەکانی هاندان و هەڵوێستەکانی تاك و گروپەکانی کار، وە پەیوەندییەکانی نێوان تاکەکان و نێوان گروپەکانی کار، وەکار لەیەکردنی مرۆیی نێوان تاکەکان و نێوان گروپەکان.

لەکاتی ڕوودانی گۆڕانکاری، پەرەپێدانی بەهای تاك و گروپەکان، وە پێوەرەکان و پەرە پێدانی کەش و هەواو گۆڕینی هەڵوێستەکانی تاك، وە پەیوەندییەکانی تاك و گروپەکانی کارو پەیوەندییەکانی نێوان گروپە جیاوازەکانی کار، هەمووی ئامانجی زۆربەی شێوازەکانی دەست تێوەردان دەبن.

وە دەکرێت ڕوودانی گۆڕانکاری لەماوەی پێشکەشکردنی باقەیەکی تەواو لە بەها سنووردارەکان بێت بەمەبەستی پەرەپێدانی ئۆرگانەکان و گەشەپێدانی کەلەچەمك و بیرو بۆ چوونە کارگێری و ڕێکخراوەییەکان پشتگیری وەردەگرێت وە کە وەك بیرو بۆ چوونە جیهانیەکان خۆی دەنوێنی و لەم خاڵانەی خوارەوە بەدەردەکەوێت :

- تاك ئارەزووی سەر بەخۆیی هەیە لەکاردا، وە ئازادی لەئەرك بەجێ گەیاندن.
- پێویستە تاك هەلی پێبدرێت بۆ هەڵبژاردنی کارو دەرفەتەکانی حەوانەوە.

- تـاك هـەوڵی تێرکردنـی پێداویـستیە بـەرزەکانی دەدات کـە ویـستە کەسایەتیەکانی بەدی دێنێت وە ئەگەر ویستە کەسایەتیەکانی تـاك لەگـەڵ ویـستە ئۆرگانیـەکان بەریـەك کـەوتن، ڕەنگـە هەنـدێ بـەلای ئەوەدا بچن کە یەکەمایەتی بدەنە پێویستیە کەسایەتیەکان .
- پێویستە لەسەر ئۆرگان کارەکانی خـۆی رێـك بخات بـۆ ئـەوەی رۆڵ و ئەرکەکانی ببێتە جێگای ئامانج و هاندەربێت وەبەمـە دەسکەوتەکان بۆ کارمەنـدان ئامادەدەبێـت، سـەرەڕای هانـدەرە ماددییـەکان و کرێـی داد پەروەرانە.
- جیـــاوازی هێـــزو دەســـەڵات کـــەم دەبێتـــەوە لـــەنێوان ئاســـتە رێکخراوەییـەکان، وە گۆڕانکـاری بـەو ئاراسـتەیە بـەردەوام دەبێـت، لەگـەڵ رەخـساننی هەلبـژاردنی هـەل لـەکار کردنـدا وەپەیـدابوونی دەرفەتی حەوانەوە، بەمـە سـەرکردایەتی زیـاتر متمانـە دەکاتـە سـەر کارتێکردن نەك سەر هێزو خۆسەپاندن.

# ڕوودانی گۆڕانکاریەکان لەرەهەندە شارستانیەکانی ئۆرگانەکە

**دەکرێت ئەمە بەم جۆرە ڕوون بکرێتەوە :**

١- سەرکردایەتی نوێ هەڵدەستیت بەچەسپاندنی بیرو بۆ چوونە نوێیەکان، وەکار دەکات لەبۆ پارێزگاری کردنی بەهاشارستانیە نوێیەکان.

٢- کێشەیەك پەیدا دەبێت کە دژ دەبێت لەگەڵ تێڕوانین و بیرو بۆ چوونی بەڕێوەبەرەکان.

٣- کەم و کورتی ڕوو دەدات لەسیستم و بیرو باوەڕو پێك هاتەکان.

٤- سەرکردایەتی نوێی بەبیروڕاو هزرو چەمکە نوێیەکانەوە ئاشکرا دەبێت.

٥- ململانێیەکان لەنێوان بەهاشارستانیە کۆنەکان و نوێیەکان ئاشکرا دەبێت.

٦- ئەگەر کێشەکە چارە سەرکراو سەرکردایەتی نوێ سەرکەوت بەسەریاندا ئەمە لوتکەی پەرەپێدان دەنوێنێ.

ئەم نموونەیە ئەگەری ئەوەی هەیە کە شارستانیەتی ئۆرگانەکە پەیوەست دەبێت بەگۆڕانکاری لەسەر کردایەتی و سیستەمەکانی وە ئەمە کاردەکات لەسەر چەسپاندنی ئەم بیرو باوەڕو هەڵوێست و بەهایانە.

هەولێرنامەی کتێب

شێوەی خوارەوە جیاوازی نێوان چەمکەکانی گۆڕانکاری لەرەهەندە شارستانیەتەکان و چەمکەکانی گۆڕانکاری لەسیستم و شێوازەکان ئاشکرا دەکات.

| گۆڕانکاری لەرەهەندە شارستانیەکان | گۆڕانکاری لەسیستم و شێوازەکان |
| --- | --- |
| - لەبەهاو پەندو رەفتاری کارمەندانی کە جێگای مەبەستە لە نۆرگانەکە هزرەکە وەردەگرێت. | - لەسروشتی کێشەکان کە نۆرگانەکە پێوەی دەناڵێت هزرەکەی وەردەگرێت . |
| - زەحمەتە یەکلا کردنەوەی. | - دەکرێت یەکلا بکرێتەوە |
| - ئەگەرە بنچینەییەکان دەربارەی رەفتاو بەهای تاکەکان وە چۆنیەتی گۆڕانکاری تیادادەگرێتە خۆ. | - کرداری گۆڕانکاریە پەرەپێدراوەکان لەسیستم و شێوازە بنیات نراوەکان دەگرێتە خۆ. |
| - بایەخ بەچاککردنی چۆنیەتی ژیان لەنۆرگانەکە دەدات. | - بایەخ دەدات بەچاك کردنی بەرهەم هێنان و داگرتنی تێچووەکان بە پێی پێوەرە زانراوەکان. |
| - ناساندنی زانینی کەم و کورتیەکان لەئەگەرە سەرەکیەکانی گۆڕانکاری تاك و ئاسەواری دەگرێتەخۆ. | - ناساندنی زانینی بەڕێوە بردنی کردارەکان دەگرێتە خۆ وە بەدووا یەکدا هاتنی کارراییەکان. |
| - گۆڕانکاری شێوازو سیستمەکانی سەرکردایەتی بەمەرجێکی بنچینەیی دادەنرێت بۆ سەرکەوتن. | - گۆڕانکاری لەشێوازو سیستمەکانی سەرکردایەتی بەمەرجێکی بنچینەیی دادەنرێت بۆ سەرکەوتن. |

هەواڵنامەی کتێب

# ستراتیژییەکانی ڕوودانی گۆڕانکاری لەڕەهەندە شارستانیەتەکان :

- **ستراتیژییەتی ژیری و پیادە کردنی کرداری بنیات نراو لە سەر :**
  - سەپاندنی (بەکار هێنانی) ئەقلانیەتی تاکەکان.
  - خەڵکی ئەوە پیادە دەکەن کەبەرژەوەندیان جێ بەجێ بکات.
  - خەڵکی گۆڕانکاریان لاپەسندە، ئەگەر سوودێکیان لێ بەدەست کەوت.
- **ستراتیژیەتی سیستمی بەهاکانی بنیات نراو لەسەر دووبارە کردنەوەی فێر بوون، بەم گریمانانە.**
  - گۆڕانکاری لەبەهاکان و رەفتار لەکرداری دووبارە بوونەوەی فێر بوون بەدەست دێت .
  - ئاشکرا بوونی بێ کاریگەری بەهاکۆنەکان وە پێویستی دوورکەوتنەوە لێی وە جێگیرتنەوەی بەبەها نوێیەکان.
- **ستراتیژییەتی گوشارو هێز بەو گریمانەیەی کە گۆڕانکاری دەگونجێت و رێك دەکەوێت لەگەڵ خاوەن دەسەڵاتی لاواز وە بە پێی ئارەزووەکانی دەسەڵاتەکانی گەورەترین هێز.**

ئەم شێوەی خوارەوە شێوازەکانی ڕوودانی گۆڕانکاری شارستانی لای تاکەکان ڕوون دەکاتەوە:

## شێوازەکانی ڕوودانی گۆڕانکاری لەرەفتاری تاکەکان

| شێوازی ئەقلانی | سیستمی پیادە کراو | ماوەی کات بۆ ڕوودانی گۆڕانکاری | نموونە لەو سیاسەتانەی پیادەکراوە |
|---|---|---|---|
| تاکەکان ئەقلانیەت ئاراستە دەکرێن بەو جۆرەی بەرژەوەندیە کەسایەتیەکانیان جێ بەجێ دەکات کەی بۆیان ڕوون کرایەوە. | لەماوەی شێوازەکانی کارگێڕی | درێژ خایەن مانگ ساڵ | سیاسەتەکانی فێر بوون، شیکردنەوەی سیستمەکان، ڕاوێژکاریە هونەریەکان |
| پێوەرو سیستمەکانی بەها. تاکەکان لەهەلسووکەوتیان کارتێکراو دەبن بەو بەهایانەی کەلەماوەی جۆرە کۆمەڵایەتیەکان بۆیان دەگوازرێتەوە وە لەناو پەیمانگاو خوێندنگاکانی فێربوون. | لەماوەی پەیوەندییەکانی هاوڕێیەتی وەگروپەکانی کار | ماوەکەی ناوەندییە هەفتە مانگ | ڕاهێنانەکانی هەستیاری ڕێگاکانی چارەکردنی دەروونی - ئاراستە کردنە کەسایەتیەکان |

| | | | |
|---|---|---|---|
| شـێوازەکانی هێـزو ناچار کردن: کاتێ کارێك پێویـست بە ڕەزامەندی یاخود پـشوودان دەکـات، دەربـارەی دۆخـی تاکـەکان لـەڕووی ئابووری و واتـایی بۆ ئـەوەی گۆڕانکـاری ڕووبدات. | کارراییە سیاسیەکان یاخود ئایدیۆلۆژیەکان | کورت خایەن چەند خولەکێك یان چەند ڕۆژێك | بەکارهێنانی یاساو ڕێنماییەکان . |

هەواڵنامەی کتێب

# چۆن گۆڕانکاری ڕوو دەدات لە ڕەهەندە شارستانیەکان

کاتی ڕوودانی گۆڕانکاری لە ڕەفتارو هەڵوێستەکان، بیرو بۆ چوونی باو لەرازی کردنی تاکەکان خۆی دەنوێنێ بەگۆڕینی بیروباوەڕو بەهاکان وە پەسند کردنی هەڵوێستە نوێیەکان کەجێگای خواست بێت.

بەلام ئەو ئەنجامانەی کە هەیە لە گۆڕینی هەڵویستی تاکەکان بۆ بارو دۆخی نوێ بەدەستی نەهێنا، لەبەر ئەوەی تاك لەشوێنی کار کردندا بە کردەوە چۆنیەتی پیادەکردنی ئەم بەهاو بیرباوەڕە نوێیانە نابینێت:

بۆ نموونە : بەڕاهێنراوو تاکەکان دەوترا.

دەکرێت لەهەڵوێستە دژوارەکاندا متمانە بکەنە سەر ژن هەر چەندە ژن لە لەئاست هێزی پیاودا نیە.

بەلام ڕاهێنراو ناتوانێت جێ بەجێ کردنی ئەم ڕەفتارە بەواقیعی و لەشوێنی کاردا ببینێت.

بیری کۆن وای بۆ دەچێت کە هەڵوێستە نوێیەکان پێویستە بکەوێتە پێش گۆڕانکاری لەرەفتاردا، بەلام بیری نوێ بەرەو بە نموونە کردنی ڕەفتار دەچێت، واتا دەس دەکات بەفێر کردنی ڕاهێنراوەکان بەجۆرە ڕەفتارێکی نوێ کەدەکرێت جێ بەجێ بکرێت لەشوێنی کارکردندا وە لەگەڵ هەڵوێستە نوێیە گونجاوەکان ڕێك بکەێت.

بە نموونە کردنی ئەم ڕەفتارە بەدی دێت لەماوەی بەکار هێنان و شیکردنەوەو پیادە کردنی کرداری و چوونە ناو ڕۆڵەکان وە خواردنی گەڕاوە و پشتگیری .

وەکاتی ڕاهێنراوەکان ئەم ڕەفتارەی جێگای پیادە کردنە دەبینن لەچالاکیەکانیان ، وە دەگەڕێنەوە بۆ کارەکانیان بەباوەڕ هێنانەوە بەم تاقیکردنەوە نوێیە، دەس دەکەن بە بەکارهێنانی چالاکیەکانیان لەسەر ڕووناکی ئەو تاقیکردنەوەیە.

هەڵوێستەکان دەگۆڕێت بۆ گونجاندن لەگەڵ ئەم ڕەفتارە نوێیە کە لەسەری ڕاهاتوون، واتە کە ڕەفتاری نوێ دەکەوێتە پێش گۆڕینی هەڵوێستەکان.


**<u>وە بۆ پێڕەو کردنی ئەو ڕووداوە ئەم خاڵانە جێ بەجێ بکرێت:</u>**

- بە نموونە کردنی ڕەفتاری ڕاست.
- بەکارهێنان وچوونە ناو ڕۆڵەکانی ڕەفتاری ڕاست، وە لەم قۆناغەدا ڕاهێنراو بەکردەوە پیادەی ڕەفتاری ئارەزوومەند دەکات وە پشگیری دەکرێت بەخواردنی گەراوە .
- پشتگیری کۆمەڵایەتی بۆ ڕەفتارەکە و پیادە کردنی ڕۆڵەکانی دەبێتە هۆی هاندان بۆ ڕاهێنراوەکان لەسەر بەکار هێنانی دروست .


وە ئەم شێوەی خوارەوە بەم بیرۆکەیە ڕوون دەکاتەوە.

نموونە گۆڕانکاری لەهەڵوێست و ئاراستەکان

**نموونەیەکی باو**



## نموونەیەکی نوێ




هەواڵنامەی کتێب

# فاکتەرە یارمەتیدەرەکان لەړوودانی گۆڕانکاری شارستانی لەنۆرگاندا

- پێویستە تاك هەسە بەپێویست بوون بۆ گۆڕانکاری بکات لە رەفتارو هەڵوێست و ملکەچیەکی بەهێز بۆ گۆڕانکاری وە تەنها بوونی خواست بەس نیە، کرداری گۆڕانکاری تێنا شکێت لەبەر نەبوونی تواناکان بەڵکو بەهۆی کەمی پشتگیرییەوە.
- پێویست بەزانینی ئەو رەفتارە دەکات کە دەمانەوێت بەدەستی بهێنین لەگەڵ ئەو کارامەییانەی پێویستن.
- خولقاندنی بارو دۆخی لەبار کە دەبێتە هاندەری تاکەکان بۆ گۆڕینی پەیوەندییە کەسایەتیەکان و کار لە یەکتر کردنیان.
- بەشدار بیەکی کاراو پشتگیری کردن لەلایەن ئاستە باڵاکان وە یەکگرتنی ئامانجەکانی لەگەڵ ئامانجی تاکە کارتێکراوەکان بەگۆڕانکاری.
- گۆڕانکاریەکی هەڵقوڵاو لەلوتکەوە بەرەو بنکە زۆر تر سەر کەوتوو دەبێت لەو گۆڕانکارییەی سەر دەکەوێت بەرەو لوتکە.
- بازنەی گۆڕانکاری شارستانی ئەو تاکانە بگرێتە خۆی کەگۆڕانکاریان لێ پەیدا دەبێت وە ئەوانی پێویستە رەفتاریان بگۆڕێت وە ئەو شارەزایانەی کە پێشەکە بەکار دەهێنن.
- پاش روودانی گۆڕانکاریەکە و رازی بوون پێی، پێویستە قول بکرێتەوەو بچەسپێ وە پیادەی بەهاو رەفتارو هەڵوێستە نوێیەکان بکرێت وەك کارێکی رۆتینی رۆژانە لەشێوازەکانی کارکردن.

دەبێت لەهەلس و کەوتە خۆییەکانەوە بەرەو بەهاو رەفتارو هەڵوێستە نوێیەکان هەوڵی بناغە داکوتانیان بدەین لەخودیان تا ببێتە کارراییەکی رۆتینی وە بەباوەڕەوە بەکاربهێنرێت بەرێگایەکی هۆشیارانەو ملکەچ بوون بۆ ئامانجەکانی ئۆرگانەکە.

- سەرکەوتنی گۆڕانکاری لەبوارە شارستانیەکانەوە زەحمەت دەبێت ئەگەر بەگۆڕانکاری گونجاو یارمەتی نەدرێت، وەك گۆڕانی هەیکلی رێکخستن یان سیستمی هاندان یان نموونەو رێگاکانی کار لەیەکگردن، هەروەها هانی جێ بەجێ کردنی ئەنجامە ڕاستەو خۆکان دەدات، کە باشتروایە جێگای پێوانەکردن بێت وە لەزۆر بوونی بەرهەم یان کەم بوونەوەی برەپارەی تێچوو یان کاتی کارکردن.

## گۆڕانکاری ئاراستەکان

بێ گومان زۆرن ئەوانەی لەتواناياندایە کە چەندین لاپەرە دەربارەی بابەتی گۆڕانی ئاراستەکان بنووسن، بەڵام زۆر بەداخەوە هیچ چەمکێکی تیۆری نیە کە سەرۆك بتوانێت متمانە بکاتە سەری بۆ تێگەیشتنی خودی پرۆسەی گۆڕانکاریەکەو نەك ئەگەرەکانی سەرکەوتنی یان تێشکانی، بۆیە زۆر لەسەرۆکەکانی تەنها ئەوەندەی بیکەن بریتی دەبێت لەگۆڕینی رەفتاری کارمەندانیان نەك بیرو بۆ چوونەکانیان لەبەر ئاستی یەکەم و سەختی دووەم، بەلام ئێمە لێرەدا رەهەندەکانی تیۆری گۆڕانی ئاراستەکان بەرچاو دەخەین:

**یەکەم** // بێ گومان سروستی تاك بەپێچەوانەیی لەگەڵ بیرۆکەی بەیەکدادان کەلەهەڵوێستێکی ناهاوسەنگی دا دەنێت، بۆیە ئەگەر تاك خۆی بینیەوە لەم جۆرە هەڵوێستە، ئەوا هەوڵی تێکۆشان دەدات بۆ خۆ رزگار کردن لەو بەیەك دادانە تا هاوسەنگی بۆ هەڵوێستەکە دەگەڕێتەوە .


**دووەم** // لایەنەکانی پرۆسەی گۆڕانکاری سێن : ئەوانە " سەرۆك ، کارمەند، بابەتی گۆڕانکاریەکە هەر شتێك بێت " وەك کارکردن لەچەند کاتژمێرێکی دیاریکراو یان زیاد کردنی ماوەیەك بۆ سەرکار، یان رازی بوون بە کاررایی و رێگرە دیاریکراوەکان..هتد.

**سێیەم** // پێویستە سروشتی ئاراستەکانی نێوان ئەم سێ لایەنە تێ بگەین، کەرەنگە پۆزەتیف بێت یاخود نێگەتیف، ئەگەر هەموو بۆ چوونەکان (ئاراستەکان) پۆزەتیف بن (هەروەك لەشێوەی ژمارە -١-) ئەوا هەڵوێستەکە بەهاو سەنگ دادەنرێت، کە ئەم هاوسەنگیە کارێکی پەسندە، ئەمە ئەوە دەگەیەنێت بەنەبوونی هیچ کێشەیەك لای سەرۆك بەرانبەر گۆڕانی ئاراستەکانی کارمەندانی.


بەڵام ئەگەر یەك لەم ئاراستانە پۆزەتیف بێت وە لایەنەکانی تر هەمووی نێگەتیف بن (هەروەك لەشێوەی ژمارە) ئەوا هەڵوێستەکە بە هاوسەنگی دادەنرێت، بەڵام ئەم شێوە هاوسەنگیە کارێکی پەسند نیە، وەهۆی هاوسەنگیەکە لێرەدا ئەوەیە کە کارمەند گوێ بەسەرۆکەکەی نادات ، هەروەها بایەخ بەباتی گۆڕانکاری نادات ئەوەندەی سەرۆك لەبایەخی پێ دەدات، وە لەدوایدا هیچ فشارێکی لەسەر نیە بۆ گۆڕینی ئاراستەکانی .

بەلام هەڵوێستی ناهاوسەنگ دەکرێت بەرەچاو بخرێت کەلەبارێکدا دوو پەیوەندی پۆزەتیف هەبێت و سێیەمیان نیگەتیف بێت، (هەروەك لەشێوەی ژمارە (٣-٤) دایە.

شێوەی ژمارە (١)





شێوەی ژمارە (٢)





هەواڵنامەی کتێب


شێوەی ژمارە (٣)





شێوەی ژمارە (٤)



شێوەی ژمارە (٥)




شێوەی ژمارە (٦)




**چوارەم** // وەلەبەر ئەوە بیرۆکەی گۆڕانی ئاراستەکانی کارمەند بەدی نایێت تەنها ئەگەر سەرۆکەکەی هەوڵدات لەهەڵوێستێکی ناهاوسەنگ دابنرێت (هەروەك لەشێوەی ژمارە /٣— ٤) .

وە بەگوێرەی مەبەستە بنچینەییەکە کەئەویش خواستی تاکە بۆ گەڕانەوەی هاوسەنگی بۆ هەوڵوێستەکە، ئەوا کارمەند بەهەموو توانای هەوڵی رزگار بوون دەدات لەم نا هاوسەنگیە، وە ئەگەر هەڵوێستێکی ناهاوسەنگمان سەپاند هەروەك لەشێوەی (٣) ئەوا گۆڕانکاری بەواتای: یان کارمەند ئاراستەکەی دەگۆڕێت، وەیان سەرۆك ئاراستەی دەگۆڕێت بەرامبەر بابەتی گۆڕانکاریەکە (هەروەك لەشێوەی ٦) وە ئەمە بەواتای سەرکەوتن لە گۆڕانی ئاراستەکان دێت.

وە ئەوی تائێستا وتراوە تەنها لەدانانی بنچینەیەکی تیۆری زیاتر تێپەڕ ناکات کە چۆنیەتی گۆڕانی ئاراستەکانی تاك ڕوون دەکاتەوە، وەبێ گومان پرسیارە گرینگەکە پەیوەستە بەوەی کە ئەگەر ئاراستەکانی تاك گۆڕانی

بەسەردا دێت هەروەك لەشێوەی (٥) یان هەروەك لەشێوەی (٦) دیارە وە ئەمەیە کێشەی پێش بینیە بەئەگەرەکانی سەرکەوتن یان ئەگەرەکانی تێ شکان، وەلەم بارەوە دەکرێت بۆ سەرۆك هەر سەرۆکێك بێت ئەم ڕێنماییانە پێشکەش بکەین.

١- ئەگەر ئاراستەکانی کارمەند بەرەو سەرۆکەکەی بەهێزترو گرینگتر بوو لەئاراستەکانی بەرەو بابەتی گۆڕانکاریەکە، ئەوا ئەگەری گۆڕانی پەیوەندی نێوان کارمەندو بابەتی گۆڕانکاریەکە گەورەتر دەبێت لەئەگەری گۆڕانی نێوان کارمەندو سەرۆکەکەی وە پێچەوانەکەشی ڕاستە.

٢- ئەگەر ئاراستەکانی کارمەند بەرامبەر سەرۆك و بابەتی گۆڕانکاریەکە لەسەر یەك پلە بوون لەڕووی هێزو گرنیگی، ئەوا ئەگەری گۆڕانی ئاراستەکانی بەرامبەر هەریەکەیان لاواز دەبێت، واتا هەڵوێستەکە بەبەستوویی دەمێنێتەوە وەك خۆی.

٣- ئەگەر پلەی ئاشکرایی گۆڕانکاریەکە گەورەتر بوو لەپلەی ئاشکرایی سەرۆك هەروەك چۆن کارمەند دەبینێ ئەوا ئەگەری گۆڕینی پەیوەندی نێوان کارمەندو سەرۆك گەورەتر دەبێت لەوەی نێوان خۆی و نێوان بابەتی گۆڕانکاری وە پێچەوانەکەشی ڕاستە.

٤- ئەگەر لای کارمەند ڕادەیەکی یەکسان لەزانیاریەکان دەربارەی بابەتی گۆڕانکاری و سەرۆکەکەی هەبوو، ئەوا ئەگەری ڕوودانی گۆڕانکاری بەرەو هەر ئاراستەیەك لاواز دەبێت.

٥- پێویستە لەسەر هەر سەرۆکێك تێبینی ئەوە بکات کە تاکەکان تواناکانیان جیاوازە لەڕووی بەرگەگرتنی هەڵوێستە دژەکان، وە لەبەر ئەوە هەندێکیان ئامادەییان نابێت بۆ کرداری گۆڕانکاریەکە بەهیچ شێوەیەك .

هەموو ئەوانە وادە گەیەنێت کە پێویستە لەسەر سەرۆك سروشتی پەیوەندییەکانی نێوان کردارەکانی گۆڕانکاری تێ بگات، وە کار بکات بۆ دروست کردنی هەڵوێستە ناهاو سەنگەکان بۆ کارمەندانی و بەکار هێنانی ڕێنماییەکانی پێشو، بۆ یارمەتیدانی لەکار کردن بۆ سەر کەوتنی کرداری گۆڕانکاریەکە و پێش بینی ئەگەرەکانی سەرکەوتنی یان تێشکانی وە بەپێی چوار چێوەیەکی دروست.

## درك پێکردن و چارە سەرکردن لەجیهانی گۆڕانکاریدا

لەسەرەتادا پێویستە ئاماژە بۆ ئەوە بکەین کە لێرەدا دوو جۆر درك پێکردن هەیە لەجیهانی گۆڕانکاریدا، بریتین لەگۆڕانکاری ماددی (واتە باوەر بەشارەزایی هەست پێکراو) وە گۆڕانکاری ئەقڵانی (واتە باوەڕ بەتێروانینی ڕووت).

هەروەها دوو جۆر چارەکردن لەجیهانی گۆڕانکاری هەیە بریتین لە (رامان) واتە ئەو کەسەی کەباوەڕی بەدی کردنی بیر کردنەوەیی هەیە، وە جۆری (ئەزمونگەری) ئەو جۆرەی باوەڕی بەئەزمونگەری چالاك هەیە.

(کولب) هەردوو بواری درك پێکردن و چارەکردنی تێکەڵ کردوە بەم جۆرە وەك لەم شێوەیەدا روونە:




هەواڵنامەی کتێب

**(کولب) وا دەبینێ کە خەڵکی دەکەونە ناو ئەم چوارینەوە وەبەم شێوەی خوارەوە:**

١- هەندێك بەهەست پێکردن درك دەکەن و بەبیر کردنەوە چارەسەر دەکەن، وە ئەمە درێژە پێدان، بەباری کۆمەڵناسان لەژیانی خەڵك دەکۆڵنەوە هەروەك دەژین بەهۆی ئامار و سەرنجدان و بینینیان .

بەلام ئەوان بیر دەکەنەوە لەوەی کە دەبینین، لەوەدەست پێ دەکەن کەدەبینن وەپاشان پەخشی دەکەن.

٢- هەندێك شێوازی رووت کردنەوە بەکار دەهێنن بۆ درك پێکردن، وە بەبیرکردنەوە چار سەر دەکەن، وەئەمەش لێکچوونە.

ئەمە باری لێکۆڵەرو نەخشە کێشەرانە، ئەوانە بیرمەندو چاودێرن دەست پێدەکەن بەبیرۆکەیەکی رووت، پاشان تێڕادەمێنن و رکابەری دەکەن و چاودێری دەکەن بەچەندین باری جیاواز کەومری دەگرێت.

٣- هەندێك بەشێوازی رووت کردنەوە درك دەکەن وەچارەسەرکردن بەجێ بەجێ کردن ئەنجام دەدەن، وە ئەمە زانکۆکاریە، ئەمە باری ئەندازیارانە.

ئەوانە بەخۆیان پێویستیان بە ئەزمونگەری کاروبارەکان هەیە، ئەوانە رۆشنبیرن بەڵام دەس پێشکەرن بۆ کارکردن، لەبەر ئەوەی بەبیرۆکەیەکی رووت دەس پێدەکەن و پاشان ملکەچی تاقیکردنەوەی دەکەن.

٤- هەندێك بەهەست پێکردن درك دەکەن و بە کردەوە چارەسەر دەکەن، وە ئەوە خۆگونجاندنە ئەمە باری پیاوانی فرۆشیارو بازرگانەکانە ئەوانە هەستیارن (ماددین) وە گورج و گۆڵی (جێ بەجێ کردن) لەهەمان کاتدا، ئەوانە بیرۆکەیەك دەست پێ ناکەن بەڵکو بەوە دەس پێدەکەن کە دەیبینن و گوێ بیستی دەبن و هەستی پێدەکەن، پاشان دەیبەنە قوڵایی و تاقی دەکەنەوە بەدەس پێشکەری بۆ کار.

# ئەو بنچینانەی پێویست بەڕەچاو کردن هەیە لەکاتی هەستان بەکرداری گۆڕانکاری

## ١- پێویستە کارمەندان بەشداری گۆڕانکاری بکەن :

بەتایبەتی ئەوانی گۆڕانکاریەکە جێ بەجێ دەکەن و ئەوانی گۆڕانکاریەکە لە بەشەکانیان روو دەدات و ئەوانی گۆڕانکاریەکە کاریان تیادا دەکات بەشێوەیەکی راستەو خۆ یان نا ڕاستەوخۆ، وە پێویست بەبەشدار بوونێکی ڕاستەقینە دەکات نەك بەڕواڵەت، وە لەقۆناغەکانی ئامادەکاری و پلان دانانی گۆڕانکاریەکە وە لە قۆناغی جێ بەجێ کردنی گۆڕانکاری و بەدواداچوونی، وە بۆ ئەوەی بەشداریەکە بەڕاستی بێت پێویستە هەموو زانیاریەکان بەردەست بێت دەربارەی گۆڕانکاری و بوارەکانی وە هۆکارەکانی وەچۆنیەتی بەدی هێنان و ئاسەواری، وە ئەوی سەرپەرشتی جێ بەجێ کردنەکە دەکات.

## ٢- پێویستە گۆڕانکاریەکە پاش ئەوەی لەقۆناغێکی سەرەتایی تاقی دەکرێتەوە کاری پێ بکرێت پێش چەسپاندنی بەشێوەیەکی کۆتایی :

ئەم قۆناغە بەقۆناغێکی گواستنەوە دادەنرێت، تیادا هەندێ هەڵەی تاکەکان پەسند دەکرێت کەبەمەستەوە نەبووە، هەروەها هەندێ زانیاری بەدەست دەکەوێت بێ ئەوەی چاوەڕوان کرابێت، لەم قۆناغەدا ڕەنگە هەموار کردنی گۆڕانکاری بکرێت لەپلانەکان لەبەر ئەوەی دۆخەکە هەندێ شت بەدەردەخات کە چاوەڕوان نەکراوە.

وەرەنگە ئاستی ئەرك بەجێ گەیاندن كەمتر بێت لەئاستی پێوانەی پەسند كراو، وە تیادا پێویستە تاكەكان دڵنیابن لەوەی كەداهاتیان كەم ناكاتەوە بەهۆی دابەزینی ئاستەكانی ئەرك بەجێ گەیاندن لەم قۆناغەدا.

**٣- پێویستە قۆناغەكانی گۆڕانكاریەكە تەواو كەری یەكتربن :**

لەبەر ئەوەی ئەم لایەنە یارمەتی راهاتنی لەسەر خۆی گۆڕانكاریەكە دەدات، هەروەها گۆڕانكاریەكە یارمەتیدەری یەكتر دەبن، وە ئەم گۆڕانكاریە بەقۆناغ دارەو بەپلان دانان دەبێت تەك گوێرانە.

**٤- گۆڕانكاریەكە لەكاتی گونجاودا جێ بەجێ بكرێت: وە كاتی گونجاو دۆخی ئۆرگانەكە دیاری دەكات، واباشترە لەماوەی دابەزینی رێژەیی قەبارەی كارەكان بێت.**

**٥- كۆمەك كردنی كار مەندان بەزانیاری دەربارەی گۆڕانكاری و ئاكامەكانی پێرەو كردن و پەرە پێدانی.**

بێ گومان بەشداریكردنی كارمەندان لەپرۆسەی گۆڕانكاری یارمەتی بەدەس هێنانی زانیاری پێویستیان بۆ دابین دەكات.

ئەمە سەرەرای بلاوكردنەوەو دابەشكردنی راپۆرت و یادەوەریە خولیەكان دەربارەی گۆڕانكاری و بەرێوەچوونی لەئۆرگانەكە.

**٦- پێویستی پشتگیری كردنی گۆڕانكاری لەلایەن كارگێری بالاوە، وە بوونی رەزامەندی دەربارەی گرینگی گۆڕانكاریەكەو ناچاری بۆ ئۆرگانەكە، ئەو پشتگیرییە هانی كارمەندان دەدات بۆ رازی بوون بەو گۆڕانكاریە هەروەها دەكرێت ئەو كۆسپانەی لەبەر دەم گۆڕانكاریەكەن لابردرێن.**

**٧- دەبێ درک بەوە بکەین کە یەک پلانی نموونەیی نیە بۆ کارپێکردنی گۆڕانکاریەکە لەسیستمێکی دیاریکراو لەئۆرگانەکەدا، لەبەر ئەوەی دۆخی دامەزراوەکان جیاوازە، بۆیە بوونی رۆتین لە پلانەکانی گۆڕانکاری بە زەحمەت دەبینرێت.**

بەلآم دەکرێت سوود لەشارەزایی کۆمپانیاکانی تر وەربگیرێت کە گۆڕانکاریان جێ بەجێ کردوە پێشتر، بۆ ئەوەی ئۆرگانەکە نەکەوێتە هەمان هەڵەی ئەو کۆمپایانەی تێی کەوتوون، وەهەروەها سوود وەرگرتن لە شارەزایی بوون لەبەرکار هێنانی گۆڕانکاری لەئۆرگانەکانیان.

**٨- وەرگرتنی بیرۆکەی سیستمەکان لەکاتی کارپێکردنی گۆڕانکاری لەئۆرگانەکە.**

بۆیە گۆڕانکاری لەسیستمێك بە زۆری پێویست بەگۆڕان دەکات لە سیستمێکی تر تاگۆڕانکاریەکە سەرکەوتنی پێویست بەدەست بێنێت لەکار پێکردن لەکێك لەسیستمەکان.

بەکار هێنانی گۆڕانکاری لەسیستمی تەکنۆلۆژی بەسازادنی ئامێرە نوێیەکان، ڕەنگە پێویست بەگۆڕانەکان بکات لەسیستمی تاکەکان بەگۆڕان لەرەفتارەکانیان لەکاردا وەگۆڕان لەجۆری سەرکردایەتیان بۆ کارگێری، وەك نموونە : وەرەنگە پێویست بەکار پێکردنی گۆڕان بکات لە سیستمی ڕێگاکانی کار کردن و سیستمی هاندانی کارمەندان.

**٩- دڵنیا بوون لەزۆر بوونی دەرامەتە ماددی و مرۆیی و هونەریەکان کە ئامادە دەکرێن بۆ گۆڕانکاری و نەخشەی بۆ دادەنرێت و کار بۆ جێ بەجێ کردنی دەکرێت.**

١٠- دەست کردن بەگۆڕانکاری لەو شوێنانەی کە چاوەڕوان دەکرێت گەورەترین سەرکەوتنی تیادا بەدەس بهێنرێن، وە ئاکامە لەبارەکان بەخێرایی بێت، تا بکرێت نموویەکی سەرکەوتوو دەربارەی گۆڕانکاری پێشکەش بکرێت، بەشێوەیەك ببێتە هاندەر بۆ کارمەندانی بەشەکانی تر ورازی بوون بەگۆڕانکاری.

١١- پێویست بەبوونی هاوسەنگی لەنێوان گۆڕانکاری لەسیستمی هونەری تکنولۆژی وەگۆڕانکاری لە سیستمی کارگێڕی : لەبەر ئەوەی گۆڕانکاری لەلایەکیان یارمەتی گۆڕانکاری لەلایەکی تر دەدات. ئەگەر لەگەڵ گۆڕانکاری هونەری، ڕاست کردنەوەو گونجاوەکان بەجێ هات لەهەیکەلی ئۆرگانەکەو لەنەخشە فەرمانبەریەکان وەلە سیستمی کرێ و لەسیستمی تاکەکانی تر، بەزۆری ئەوە دەبێتە هۆی بەرز بوونەوەی ئاستی ئەرك بەجێ گەیاندن لەئۆرگانەکە، وە لەبارێکدا ئەگەر هاوسەنگی گونجاو پەیدانەبوو، ڕەنگە گۆڕانکاریەکە ئەنجامی پەسندکراو نەدا بە دەستەوە.

١٢- ئەگەر گۆڕانکاریەکە ئاراستەکرابوو، بۆ گۆڕان لەرەفتارەکانی کارمەندانی ئۆرگانەکە و گۆڕان لە تواناکانیان و ابەچاکتر دەزانرێت کە لە پیاوانی کارگێڕی بالاوە دەس پێ بکرێت و پاشان پلەبە پلە بەرەو ئاستەکانی خوارەوە بێت.

١٣- وا بەچاکتر دەزانرێت شارەزایی بەرپرس لەناوخۆ سەرپەرشتی سەر گۆڕانکاریەکە بکەن بەبەشداری پێکردن لەگەڵ هەندێ یان یەك لە ڕاوێژکارانی دەرەوە وە بەتایبەتی ئەگەر گۆڕانکاریەکە ئاراستە کرا بوو بۆ گۆڕانی لایەنە رەفتاریەکانی تاکەکان لەئۆرگانەکە.

١٤- بەکارهێنانی گۆڕانکاری نەخشەکێشراو بەچاکتر دەزانرێت لە گۆڕانکاری کوێرانە یان خۆیکرد.

١٥- پێویست بەڕێزگرتن دەکات لەو کەسانەی بەشداری پاش و هەست پێکراویان هەیە لە تەواو کردنی گۆڕانکاریەکە، ئەمەش لەسەر شێوەی ئاهەنگ گێران بێت کە هەموو کارمەندان بگرێتەوە .

١٦- لەڕوودانی هەندێ هەڵە مەترسێ لەکاتی گۆڕانکاری . بەڵام گرینگ فێربوونە لێیان و پێشکەوتن هەبێت.

١٧- ئاکامەکانی گۆڕانکاری، هەندێکیان بە پەلە بەدەر دەکەون و هەندێکیان ئاکامە هەست پێکراوەکانی کاتی دەوێت، وە بەتایبەتی ئەگەر بواری گۆڕانکاریەکە ڕەفتاری تاکەکان و جۆری سەرکردایەتیەکان بێت.

١٨- پێویستە پێش دەس بەکار بوون بەگۆڕانکاری، باری ئێستاو کێشەکانی شی بکرێتەوە، وە دەبێت ئەنجامی ئەم شیکردنەوەیە ئەوە بسەلمێنێ کە ناچارییەکی باش و بەڵگەکان بەهێزن بۆ گۆڕانکاری.

١٩- ئامانجەکانی گۆڕانکاری بەشێوەیەکی ڕوون دیاری بکرێت.

٢٠- تاکەکان باوەڕبێنن کەئەنجامە چاوەڕوانکراوە، پۆزەتیڤەکانی گۆڕانکاری زیاترن لەلایەنە چاوەڕوانکراوە نیگەتیفەکان، وە ئەمە پەرە پێدانێك دەبێت بۆ ئۆرگانەکە وە تیادا چارەسەری کێشەکانی ئۆرگانەکەیە.

٢١- گیانی پێداگرتن و بەردەوام بوون لەسەر گۆڕانکاریەکە هەبێ، کارگێری نابێت واز لەگۆڕانکاریەکە بهێنێت تەنها لەبەر هەندێ کێشە لەسەرەتای پیادەکردنی، ڕەنگە هەندێ لەکارمەندان چەند کێشەیەك بدۆزنەوە بۆ تاقیکردنەوەی ڕادەی دڵسۆزی کارگێری بۆ گۆڕانکاریەکە، یان پاڵنانی

كارگێری بەرەو لادان لە گۆڕانكاریەكە یاخود دڵنیا بوون لەوەی كە گۆڕانكاریەكە ڕاستەو تەنها كردارێكی بە پەلەی ویژدانی لەلایەن كارگێڕییەوە، بۆیە سوور بوونی كارگێڕی لەسەر بەردەوامی گۆڕانكاریەكە و بەرەنگار بوونەوەی هەندێ كێشە سەرەتاییەكانی، تاكەكان واڵی دەكات كە هەست بەڕاستی گۆڕانكاریەكە بكەن و پاڵیان بدات بۆ رازی بوون پێی وەك راستیەك كەبەرژەوەندی ئۆرگانەكەی تێدابێت.

٢٢- رازی بوون بەجێ بەجێ كردنی گۆڕانكاریەكە بەچاكتر دەزانرێت، بۆ كۆتایی پێ هێنان بەخۆبەستنەوەی كارمەندان بەسیستمی كۆن وە گواستنەوەیان لەباری خۆبەستنەوە بەسیستمی كۆن بۆ باری ئامادەبوونیان بە پەسندكردنی سیسمی نوێ، ئەوەش بەبەكار هێنانی بەرنامەی توانەوەو پاشان پیادە كردنی گۆڕانكاری و پاشان چەسپاندنی.

٢٣- كارگێڕی كار بكات بۆ دۆزینەوەی بەهاكانی ئارەزوو لەگۆڕانكاری و پەرەپێدان و داهێنان و نوێكردنەوە لای كارمەندان، وە هاندانی ئەم بەهایانە لای كارمەندان لەڕێگای زۆر كردن لەدامەزراندنی ئەو كەسانەی بەم جۆرە بەهایانە دەناسرێن وە هەوڵدان بۆ هاندانی ئەم بەهایانە بە بەكارهێنانی پاداشت و پشتگیری كردنی لەبار بۆ ئەم كارە؛

٢٤- پێویستە هانی تاكەكان بدرێت بۆ پیادەكردنی گۆڕانكاریەكە بەبەكار هێنانی پاداشتی لەبار بۆ ئەو كەسەی پیادەی جێ بەجێكردنی سیستمە نوێیەكە دەكات.

٢٥- پێویستە بەدوا داچوون هەبێت بۆ گۆڕانکاریەکە لەکاتی جێ بەجێ کردنی وەکارکردن بۆ چارەکردنی ئەو کێشانەی ڕەنگە دەرکەون لەکاتی جێ بەجێ کردنی گۆڕانکاریەکە.

٢٦- ئەگەر هەندێ کەم و کورتیت بەر چاو کەوت لەسیستمی کۆندا، پێویستە بەخودی سیستمەکە ببەسترێتەوە نەك بەتاکەکانی کارمەند لەو سیستمە کۆنەدا، تا ئەو کەسانە تووشی شلەژان نەبن بەهۆی رەخنە لێ گرتنیان وەکاردانەوەیان بەرهەڵستی کردنی سیستمە نوێیە پێشنیار کراوەکە بێت.

٢٧- پێویستی رازی بوونی نوێنەری کرێکاران و ڕێکخستنی سەندیکاکان بەگرینگی گۆڕانکاریەکە، لەبەر ئەوەی ئەم ڕێکخستنانە رۆلێکی گرینگیان هەیە لە پاڵنانی تاکەکان بەرەو رازی بوون بە گۆڕانکاری.

کەوانەی کتێب

# کرداری کارگێڕی و گۆڕانکاری
# پلان دانان بۆ گۆڕانکاری

لەم قۆناغەدا ئەوی دیاری دەکرێت بریتی دەبێت لە ئامانجەکانی گۆڕانکاری یان بوارەکانی گۆڕانکاری وە شێواز یان شێوازەکانی وە ئامادەکردنی خشتەی کاتەکانی گۆڕانکاری وە زانینی پێداویستیەکان بۆ گۆڕانکاری و دابەشکردنی کاروبارەکانی گۆڕانکاری بەسەر کەسانی جێ بەجێ کەر بۆی، وە هەروەها دیاریکردنی بودجەی خەملێنراو بۆ تێچووی گۆڕانکاری یان پەرەپێدان.

وەلەم قۆناغەدا وەلامی ئەو پرسیارانە دەدرێتەوە کەئایا چاوەڕوانی چی دەکەین کە پەرەپێدان جێ بەجێی بکات، وەپەرەبەچی دراوە، وەچۆن بەدی دێت، وەکەی، وە چی پێویست دەبێت بۆ گۆڕانکاری وە کێ جێ بەجێی دەکات، وە تێچووی خەملێنراو چەندە، لێرەدا ڕووناکی دەخەینە سەر هەنگاوەکانی ئەم قۆناغە :

**١- دیاریکردنی بوارەکانی گۆڕانکاری :**

پاش ئەوەی لەقۆناغی پێشو (قۆناغی ئامادە کردن بۆ گۆڕانکاری) کێشە راستەقینەکانی ناو ئۆرگانەکە زانرا، وە کە پێویست دەبوو کارپێکردنی گۆڕانکاری لەئۆرگانەکە بکرێت، پاش ئەوە هەڵدەسین بەدیاریکردنی بوارەکانی ئەم کێشانەو جێگایان لەئۆرگانەکە، ڕەنگە بواری کێشەکان پەیکەری ئۆرگانەکە بێت، یان سیستمی تەکنۆلۆژی ئۆرگانەکە، یاخود ڕەفتارەکانی کارمەندان لەرێکخراوەکە، وە ئەگەر بوارەکە دیاریکرا، ئەوا ئەم کێشانە دیاری دەکرێن کە لە چ بەشێك یان کار گێرییەکاندایە بەواتەیەکی تر

ئەو سیستمانەی پێویستیان بەپەرەپێدان هەیە یان کاریان پێ بکرێت، تا چارەسەری ئەم کێشانە بکرێت یاخود تا بکرێت پەرە پێدانی پێویست جێ بەجێ بکرێت.

لێرەدا پێویست دەبێت بیرۆکەی سیستمە کراوەکاندا بەکار بهێنرێت لەکاتی دیاریکردنی ئەو سیستمانەی پێویست بەگۆڕانکاری یان پەرەپێدانیان دەکات.

ڕەنگە کێشەکە پەیوەست بێت بەناچاری پەرەپێدانی سیستمێکی دیاریکراو وەك پێویست بوون بەڕاست کردنەوەی جۆری سەرکردایەتی، لەسەر کردایەتی بیروکراسیەوە بۆ سەرکردایەتیەکی بەشدار پێکردنی کارمەندان.

بەڵام ئەم پەرەپێدانە سەرکەوتو نابێت ئەگەر پەرەپێدان لەسیستمەکانی تر بەدی نەکرێت، ڕەنگە لەپەیکەری ڕێکخستنی ئۆرگانەکە بەفراوان کردنی بواری سەرپەرشتی کردن و بەگێڕانەوەی نەخشەی فەرمانبەریەکان، سەرەڕای پێویست بوون بەڕاست کردنەوەی سیستمی هاندانی کارمەندان.

وەبەمە ئەگەر چی گۆڕانکاری پێویست شێوازی سەرکردایەتیەکەیە، بەڵام بۆ ئەوەی ئەو گۆڕانکاریە سەرکەوێت پێویست بەجێگەیاندنی گۆڕانکاریەکان دەکات لەسیستمەکانی تری ئۆرگانەکە.

**٢- دیاریکردنی ئامانجەکانی گۆڕانکاری :**

ئەگەر گۆڕانکاریەکە دیاری کرا، پێویست بەزانینی ئەو ئاکامە چاوەڕوانکراوانە دەکرێت کە بەدەست دەهێنرێن لە باری ڕوودانی گۆڕانکاریەکە لەوسیستمە دیاریکراوانەی گۆڕانکاری تیادا بەکاردێت، وە ئایا ئەم ئەنجامانە ئەوا چارەی کێشەکانی ئۆرگانەکە دەکات، وە ئایا پێویست ئەوەیە، وە ئایا دەبێتە هۆی پەرەپێدانی ئۆرگانەکە.

وە پێویستە ئەم ئامانجانە بەشێوەیەکی دیاریکراو بنووسرێتەوە لەتوانا دابێت، پێوانە بکرێت وە زانینی کاتی دیاریکراو بۆ جێبەجێ کردنی.

**٣- دیاریکردنی شێوازی گۆڕانکاری :**

لێرەدا وەڵامی پرسیاری چۆن گۆڕانکاری جێ بەجێ دەکرێت دەدرێتەوە، یان ئامرازی گونجاو بۆ گۆڕانکاری چیە، ئەگەر گۆڕانکاریەکە هونەری، ئەوا ئەو ئامێرە نوێیانە یان سیستمی هونەری نوێی بەکار دەهێنرێت چیە؟ یان پەرەپێدانی پێویست لەرێگای بەهەرم هێنانی ئێستا چیە؟ وە ئەگەر پەرەپێدانەکە لەرەفتارەکانی تاکەکان بوو، شێوازی کارپێکردن لەو پەرەپێدانە دیاربکرێت، ئایا کارگێڕی ئامانجەکان بەکاردەهێنێت : راهێنان لەسەر هەستیاری، چوار گۆشەی کارگێڕی، شێوازی دروست کردنی تیمەکانی کار، شێوازی رووبەروو بوونەوە بۆ چارەسەر کردنی ململانێەکان شێوازی سەرکردایەتی کردنی کۆبوونەوەکاراکان لەپێناو وەرگرتنی بڕیارەکان، ڕاهێنان لەسەر بەرز کردنەوەی کارامەییە پەیوەندییەکان..هتد.

وەڕەنگە پەرەپێدانەکە لەپەیکەری ئۆرگانەکە بێت بەگواستنەوەی ئۆرگان لە پەیکەری میکانیکی بۆ پەیکەری زیندوو، هەروەها دەکرێت شێوازەکانی شیکردنەوەی رێگاکانی کارو ئاسان کردنی کارراییەکانی کار بەکار بهێنرێت، شێوازەکانی پەرەپێدان زۆرن لەم بەشەدا بواری شیکردنەوەیان بەدرێژی نابێت.

**٤- ئامادە کردنی خشتەی کاتەکانی گۆڕانکاری:**

لێرەدا دەس پێکردنی هەر قۆناغێك لەبەرنامەی گۆڕانکاری وەکەی کۆتایی پێ دێت دیاری دەکرێت.

دەکرێت نەخشە بۆ کاتەکان بەکار بهێنرێت لەم بوارەدا وەك نەخشەی (جانت) وە نەخشەی (بار) بۆ دیاریکردنی کاتەکان، هەروەها دەکرێت تۆڕی (بیرت) بەکار بهێنرێت بۆ کاتەکانی بەرنامەی پەرەپێدان.

**٥- دیاریکردنی پێداویستیەکانی پەرەپێدان یان گۆڕانکاری :**

لێرەدا پێدویستیەماددی و مرۆییە داواکراوەکان دیاری دەکرێت بۆ ڕودانی گۆڕانکاری دیاریکراو لەئۆرگانەکە وەدیاریکردنی ئەوی‌هەیە لەم پێداویستیانە لەئۆرگانەکە، وە ئەوی بەدەس ناکەوێت لەم پێداویستیانە و دەبێت چارەی بۆ بکرێت، وە پاشان بڕیارەکانی پەیداکردنی ئەوانی بەدەست ناکەون لە پێداویستیەکانی گۆڕانکاری بۆ ئەوەی لەبەردەست بێت لەکاتی جێ بەجێ کردنی بەرنامەی پەرە پێدانەکە.

**٦- دیاریکردنی بودجەی خەملێنراو بۆ تێچووی بەرنامەکە:**

دەکرێت بەهاوکاری بەڕێوەبەری دارایی ئۆرگانەکە، بودجەی خەملێنراوی تێچووی بەرنامەکە ئامادە بکرێت وەبڕیارەکانی پێویست وەربگیرێت بەپەیدا کردنی پارە بۆ پێداویستیەکانی بەرنامەی پەرە پێدان.

**٧- دەست نیشانکردنی کە کێ نەخشەی پەرە پێدانە کە جێ بەجێ دەکات:**

هەروەها دەبێت ئەوە دەست نیشان بکرێت کە لە کارمەندان و بەشەکان کێ بەشداری دەکات لەجێ بەجێ کردنی پلانی ئۆرگانەکە، وە هەروەکو پێشتر باس کرا، پێویستە ئەوە لەژێر چاو دێری بەڕێوەبەری پەرە پێدان جێ بەجێ بکرێت، کە دەسەڵاتی بەدەستەوەیە لەوەی پەیوەندی بەرێك و پێك کردن هەیە بۆ جێ بەجێ کردنی بەرنامەی پەرەپێدان و سەرپەرشتی کردنی سەر

جێ بەجێ کردنەکە لەماوەی کارەمەندانی و بەڕێوەبەرە دەسەلاتدارەکانی تری بەرنامەکە .

**٨- ڕازی بوونی کارگێری باڵا لەسەر پلانی گۆڕانکاریەکە :**

لەبە ئەوەی ئەم ڕەزامەندییە پشتگیری کارگێری بۆ پلانی گۆڕانکاریەکە مسۆگەر دەکات لەڕووی مادی و واتاییەوە، وە دەتوانێت بڕیارەکانی پێویست وەربگرێت بۆ دانانی پلانی جێ بەجێ کردنەکە.

## جێ بەجێ کردنی پلانی گۆڕانکاریەکە

**پاش ئەوەی پلانی گۆڕانکاری بۆ ئۆرگان دادەنرێت پێویستە ئەم پلانە بخرێتە باری جێ بەجێ کردن، وە بۆ ئەوەی پلانەکە بە ئەنجام بگات، پێویستە پلانی گۆڕانکاریەکە بۆ کارمەندان شی بکرێتەوە، پاشان تاقیکردنەوەی بەشێکی و لەسەر ئاستێکی تەسك پێش پەخش کردنی، وە پاشان جێ بەجێ کردنی گۆڕانکاریەکە لەسەر ئاستێکی فراوان و بەقۆناغ وە سەلماندنی، لێرەدا ڕووناکی دەخەینە سەر ئەم قۆناغانە کە بریتین لە :**

١- شیکردنەوەی گۆڕانکاریەکە بۆ کارمەندان (گەیاندنی گۆڕانکاریەکە) :

تێگەیشتن کارمەندانی وە بەتایبەتی ئەوانی ئەرکی جێ بەجێ کردنی پلانی گۆڕانکاریەکە هەڵدەگرن، ڕەگەزێکی گرنیگە بۆ مسۆگەر کردنی پابەندنی و ملکەچیان بۆ گۆڕانکاریەکە، هەروەها بەرهەڵستی کردن بۆ گۆڕانکاریەکە کەم دەکاتەوە، وە بێ گومان بەشداریکردنی کارمەندان لەکرداری گۆڕانکاری ئۆرگانەکە دەبێتە هۆکارێك وە بەشێوەیەکی نایاب لەتێگەیشتنی گۆڕانکاریەکە بەهۆی کارمەندانەوە.

هەروەها پێویستە لەسەر سەرپەرشتیارانی گۆڕانکاریەکە کۆبوونەوەو چاو پێکەوتن لەگەڵ کارمەندان پێك بهێنن بۆ ڕوون کردنەوەی هۆکارەکانی گۆڕانکاری و سوودەکانی بۆ ئۆرگانەکەو بۆ کارمەندان وە بۆ وەڵامدانەوەی هەموو پرسیارەکانی کارمەندان.

وە پێویست دەبێت کە کارمەندان لەماوەی ئەم کۆبوونەوەو چاو پێکەوتنانە باوەڕ بەوە بهێنن کە ئەم گۆڕانکاریە بەرژەوەندی ئۆرگانەکەو هەموانی تێدایە بەشێویەکی گشتی.

هەروەها پیویستە لەسەر ئەوانی ئەرکی گۆڕانکاریەکەیان لەئەستۆ دایە یاداشت و بلاوکراوە ڕەوانە بکەن بۆ شیکردنەوەی گۆڕانکاریەکە و هۆو سوودەکانی وە هەر پرسیارێك پەیوەندی بەکارەکە هەبێت.

٢- تاقیکردنەوەی گۆڕانکاریەکە لەسەر ئاستێکی تەسك :

وابەچاکتر دەزانرێت کەئەگەر گۆڕانکاریەکە بنەڕەتی بوو وەچەندین کەرت و بەشی گرتەوە لە ئۆرگانەکە، ئەوا لەیەك لەو بەشانە پراکتیك بکرێت کەپێش بینی ئەنجامی باشی لێدەکرێت زۆر تر لەبەشەکانی تر، ئەمە بۆ زانینی کە چ لایەنێك بەر چاو وەرنەگیراوە لەکاتی پلان دانان وە لەپراکتیك کردن بە کردەوە دەرکەوتوە، وەلە دواییدا هەندێ دەسکاری ڕاست کردنەوەی پێویست لەپلانی گۆڕانکاریەکە پێش جێ بەجێ کردنی بەشێوەیەکی فراوان ئەنجام بدرێت، ئەمە سەرەڕای ئەوەی کەسەر کەوتنی گۆڕانکاریەکە لەکەرتێك نموونەیەکی باش دەداتە کارمەندانی، وە لەپاشان هاندانیان بۆ ڕازی بوون پێی و کارکردن بۆ سەرکەوتنی لەبەشەکانی تر.

٣- جێ بەجێ کردنی گۆڕانکاریەکە لەسنوری پلانە دانراوەکە :
پاش ئەوە پلانەدانراوەکە جێ بەجێ کردنی دەست پێ دەکاتە وە بەپێی بەرنامەیەکی کاتی دیاریکراوی پێشوتر وە لەژێر چاودێری و ئاراستە کردنی بەڕێوەبەری پەرەپێدان، وە پێویستە بەپێی قۆناغ کارە ڕێکخراوەییەکانی گۆڕانکاری بەئەنجام بگات وە بەتایبەتی ئەگەر گۆڕانکاریەکە گشتگیر و بنەڕەتی بوو.

٤- پشتگیری کردنی گۆڕانکاری :
پێویستە لەسەر کارگێڕی وەلەسەر بەڕێوەبەری گۆڕانکاریەکە پشتگیری جێ بەجێکردنی پلانی گۆڕانکاریەکە بکات ئەوەش بەلابردنی ئەو کۆسپانەی کەڕەنگە بەرەو ڕووی گۆڕانکاریەکە ببنەوە، وە هەروەها بە هاندانی کەسە پابەندەکان بەگۆڕانکاری و ڕێز لەڕەنجیان بگیرێت لەهەستانیان بەگۆڕانکاری پێویست، وە دەکرێت بۆ گۆڕانکاری پاداشتی ماددی و واتایی پێشکەش بەتاکەکانی بکات بۆ ئەوانەی دەسکەوتی هەست پێکراویان دەبێت لەسیستمی نوێدا یان ئەوانی ڕەنجێکی بەرچا دەبەخشن لە پێناو سەر کەوتنی .
وە پشتگیری کردنی کارگێڕی بۆ گۆڕانکاریەکە زیندوویەتی و بەردەوامی بۆ مسۆگەر دەکات.

٥- بەدوا داچوون و ئاراستەکردن :
٦- بەدوا داچوون بەدی دێت بەبوونی زانیاری وردو بەپەلە دەربارەی ئەنجامەکانی جێ بەجێ کردنی گۆڕانکاریەکە، وە ڕادەی نزیکی یان دووری

جێ بەجێ کردنەکە لەپلانە دانراوەکە، وە ئەگەر لادانێك بینرا پێویستە بڕیاری گونجاو وەربگیرێت بۆ ڕاست کردنەوەی لەکاتی پێویستدا، وە بەدوا داچوون کاردەکاتە سەر مانەوەی جێ بەجێکردنی گۆڕانکاریەکە بەشێوەیەکی زیندوو لەئاراستەیەکی دروستدا.

## کێ ڕابەرایەتی گۆڕانکاری دەکات ....؟

ناچار بوون بۆ گۆڕانکاری و زانینی سیستمی نوێی پێویست بۆ چاك کردنی دۆخی ئێستای ئۆرگانەکە و پەرەپێدانی بەس نیە، لەبەر ئەوەی پەرە پێدان سەرکەوتو نابێت ئەگەر لەئۆرگانەکە ڕێکخستنێك نەبێت ڕابەرایەتی ئەم گۆڕانکاریە بکات.

ئەم ڕێکخستنە بەرپرس دەبێت لەکۆکردنەوەی بیرو باوەڕەکان دەربارەی گۆڕانکاری و پەرەپێدانی کە لە کارمەندانەوە بەدەست دەکەوێت وە هەروەها زانینی سیستمەکانی پێویست بەپەرەپێدان، یان کارپێکردنی بەپەیوەندی کردن بە پیاوانی کارگێری لە ئۆرگانەکە یاخود خودی ڕێکخستنەکە هەڵدەسێت بەپێش نیار کردنی گۆڕانکاری، هەروەها ئەو ڕێکخستنە بەرپرس دەبێت دەربارەی پلان دانان بۆ گۆڕانکاری وە بەدوواداچوون و جێ بەجێ کردن بەهۆی کارمەندانی گۆڕانەکە وە هەڵسەنگاندنی بەرنامەکانی پەرەپێدان و چارە کردنی کێشەکانی کە ڕەنگە دەرکەوێت لەکاتی جێ بەجێ کردن بەرنامەی پەرەپێدانەکە.


جۆری ئەم ڕێکخستنەو قەبارەکەی جیاواز دەبێت بەجیاوازی سروشت و قەبارەی ئەو پەرەپێدانەی کە ڕوو دەدات لەئۆرگانەکە.

هەندێ وا دەبینن کەلە لەدۆخی پەرەپێدانەکە لەسیستمی تەکنۆلۆژی یان لەسیستمی پەیکەری ئۆرگانەکەو یان هەندێ رەفتاری تاکەکان، پێویست بە بوونی بەڕێوەبەر دەکات بۆ پەرەپێدان کە بەرپرس بێت لەپلان دانان بۆ گۆڕانکاری و بەدوواداچوونی جێ بەجێکردنەکە و چارە سەرکردنی کێشەکانی .

وە لەبەر ئەوەی جێ بەجێکردنی پەرە پێدان بەزۆری روو دەدات بەهۆی کارمەندانی ملکەچ بۆ دەسەلاتی جێ بەجێ کاری بەڕێوەبەرەکان لەبەشەکان و کارگێڕییەکانی تر لەئۆرگانەکە، بۆیە پێویستە دەسەلاتی فەرمانبەرێتی بدرێتە بەڕێوەبەری پەرەپێدان لەبەر ئەوەی پەیوەندی بەرێك و پێك کردنی جێ بەجێکاری بەرنامەی پەرە پێدانەکە هەیە وە دانانی بەرنامەی کاتەکان و پلان دانان بۆی و بەدوواداچوونی جێ جێ کردن لە رێگای کارمەندانی لە کارگێڕییە جۆراو جۆرەکان.

بەواتایەکی تر نەخشەی پۆلین کراو بەکار دەهێنرێت بۆ بەشەکە یان ئەو کارگێڕییەی سەرپەرشتی پەرپێدان و گۆڕانکاری دەکات لەئۆرگانەکە، ئەم نموونەیە یەك لەوێنەکانی ئەم رێکخستنە بەرچاو دەخات.

## نموونەیەکی پێش نیار کراو بۆ ڕێکخستنێکی پۆلین کراو بۆ سەرپەرشتی کردنی سەر پەرە پێدانی ئۆرگانەکە



هەروەك لەو فۆرمەی پێش نیار کراوە دەردەکەوێت، دەکرێت بەڕێوەبەری پەرەپێدان پەنا بەرێتە بەر یارمەتیدان لەشارەزایانی پەرەپێدانی دەرەوەی ئۆرگانەکەی وەبەتایبەتی شارەزایانی پەرەپێدانی رەفتار، ئەگەر ئەم توانایە لەناو ئۆرگانەکە نەبوو.

وەدەکرێت شارەزایانی کارمەند لەئۆرگانەکە هاوکاری بکەن لەبوارد جۆراو جۆرەکانی پەرەپێدان، ئەگەر تەکنۆلۆژیا، پەیکەری ئۆرگانەکە رەفتاری تاکەکان بێت.

ئەو فۆرمە ئاشکرای دەکات کە بەڕێوەبەری پەرەپێدان بەکارەکەی هەڵدەسێت لەرێگای بەشداریکردنی هاوکارانی لەکرداری گۆڕانکاری، وە بەرپرس دەبێت بەخۆی و هاوکارانی لەپلان دانان و بەدوداچوونی جێ بەجێکاری بەرنامەکانی پەرەپێدان لەئۆرگانەکە وە پێشکەشکردنی راوێژ کاری پێویست بۆ ئەو کارە.

بەلام جێ بەجێکردنی خودی پەرە پێدانەکە لەماوەی دەزگای جێ بەجێکردنی کۆمپانیاکەوە دەبێت بەئاراستە کردن و یارمەتی دانی بەڕێوەبەری پەرەپێدان و هاوکارانی، وەپێویست بەبەشداریکردنی ئەو تاکانە دەکات کە گۆڕاکاریەکە جێ بەجێ دەکەن، یان ئەوانی کار تێکراو دەبن بە گۆڕانکاریەکە لەپلان دانان بۆ گۆڕانکاری وەلە زانینی ئاکامەکانی و لەچۆنیەتی چارەکردنی کێشەکان کەلەکاتی جێ بەجێکردنی بەرنامەکانی پەرەپێدان دەردەکەوێت.

وەچەندی بەڕێوەبەری پەرەپێدانەکەو هاوکارانی بەتوانابن لەسەر داهێنان و بیرکردنەوەی داهێنەرانەو لێ وردبوونەوەو شارەزایی لەبوارەکانی ئەو

پەرەپێدانە کەکاری تیادا دەکەن، وە توانای بەرز بۆ شیکردنەوەی کێشەکان و لێ توێژینەوەی بارودۆخی ناو خۆی و دەرەکیەکەی ئۆرگانەکە بۆ دۆزینەوەی ویست بۆ گۆڕانکاری و دیاریکردنی وردی بوارەکانی گۆڕانکاری، وەچەندی توانای کاری بەکۆمەڵیان لاپەیدا بووە بۆ بەشداری پێکردنی کارمەندان لەوەرگرتنی بڕیارەکانی پەرەپێدان، ئەوەندە ئەمە دەبێتە هۆ بۆ سەرکەوتنی ئەم ڕێکخستنە و سەرکەوتنی بەرنامەکانی پەرەپێدان لەئۆرگانەکە.

## سەرکردەکان و گۆڕانکاری

سەرکردەکان رۆڵێکی سەرەکی دەگێڕن لەکێشەی بەدەنگەوە هاتن بۆ گۆڕانکاری لەماوەی ئەو ئەرکانەی کەبەرکاری دەهێنن و چۆنیەتی مامەڵە کردن لەگەڵ کارمەندان لەپێناو بەدی هێنانی ئەو پەیامەی جێگای هیوایانە، وەلە ماوەی ئەم خاڵاتەدا :

**١-ڕوونکردنەوەی ڕۆڵەکان، لەگەڵ ئاگادار کردنەوەی هەمووان، هەریەکە بەوڕۆڵە.**

**٢- شێوازی سەرپەرشتیاری لەڕووی بەشداربوونی کارمەندان لەکرداری وەرگرتنی بڕیارەکان.**

**٣- کەش و هەوای باو، وەژینگەی ناو خۆ بۆ جێ بەجێ کردنی ئەرکەکان.**

**٤- تواناکانی کارمەندان، وە پێش بینەکانیان.**

لێرەدا هەندێ لایەنی لاواز یان هەڵەکان دەخەینە بەرچاو کە بەڕێوەبەر و سەرکردەکان تووش دەبن لەبارێکدا کەئامادە نەکرابن :

١) سەرنەکەوتن لەبەیەکەوە لکاندن و پیادەکردنی پەیامی کارگێرییەکە.

٢) بەئەنجام نەگەیاندنی گەشە پێدانی کارگێڕی.

٣) نەگونجانی ڕێگاو شێوازەکانی فێر بوون .

٤) کەمی یارمەتی و پشتگیری کارگێڕی.

٥) کورت بینی، وە خۆ ئامادە نەکردن بۆ ئاینده.

## کارامەییەکانی سەرکردەی گۆڕانکاری :

١- بوونی توانا لەسەر جوڵە کردن، وە جوڵە کردنی خێراو هەڵس و کەوتی باش.

٢- توانا لەسەر وەرگرتنی دەس پێشکەری، وە دەست پێشکەری خێرا.

٣- پێش نەخستنی گۆڕانکاریەکان لەپێناو گۆڕانکاری، بەڵام لەسەر چاوەی هەوڵی دان بۆ بەدی هێنانی دەرفەت و بوار .

٤- نەکێشتنی دەردە سەری بەهۆی ڕووداوە کتوپڕەکانی ئاینده.

٥- بوونی سیماکانی سەرکردایەتی کارگێڕی چالاك، وە توانای بەجێ گەیادنی ئەرکەکان.

٦- چێژ وەرگرتن لەرەفتاری لێهاتوویی، وەك سەرەتایەکی پێویست بۆ چارەسەرکردنی باشی هەڵوێستە جۆراو جۆرەکان.

٧- ئارەزوو بۆ دیاریکردنی پێش بینیەکان بەئاشکرا.

٨- پشت گوێ نەخشتنی کار دانەوەو سکاڵای کارمەندان.

٩- بەدەست هێنانی پێداویستیەکان لەڕووی کات، پارە، ڕەنج.

١٠- توانا لەسەر بەکار هێنانی چارەسەریەکانی خودی گۆڕانکاری.

# ڕێنمایی بۆ بەڕێوەبەرەکان :

١- بەگۆڕانی بێ پلان ڕازی مەبە، وەملکەچی گۆڕانکاری بڕیار لەسەر نەدراو مەبە.

٢- وەك بارێکی نائاسایی تەماشای گۆڕانکاری مەکە، بەڵکو وەك بنەمایەك.

٣- بۆ ئەوەی لە ڕووبەڕوو بوونەوەی گۆڕانکاری سەرکەوتووبیت پێویستە پیادەی ڕەفتاری فێربوون بکەیت وەدوور کەویتەوە لەڕەفتاری جێگیر بوو.

٤- زاڵ بوونی سەر ڕووداوەکان جێگیر بوون و بێ جوڵەیی کاروبارەکان تاگەینێ ، بەڵکو ڕۆیشتن و گونجاندنی بزاوتی کارگێڕی لەگەڵ گۆڕانکاری دەگەیێنێ.

٥- ئەو شپرزەییەی لە گۆرانکاری پەیدابووە بارێك لە ئاژاوەو پاشاگەردانی نیە، بەڵکو سەرەتاییەکە بۆ گێڕانەوەی ڕێکخستن و وەرگرتنەوەی هاوسەنگی لەدەس چوو.

٦- کارامەیی و داهێنان ڕەفتارێکی نائاسایی نیە بۆ ڕوو بەڕوو بوونەوەی هەڵوێستە تایبەتیەکان، بەڵام بەدەنگ هاتنەوەیەکی سروشتیە بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ هەڵوێستەکانی گۆڕان.

٧- سەرکەوتنی کارگێڕی خۆ بەستنەوە نیە بەباری ڕاهاتوو، بەڵام توند گرتنی سوودو ئامانجەکانە کە بەگۆڕانکاری بەدی دێت.

# فەلسەفەی کارگێڕی گۆڕانکاری

**فەلسەفەی بەڕێوبردنی گۆڕانکاری لەسەر ئەم خاڵانە دروست دەبێت :**

١) ئۆرگان سیستمێکی کراوەیە کاریگەرو کارتێکراوە دەبێت بەژینگەی دەرەکی.

٢) خۆ ئامادە کردن بۆ رووبەروو بوونەوەی گۆڕانکاری توانا بەئۆرگانەکە دەدات بۆ تێپەڕ کردنی کەم و کورتیەکان، یان بەلای کەم لەکەم کردنەوەی ئەو لایەنە نالەبارانە.

٣) بەردەوامی جوڵەی ئۆرگانەکە، گۆڕانکاری دەکاتە دیاردەیەکی یاوەر بۆ چالاکیەکان ئەگەر ویستت پارێزگاری بکەیت لەژینگە بزوێنەرەکەی.

٤) پێویستی دۆزینەوەی سیستمێکی گەیاندنی چالاك بۆ ئۆرگانەکە بەمەبەستی چاودێری کردنی بزاوتی سیستمی ئۆرگانەکە بەگشتی و بزاوتە ژینگەیەکەی لە بۆ پەیدا کردنی زانیاریە وردەکان کە جێگای بایەخ پێدانی ئۆرگانەکەیە وە سەرکەوتنی لەژینگە گۆڕاوەکە مسۆگەر دەکات.

# ئاکارەکانی کارگێڕی گۆڕانکاری :

کارگێڕییەکان گۆڕانکاری بەچەند خاسیەتێکی گرینگ دەناسرێن، پێویست بە تێگەیشتنیان و زانینیان دەکات لەهەموو لایەنە جۆراو جۆرەکانیانەوە:

**١- کردنە ئامانج ( الاستهدافيه ) :**

گۆڕانکاری بزوتنەوەیەکی کاریگەری ژیرانەیە، بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی سەرپێی کوێرانە روو نەدات، بەڵکو لەچوار چێوەی بزووتنەوەیەکی رێکخراوەیی بەدی بێت وە بەمەستێکی پڕ هیواو ئامانجێکی دیاریکراو بێت، لێرەدا کارگێڕی گۆڕانکاری ئاراستەکەی بەدی هێنانی ئامانجێکە، وە تێدەکۆشێت بۆ مەبەستێکی زانرو پەسند کراو لەلایەن هێزەکانی گۆڕانکاری.

**٢- واقعییەت :**

پێویستە کارگێڕی گۆڕانکاری پەیوەست بێت بەباری کرداری کە ئۆرگانەکە تیادا دەژیت، وە ئەمەش لەچوارچێوەی تواناو دەرامەت و بارو دۆخەکەیدا بێت کە پێیدا تێپەڕ دەبێت.

**٣- رێبازی رێککەوتنی ( توافقيه ) :**

لێرەدا پێویستە رادەیەکی گونجاو لەرێککەوتن هەبێت لەنێوان پرۆسەی گۆڕانکاری و خواست و پێداویستیەکان و ئاواتەکانی هێزە جۆراو جۆرەکانی پرۆسەی گۆڕانکاری.

**٤- کاریگەریی :**

پێویستە کارگێڕی گۆڕانکاری کارابێت، واتە توانای جولەکردنی هەبێت بەئازادییەکی گونجاو، وەتوانای کارتێکردنی هەبێت لەکەسانی تر، وەئاراستەی

هێزەکانی کار بکات لە سیستم و یەکە کارگێڕییەکانی جێگای ئامانجی گۆڕانکارین.

**٥- بەشداریکردن :**

کارگێڕی گۆڕانکاری پێویستی بەکاریگەرییەکی پۆزەتیفانە هەیە، تەنها ڕێگا بەجێ بەجێ کردنی ئەوە بریتیە لەبەشداریەکی هۆشیارانەی ئەو هێزو لایەنانەی کە کارتێکراو دەبن بەگۆڕانکاری وەکاریگەر دەبن لەگەڵ سەرکردەکانی گۆڕانکاریەکە.

**٦- دەستوری ( ڕێبازی شەرعیەت ) :**

پێویستە گۆڕانکاریەکە لەچوار چێوەی شەرعیەت یاسایی و ڕەوشتی بێت لە یەك کاتدا، وە لەبەر ئەوەی یاسای ناو ئۆرگانەکە ڕەنگە بەپێچەوانەی ئاراستەکانی گۆانکاری بێت، ئەوا پێویست دەکات، یەکەم بەڕاست کردنەوەو گۆڕینی یاساکە پێش بەجێ هێنانی گۆڕانکاریەکە، لەپێناوی پارێزگاری کردنی شەرعیەتی یاسایی.

**٧- چاکسازی :**

بۆ ئەوەی کارگێڕی گۆڕانکارییەکە سەرکەوتو بێت پێویستە بەچاکسازی بناسرێت، واتا پێویست بەهەوڵی چاکسازی کردنی لایەنی کەم و کورتیەکان بدات، وەچارە سەرکردنی کێشەکانی ئۆرگانەکە.

**٨- هۆشمەندی :**

هۆشیاری خەسڵەتێکی پێویستە بۆ هەر کارێکی کارگێڕی، وە بەتایبەتی لە کارگێڕی گۆڕانکاریەکە لەبەر ئەوەی هەموو بڕیارێك وە هەموو هەڵس و

کەوتێك ملکەچی بوارەکانی تێچوون و دەسکەوت دەبێت، بەڕاست نازانرێت کە گۆڕانکاری ببێتە هۆی زیانی گەورە کە زەحمەت بێت چارەکردنی.

**٩- توانا لەسەر پەرەپێدان و داهێنان :**

ئەمە تایبەتمەندییەکی کرداری پێویستە بۆ بەڕێوەبردنی گۆڕانکاریەکە، بۆیە گۆڕانکاری دەبێت کاربکات بۆ دۆزینەوەی تواناکانی پەرەپێدانی چاکتر لەوەی کە هەیە یان بەکار هێنراو لەئێستادا، گۆڕانکاری کار دەکات بەرەو بالآیی و پێشکەوتن ئەگەرنا ناوەرۆکەکەی لەدەس دەدات.

**١٠- بوونی توانا لەسەر خۆگونجاندنی خێرا لەگەڵ ڕووداوەکان.**

بەڕێوەبەری گۆڕانکاری بایەخ پێدانێکی بەهێزی هەیە دەربارەی توانای خۆ گونجاندنی خێرا لەگەڵ ڕووداوەکان، وەلێرەدا تەنها کاریگەری لەگەڵ بوونی هەیە بەسەریدا وە بڕیاردان لەسەر ئاراستە کردن و ڕێرەوەکان، بەلکو ڕەنگە ڕێبەرایەتی و دروست کردنی خودی ڕووداوەکان بکات بۆ مانەوە لەسەر زیندوویەتی و کارایی ئۆرگانەکە.

# نموونەگانی کارگێڕی

زۆر لەنوسەرو توێژەرەوەکان چۆنیەتی ڕوودانی گۆڕانکاری و قۆناغەکان و هەنگاوەکانی کرداری گۆڕانکاریان باس کردووە، بەڵام چەندین کێشە هەیە پەیوەندی بەچۆنیەتی پشت لەبەستن بەیەك نموونەی گۆڕانکاری هەیە.

بۆیە ئەوەی سەرکەوتن بەدەست دێنێت بۆ ئۆرگانێك لەچوار چێوەی گۆڕانکاری ئەوە وەك پێویست، ئەو نموونە گشتگیریە نیە کە دەکرێت متمانە بکرێتە سەری لەئۆرگانەکانی تر.

لەگەڵ ئەوەشدا بۆ چوونێك هەیە لەبواری دارشتنی نموونەو ستراتیژیەکانی گۆڕانکاری کەیەك ڕەگەز یان زیاتر لەڕەگەزە بنچینەییەکانی ئۆرگانەکە بگرێتە خۆی.

وە نموونەکانی گۆڕانکاری هێڵە پانەکان دەنوێنێ کە گۆڕانکاریەکان یاخود فاکتەرەکانی پەیوەندار بەگۆڕانکاری دەگرێتە خۆی.

وە لەگرینگترین ئەو نموونانە :

**١- نموونەی نووسەر کیرت لیوین :**

لیوین نموونەیەکی بۆ ڕوودانی گۆڕانکاری پەرەپێدان کە جێگای بایەخ پێدانێکی گەورەو ڕەزامەندییەکی فراوان بوو، زۆرن ئەوانەی باوەڕیان وایە کە ئەم نموونەیەو ئەو قۆناغانەی دیاریان دەکات یارمەتیەکی زۆر لە سەر ڕوودانی گۆڕانکاری بەسەر کەوتوویی دەدات، ئەگەر ئەم نموونەیە و قۆناغەکانی بەشێوەیەکی دروست پیادە کرا.

لیون پێش نیار دەكات كە هەر گۆڕانكاریەكی نەخشە كێشراوو هۆشیارانە سێ قۆناغ دەگرێتە خۆی بریتین لە :

١) توانەوە یان (شل كردنەوەی سەهۆڵ) :

ئەم قۆناغە تێكدان و دورخستنەوەو لەناو بردنی بیرو بۆ چوون و بەهاو نەریت و پیادە كردنی رەفتارەكانی ئێستای تاك دەگرێتە خۆی، ئەمە رێگا بەپەیدا كردنی هەست بەپێویستی بوون بۆ شتێكی نوێ دەدات، پێش فێر بوونی بیروباوەڕ بۆ چوون و پیادەكاریە نوێیەكان، پێویستە بیروباوەڕو بۆ چوون وپیادە كاریەكانی ئێستا وون بن، ئەوەی ئاسان كاری و یارمەتیدانی توانەوەی ئەم سەهۆڵە دەدات (وون بوونی رەفتارەكانی ئێستا)، فشارەكانی ژینگە دەرەكیەكان دەبێت، وەك لاوازی ئەرك بەجێگەیاندن و دابەزینی رادەی بەرهەم..دان نان بەبوونی كێشەیەك وە درك كردن بەوەی كەسێكی تر بیروڕای نوێی دۆزیوەتەوە.

ئەم قۆناغە زۆر گرینگە، وەرلێكی گەورە دەگێرێت لەسەر كەوتنی كرداری گۆڕانكاری، وە زۆر جار هەوڵ و رەنجەكانی گۆڕانكاری تێدەشكێت بە هۆی فەراموش كردن و پشت گوێ خستنی ئەم قۆناغە وە بایەخ پێ نەدانی گونجاو، وە بەپێی باوەڕی (فلمەر) لەم قۆناغەدا ئامانج بریتی دەبێت لەپەیدا كردنی ئامادەیی و هاندانی لای تاك بۆ گۆڕانكاری، وە فێر بوونی زانیاریەكان یان كارامەییەكان یان تێروانینە نوێیەكان لەرێگای نەهێشتنی یان دوور خستنەوەی زانیاری و كارامەیی و تێڕوانینەكانی ئێستا، كە لای تاك جۆرێك

لە بۆشایی پەیدا دەبێت، ڕێگا بە فێر بوونی شتی نوێ دەدات بۆ پڕکردنەوەی ئەم بۆشاییانە.

(شین) باوەڕی وایەکە دەکرێت سەهۆڵەکە بتوێتەوە (جیاوازیەکانی بەکارهێنان و بیرو بۆ چونەکان ئێستا) بەدۆزینەوەی هاندەرو ئامادەبوون بۆ فێر بوونی شتی نوێ لەماوەی داکۆکی کردن لە سەربێ سوودی و نەگونجانی شێوازو ڕێگاو بەکارهێنانەکانی ئێستا بۆ کارکردن، وە دۆزینەوەی هەست لای کارمەندان بەبێ ڕەزامەندی لەسەریان، وە داکۆکی لەسەر ڕۆڵی کارگێڕی دەکات لەم قۆناغەدا، وە پێویستی هەول و کارکردنی چالاك لەلایەن کارگێڕەوە بۆ کەم کردنەوەی کۆسپەکانی گۆڕانکاری.

ب) گۆڕانکاری :

لەم قۆناغەدا تاك فێری بیروباوەڕو شێوازو کارامەو زانیاریە نوێیەکان دەبێت بە جۆرێك کە تاك ڕەفتارێکی نوێ بەکار بێنێ یان کارەکەی بەڕێگایەکی نوێ بەئەنجام بگەیەنێت، واتا لەم قۆناغەدا گۆڕان و ڕاست کردنەوەیەکی تەواو لەئەرك یان کارەکان یان بەجێ گەیاندن یان تەکنیك یان هەیکەلی ڕێکخستن ..هتد جێ بەجێ دەبێت.

هەموو ئەوانە پێویست بەوە دەکات کەکارمەندان زانیاری و زانستی تەواویان پێ بدرێت هەروەها شێوازی نوێی و تێڕوانین و بیروباوەڕە نوێیەکان.

(سکین) ئاماژە بۆ ئەم قۆناغە دەکات کەئەم بوارانە دەگرێتەوە :

پەیوەستی کارمەندان بەلایەنەکانی دەس پێشکەری گۆڕانکاری وە چوونە ناو ڕۆڵی ڕاسپێری گۆڕانکاری و سوودەکانی گۆڕانکاری تێکەڵ بە خودیان بکرێت.

(لورین) لەپەلەکردن و هەوڵدان ئاگادارمان دەکاتەوە دەربارەی گۆڕینی کارو باروشتەکان بەخێراییەکی نا ئەقلانی، لەبەر ئەوەی ئەم کارە ڕەنگە ببێتە هۆی زەق بوونەوەی بەرهەڵستی بۆ گۆڕینی دۆخی ئێستا، ئەگەر ئەم دۆخە کۆتایی پێ نەییت بەدوور خستنەوەی، واتا بۆ توانینەوەی سەهۆڵەکە بەشێوەیەکی دروست یاوەری ئەم قۆناغە شلەژان و شپرزەیی، لەگەڵ تێکەلەیەك لە هەستی بێ هیواو دڵە ڕاوکێ دەبێت.

ج) گێڕانەوەی (دووبارە) بەستن (اعادە التجمید) :

مەبەست لەم بەشە ئەوی تاك فێری بووە لەبیرو باوەڕو کارامەیی و ئاراستە نوێیەکان، لەقۆناغی گۆڕانکاری تێکەڵ دەکرێت لە بەکارهێنانە کرداریەکان.

ئامانجی ئەم قۆناغە چەسپاندنی گۆڕانکاری و جێگیر بوونیەتی بەیارمەتی دانی تاکەکان لەسەر تێکەڵ کردنی ئاراستە و بیرو باوەڕ و شێوازەکانی رەفتار کەفێری بوونە بە شێوازو ئەو ڕێگاکارانەی لەسەری ڕاهاتوون، وە شێوازو ڕێگا نوێیەکان بەم جۆرە ئاسان و پەسند کراو دەبن، وەدەکرێت ئەمە جێ بەجێبکرێت لەماوەی ڕێگا پێدان بەکارمەندان بۆ دەربڕینی رەفتار یان ئاراستەکە، وە پێویستە پاڵپشتی یان بەهێز کردنی لەبار بەکار بهێنرێت بۆ بەهێز کردنی ئەو گۆڕانکاریەی و یستراوە هەروەها دەکرێت زیاتر ڕاهێنان ئەنجام بدرێت بۆ بەهێز کردنی جێگیری گۆڕانکاریەکە.

لەم قۆناغەدا هەڵسەنگاندن بەهەنگاوێکی بنچینەیی دادەنرێت، کەناکرێت فەراموش بکرێت، هەڵسەنگاندن کار بۆ پەیدا کردنی زانیاری بۆ تاکەکان دەکات ئەوە پەیوەندی بەسوودەکانی گۆڕانکاری هەیە، هەروەها تێچووەکانی و


پارمەتی زۆر کردنی هەول و تواناکان دەدات بۆ ڕوودانی ڕاست کردنەوە دروستەکان لە گۆڕانکاری لەگەڵ تێپەڕ بوونی کات.

**٢- نموونەی ( lvancevlch ) لەبەڕێوەبردنی گۆڕانکاری :**

(lvancevlch)و هاوڕێکانی بەڕێوەبردنی گۆڕانکاری بەوە دادەنێن کە کردارێکی ڕێك و پێکە لەچەند هەنگاوێکی بەیەك بەستراو پێك دێت لەزنجیرەیەکی لۆژیکی، ئەم شێوەی خوارەوە بەکورتی هەموو هەنگاو/قۆناغ روون دەکاتەوە.

هەزارنامەی کتێب

## قۆناغەکانی کرداری گۆڕانکاری



## لێرەدا بەکورتی باسی ئەمانە دەکرێت :

**١- هێزەکانی گۆڕانکاری :**

ئەمانە هۆکارەکانی ناوخۆیی و دەرەکی گۆڕانکارین :

**٢- دان نان بەپێویست بوون بۆ گۆڕانکاری :**

کارگێڕی ئۆرگانەکانەکە دەتوانێت پێویست بوون بۆ گۆڕانکاری بزانێت لەماوەی ڕاپۆرت و ئامارو زانیاریەکان کەلە سەر چاوە جۆراوجۆرەکان پێی دەگات لەماوەی ئاماری دارایی و بودجەکان، دابەزینی قازانج، کەم بوونەوەی تێکڕایی ئەرك بەجێگەیاندن و فرۆشتن، وە لاوازی ورەی کارمەندان ..شتی تر کەکارگێری دەتوانێت هێزو چری هێزەکانی گۆڕانکاری بزانێت.

**٣- دەست نیشانکردنی کێشەکە :**

ئامانج لەم هەنگاوە ناساندنی کێشەکەو سنوردار کردنیەتی، پێش بڕیاردان لەهەر کارراییەك، ڕەنگە کێشەکەلای هەمووان دیارو ئاشکرا بێت، بۆیە شارەزایی و هەڵسەنگاندن، باش و خۆماندوو کردنی دروست بەکاری زیندوو بەپێویست دادەنرێت لەم بوارەدا، لەکۆتاییدا قۆناغ دەست نیشانکردن پێویستە ئامانجەکانی گۆڕانکاری دیاری بکات، لەپاش دەست نیشان کردنی کێشەکە پێویستە لەسەر کارگێری ئەو ئامانجانە دیاری بکات کە یارمەتی ئاراستەی گۆڕانکاریەکە دەدات.

ئەمەو دەکرێت ئۆرگانەکە پەنابەرێتە بەر ڕاسپێرێکی گۆڕانکاری لەناو یاخود دەرەوەی ئۆرگانەکە، بۆ یارمەتیدان لەم قۆناغەو قۆناغەکانی داهاتوو، لەم قۆناغەدا دیاریکردنی پەیوەندی نێوان ئۆرگان و ڕاسپێری گۆڕانکاریەکە بەدی

دێت، وە ڕۆڵی لەکرداری گۆڕانکاریەکە بەشێوەیەکی ئاشکرا، هەروەها بڕیاردان لەسەر رادەی بەشداریکردنی کارمەندانی ئۆرگانەکە لەکرداری گۆڕانکاریەکە.

**٤- پەرە پێدانی ئەلتەرناتیف و ستراتیژییەتەکانی / شێوازەکانی گۆڕانکاری:**

کارگێڕی یان راسپێری گۆڕانکاری هەڵدەسێت بەبڕیاردان لەسەر ئەوەی کام لە ستراتیژییەتەکانی گۆڕانکاری ئەگەری زیاتری هەیە بۆ بەدی هێنانی ئاکامە چاوەڕوانکراوەکان، لێرەدا سێ ستراتیژییەتی گشتی بۆ گۆڕانکاری هەیە:

أ) گۆڕان لەبنیاتی ڕێکخراوەیی.

ب) گۆڕانی خەڵکی

ج) گۆڕان لەتەکتیك و ئامێرەکان.

**ئەم سێ ستراتیژییەتەی پێشو تەواوکەری یەکترن و وابەستەی یەکن، وە بەم جۆرە:**

- <u>ستراتیژییەتەکانی گۆڕان لەبنیاتی ڕێکخراوەیی.</u>

ڕەنجەکانی ئەرك بەجێگەیاندن دەگرێتە خۆی لەماوەی ڕاست کردنەوەدو گۆڕانکاری بنیاتی ڕێکخراوەیی فەرمی وە نەخشەکێشانی فەرمانبەرێتی و پەیوەندییەکانی دەسەلات..هتد .

- <u>ستراتیژییەتەکانی گۆڕان لەرەفتاردا :</u>

ئەو رەنجانەی ئاراستەکراون بۆ گۆڕانی هێزە پاڵنەرەکانی کارمەندان و زانیاری و کارامەیی و بیرو بۆ چوونەکانیان.

- <u>گۆڕانکاری تەکنیکی :</u> ئەم لایەنە بەکار هێنانی هونەری و شێوازەکان و کەرەستەو ئامێرە نوێیەکان دەگرێتەوە.



هەواڵنامەی کتێب

**٥- بڕیاردان لەسەر دیاریکراوەکان / دۆخە پابەندکراوەکان (الظروف المقيدة):**

بژاردنی ستراتیژییەتی شێوازی گۆڕانکاری متمانە دەکاتە سەر دەس نیشانکردنی کێشەکە، بەلاّم کارتێکراو دەبێت بەهەندی گۆڕانکاری و بارودۆخە باوەکان لەئۆرگانەکەدا، وە لەوانە کەش و هەوای سەرکردایەتی و ڕێکخستنی فەرمی، وە کەلتوری ئۆرگانەکە.

بۆیە لەلایەکەوە پاڵپشتی کارگێڕی بالاّو خوێن گەرمی بۆ گۆڕانکاری پێش نیار کراو بەکارێکی پێویست دادەنرێت بۆ سەرکەوتنی گۆڕانکاریەکە، وە لەلایەکی ترەوە پێویستە ڕێکخستنە فەرمیەکە گونجاو بێت لەگەڵ گۆڕانکاری پێش نیار کراو، لەمەدا سیاسەت و فەلسەفەی کارگێڕی بالاّو نەخشەی ئۆرگانەکەو سیستمی چاودێری بەشداری تیادا دەکات، وەلەکۆتاییدا ناکرێت ڕۆڵی بەهاکان و پێوەرەکان و بنەمارەفتاریەکان (کەلتوری ئۆرگانەکە) پشت گوێ بخرێت.

**٦- بەرهەڵستی گۆڕانکاری :**

پێویستە لەسەر کارگێڕی درك بەوە بکات کە بەرهەڵستی کردنی گۆڕانکاری کارێکی سروشتیە و پێویست دەکات کە هۆکارەکانی بەهەڵستی کردن و چارەکردنی بزانێت.

**٧- جێ بەجێ کردنی گۆڕانکاری و بەدوواداچوونی .**

ئەم قۆناغە دوو ڕەگەز / بوار دەگرێتە خۆی کەبریتین لە :

أ) دیاریکردنی کات.

ب) بوار

مەبەست لەدیاریکردنی کات زانینی کەی گۆڕانکاریەکە ڕوو دەدات.

بەڵام بوار ئاماژە بۆ زانینی رادەی/ بڕی گۆڕانکاری کەپێویستە بەدی بێت، وەکێشەی دیاریکردنی کات کارێکی ستراتیژییە، وە متمانە دەکاتە سەر چەندین هۆکار وەبەتایبەتی رۆڵی کاری ئۆرگانەکە، کاروبارە سەرەتاییەکانی پێش گۆڕانکاریەکە، وەهەر گۆڕانکاریەکی سەرەکی پێویستە ڕکابەری و بەرهەڵستی کردارەکانی رۆژانە نەکات، ڕەنگە گۆڕانکاری لەماوەی لاوازی کاردا ئاسان تر بێت، لەگەڵ ئەوەشدا ئەگەر گۆڕانکاریەکە گرینگ بوو بۆمانەوەی ئۆرگانەکە ئەوا هیچ ڕێگایەك نیە تەنها جێبەجێکردنی یەکسەر.

بەڵام بواری گۆڕانکاریەکە متمانە دەکاتە سەر ستراتیژیەتی گۆڕانکاری، وە دەکرێت جێ بەجێ کرنی گۆڕانکارییەکە لەهەموو لایەنێکی ئۆرگانەکەوە بێت، وەپێویستە خێرا تەرخان بکرێت، یان دەکرێت جێ بەجێکردنی بەچەند قۆناغێك بێت، وە لەئاستێکەوە بۆ ئاستێکی تر وەلەکارگێڕییەکەوە بۆ ئەوەی تر.

بەڵام بەدووا دا چوون، ئامانجی بەدەست هێنانی زانیاریەکانە دەربارەی خۆراکی گەڕانەوە.

### ٣- نموونەی کۆتری نووسەر :

نووسەر بۆ گۆڕانکاری ڕێکخراوەیی سەرکەتوو پێش نیار دەکات ئەم هەشت هەنگاوەی خوارەوە پیادە بکرێت:

١) پەیداکردنی هەستی پێویست بوون بۆ گۆڕانکاری :

ئەم هەنگاوە ئەم لایەنانە دەگرێتە خۆی : تێبینی کردنی ڕاستیەکانی ڕکابەری، قەیرانەکانی ئێستا، قەیران و دەرفەتەشیاوەکان.

٢) پەیدا کردنی هاوپەیمانیەتیەکی ئاراستە کراو بۆ گۆڕانکاری :

هەوڵـەکانی گۆڕانکـاری ڕێکخراوەیـی پێویـستی بـەگروپێکی بـەهێز هەیـە لەئۆرگانەکـە بـۆ ئاراسـتەکردنی گۆڕانکـاری، وەپێویـستە ئـەم هاوپەیمانیەتیـە وەك گروپێکی کار بن.

٣) پەرەپێدانی دیدو ستراتیژییەت :

سـەر کـردەی گۆڕانکـاری سـەر کـەوتوو خـاوەن دیـدە بـۆ ئاراسـتەکردنی گۆڕانکاریەکەو ستراتیژییەتەکانی جێ بەجێ کردنی ئەم دیدە.

٤) گەیاندنی دیدی گۆڕانکاری :

سەرکردەی گۆڕانکاری سەرکەوتوو هەموو ئامرازێك کەلە تواناداا بێت بـەکاری دەهێنێت بۆ گەیاندنی دیدی نوێ و ستراتیژییەتەکانی جێ بەجێ کردن.

٥) بەتواناکردنی کار کردنی خاوەن بنکەیەکی فراوان :

هەواڵەکانی گۆڕانکاری پێویست دەکاتە بە : لەناو بردنـی کۆسـپەکان، گـۆڕینی کردارەکـان و پەیکـەرەکان کـە ڕێگـرن لەبـەردەم گۆڕانکـاری، وە هانـدانی ڕێگـا نائاساییەکان بۆ بەئەنجام گەیاندنی گۆڕانکاری.

٦) هێنانەدی دەسکەوتەکان، ئەنجامدان لە ماوەیەکی کورتدا :

پێویست بەپلان دانان دەکات بۆ چاککردنە بەر چاویەکان/ بەرجەستە، بـەدی هێنانی چاك کردن، پاداشت کردنی ئەوانەی کەبەشداری دەکەن بەشـێوەیەکی چالاك.

٧) تەرخان کردنی دەسکەوتەکان و جێ بەجێ کردنی گۆڕانکاری زیاتر :

لەگەڵ زۆر بوونی هێزی پاڵنەر، دەسکەتەکان بەکار دەهێنرێن بۆ بەدەس هێنانی دەسکەوتی زیاتر و زۆر تر لەو بەشداربووانەی کەتوانای نوێکردنەوەو بەکاراکردنی گۆڕانکاریان هەیە بەشێوەیەکی گەورەتر.

٨) چەسپاندنی بەرنامە نوێیەکان لەکەلتوری ئۆرگانەکە :

سەرکردایەتی گۆڕانکاری سەرکەتوو، بەبایەخەوە پەیوەستی نێوان ڕەفتارە نوێیەکان و سەرکەوتنی ئۆرگانەکە ئاشکرا دەکات، وەهەڵ دەدات بۆ دەست نیشانکردنی ئەو کارراییانەی بەردەوام بوونی ڕەنجەکانی گۆڕانکاری مسۆگەر دەکەن، کە نەبەستراوەتەوە بە تاکێکی دیاریکراو، تا ئەگەر سەرکردەش بێت.

هەواڵنامەی کتێب

### ٤- نموونەی بیتر :

ڕەگەزە سەرەکیەکانی گۆڕانکاری دەگرێتەوە، هەروەك (بیتر) وە پێشتر (لیفیت) ئاماژەیان بۆ کردوە :

١) ئەرکەکان :

کاروبارەکانی ئۆرگانەکە دەگرێتەوە، ئەو گۆڕانکاریانەی پەیوەندی بە نەخشەکان هەیە یان ئامێرەکانی نەخشەکێشان، یان دیاریکردنی ئەرکەکان و فەرمانەکان یان پێك هێنانی تیمەکانی کار.

٢) تەکنولۆژیا :

بوارە گۆڕانکاریەکانی پەیوەست بەتەکنولۆژیای ئامێر دەگرێتەوە (ئامێرو کەرەستەکان) وتەکنەلۆژیای کارکردن (سیستم و شێوازەکانی بەرهەم و ڕێگاکانی کار کردن) .

٣) پەیکەر:

گۆڕانکاری لەسیستمی دەسەڵات و بەرپرسیاریەتی دەگرێتەوە، وەسیستم و هەڵقوڵانی کار، کارراییەکان، پلەی ناوەندێتی و نانا وە ندێتی...هتد.

٤) هێزەکانی کار :

بریتیە لە هۆکارەکانی گۆڕانکاری لەکارمەندانی نۆرگانەکە، وەك ژمارەی هێزەکانی کارو شێوازەکانی ڕاهێنان و نامادەکردن، وەگەشەپێدانی سەرکردە کارگێرییەکان...هتد.

ڕەگەزەکانی گۆڕانکاری بنچینەیی ئاماژە بۆ کراو (ئەرکەکان، تەکنۆلۆژیا، پەیکەر، هێزەکانی کار) لەیەکتر جیا کراوە نین، بەڵکو بریتین لەبەشی تەواو کەرو پەیوەست لەگەڵ یەکتردا، پلەی نامادەییان بۆ گۆڕانکاری بەرێژەی کارتێکردن لەهەریەکەیان دەناسرێت.

٥- نموونەی هلریکل و سلوکوم



نموونەکە ئەم ڕەگەزانە دەگرێتەوە :

١- زانینی سەرچاوەکانی گۆڕانکاری .

٢- هەڵسەنگاندنی پێویست بۆ گۆڕانکاری .

٣- دەست نیشانکردنی کێشەکانی ئۆرگانەکە.

٤- زاڵ بوون بەسەر بەر هەرڵستی بۆ گۆڕانکاری.

٥- نەخشەکێشان بۆ هەوڵەکانی پێویست بۆ گۆڕانکاری .

٦- دانانی ستراتیژییەتەکانی گۆڕانکاری .

٧- بەجێهێنانی پلان لەماوەی کاتێکی دیاریکراو .

٨- بەدواداچوونی پلان و زانینی لایەنەکانی لاوازی و هێز تیادا.

ئەوالنامەی کتێب

### ٦- نموونەی لورنس ولورش

ئەم نموونەیەی کەلەلایەن لورنس و لورش ئامادە کراوە لەسەر چوار قۆناغی بنچینەیی بۆ گۆڕانکاری دانراوە.

أ) قۆناغی دەس نیشانکردن :

لێکۆلینەوەو زانینی جیاوازیەکان دەگرێتەوە لەنێون ئەنجامەکانی ئێستادا (یان ئەوی جێ بەجێ بووە) وە ئەو ئەنجامانەی پێویستە جێ بەجێ بکرێت.

ب) قۆناغی پلان دانان :

لەبەر ڕووناکی ئەم قۆناغەدا ستراتیژییەتە گونجاوەکان بۆ گۆڕانکاری دیاری دەکرێت.

ج) قۆناغی جێ بەجێکردن :

وەرگێڕانی ئەو ستراتیژییەتانە بۆ ڕەفتارێکی کرداری لەماوەیەکی دیاریکراو دەگرێتە خۆی.

**د ) قۆناغی هەڵسەنگاندن :**

ئەنجامە جێ بەجێ کراوەکان بەراورد دەکرێت لەگەڵ ئامانجە دانراوەکان بەمەبەستی دەست نیشانکردنی ئەو لا دانانەی ڕوویداوە لەگەڵ هۆکارەکانی.

## نموونەی لورنس و لورش بۆ گۆڕانکاری.



## ٧- نموونەی كاست وە رونزویك

بە بۆچوونی كاست و رونزوێك، نموونەی گۆڕانكاری نەخشەكێشراو متمانە دەكاتە سەر توانای كارگێری لەدیاریكردنی كاریگەری ئۆرگانەكە و لێهاتوویی بەپێی شێوازی هەست پێ كردن بەو كێشانەی لەئەنجامی لادانی نێون ئامانجە ئارەزوو مەندەكان و ئامانجە بەدەس هاتووەكان پەیدابووە.

ئەم نموونەیە ئەم لایەنانە دەگرێتەوە :

١- هەست پێكردن بەكێشەكان و درك كردن بەپێویست بوون بۆ گۆڕانكاری .

٢- دیاریكردنی ئەو بۆشاییەی هەیە بەكردەوە لەنێوان ویست و جێ بەجێ بووندا هەیە بەكردەوە لەئامانجەكان.

٣- هەلسەنگاندنی ئەلتەرناتیف بەردەستەكان بۆ گۆڕانكاری .

٤- جێ بەجێ كردنی گۆڕانكاری .

٥- بەدووا چوون و هەڵسەنگاندنی ئەنجامەكان.

### نموونەی كاست و رونزویك بۆ گۆڕانكاری نەخشەكێشراو



٩- نموونەی کرینەر :

کرینەر توێژەر ئاماژەی بۆ ئەوە کردوە کەسیاسەتی گۆڕانکاری سەرکەوتوو بەشەش قۆناغدا تێپەڕ دەبێت و کاریگەریان بەسەر یەکەوە هەیە، بەتایبەتی لەماوەی بەدەر کەوتنی کاردانەوەی بەپێچەوانە لەکاتی گواستنەوەی دەسەڵات لەپەیکەردا لەقۆناغێکەوە بۆ قۆناغێکی تر ، وە ئەمانەن :

أ) قۆناغی فشار کردنی سەر کارگێڕی باڵا بەمەبەستی دەس پێکردن بە کرداری گۆڕانکاری .

ب) قۆناغی دەس تێوەردان لەسەرەوە بەمەبەستی گێڕانەوەی گونجاندن و هاوسەنگی بۆ ڕووبەربوونەوەی کێشە ناو خۆییەکان.

ج) قۆناغی دیاریکردنی بواری کێشەکان و ناساندینان بەشێوەیەکی ورد.

د) قۆناغی داهێنان و چارەسەرە نوێیەکان و پابەندی بەئاراستەی نوێی کارکردن.

ه) قۆناغی تاقیکردنەوەی چارەسەریە نوێیەکان و توێژینەوە لەئەنجامەکانیان.

و) قۆناغی بەهێز کردنی ئەنجامە لەبارەکان و رازی بوون بەکارراییە نوێیەکان.

( ئەم شێوەیە جۆری ئەو نموونەیە ڕوون دەکاتەوە )

| فشار لەسەر پەیکەری دەسەڵات | کاردانەوەی پەیکەری دەسەڵات |
| --- | --- |
| **قۆناغی ١**<br>فشار لەسەر کارگێری باڵا | بەئاگاهاتن بۆ کار کردن |
| **قۆناغی ٢**<br>دەس تێوەردان لەسەرەوە | گێڕانەوەی گونجاندن بۆ چارەکردنی کێشە ناو خۆییەکان |
| **قۆناغی ٣**<br>دیاریکردنی بواری کێشەکان | زانینی خسلەتی کێشەکان |
| **قۆناغی ٤**<br>داهێنانی چارەسەرە نوێیەکان | پابەندی بەئاراستەی نوێ لەکاردا |
| **قۆناغی ٥**<br>تاقیکردنەوەی چارەسەریە نوێیەکان | توێژینەوە لەئەنجامەکان |
| **قۆناغی ٦**<br>بەهێز کردنی ئاکامە لەبارەکان | پەسند کردنی کارراییە نوێیەکان |

# ستراتیژییەتەکانی گۆڕانکاری

لێرەدا چەندین ستراتیژییەت هەیە کە ئۆرگانەکان شوێن پێی کەوتوون بۆ روودانی گۆڕانکاری پێویست لەوانە :

**١- ستراتیژییەتی ئەقلانیەتی مەیدانی**

ئەم ستراتیژییەتە لەسەر ئەو ئەگەرە هەستاوە کە دوژمنی سەرەکی بۆ گۆڕانکاری نەزانین و بێ هۆشیاری و کاری پڕو پوجە، وە لەدووایدا وا دەروانێنە فێر بوون و توێژینەوەی زانستی و لێکۆلینەوەکان وەك هۆکاری سەرەکی کە گۆڕانکاری لەسەر پەیدا دەبێت.

فێر بوون ئامرازێکە بۆ بلاو کردنەوەی زانیاری و زانست، بۆیە ئۆرگانەکان (دامەزراوەکان) هەڵدەسن بەنەخشەکێشانی بەرنامەکانی ڕاهێنان کە بەشێوەیەکی سەرەکی بایەخ دەدات بە زۆر کردنی زانیاریەکان بۆ ڕاهێنەران وە هەروەها هاندانی ناردراوانی خوێندن و تۆژینەوەو لێکولینەوە وەزانستیەکان.

**٢- ستراتیژییەتی رۆشنبیری و هۆشیاری ئاراستەکراو:**

ئەم ستراتیژییەتە وا دادەنێ کە کۆسپی سەرەکی لەبەردەم گۆڕانکاری کەمی زانیاریەکانە یان هەر نەبوونیەتی، بەڵکو نەبوونی باوەڕ لەلایەن کەسەکان یان ئۆرگانەکان بەپێویستی گۆڕانکاری یاخود نەبوونی ویست یان مەترسیان لەگۆڕانکاری، ڕەنگە لەگۆڕانکاری هەڕەشە هەبێت لەبەرژەوەندی هەندێ کەس یان دژایەتی کردنی بەهاو بیرو باوەڕەکانیان بێت وەلە دووایدا بەرهەڵستی دەکەن و رازی نابن پێی.

ئەو سەر کردەیەی خواستی ڕوودانی گۆڕانکاریە، هەوڵی زاڵ بوون دەدات بەسەر ئەم بەر هەڵستیە لەڕێگای هۆشیاری و ڕۆشنبیری و نەهێشتنی ترس و گەشە پێدانی ملکەچی بۆ ئەو گۆڕانکاریەی بەنیازە جێ بەجێ بکات، بەجۆرێك ڕەزامەندی و ئارەزووی بەوەی خەڵکی رازی بن و خواستی گۆڕانکاریان هەبێت، لەجیاتی ئەوەی ببنە کۆسپ لەبەردەمی و بەرهەڵستی بکەن.

لەو شێوازانەی لێرەدا بەکار دەهێنرێت راهێنانە کە ئامانجی گۆڕانە لەبیرو بۆچوونەکانی تاك وە بەدەست هێنانی ڕەزامەندیەتی.

**٣- ستراتیژیەتی هێزی بەتۆبزی : (قوە قسریە) .**

بەپێی ئەم ستراتیژیەتە ئەوا هەموو شێوازو ئامرازەکان لەروودانی گۆڕانکاری بەکار دێت، گۆڕانکاری دەسە پێنرێتە سەر لایەنە مەبەستکارەکان بەهێز، وە زاڵ بوون بەسەر هەموو شێوەکانی بەرهەڵستی کردن جێ بەجێ دەکرێت بەبەکار هێنانی لێپرسینەوەو سزادان بۆ هەموو سەرپێچەك و بەرهەڵستیەك.

ئەم ستراتیژییەتە ڕەنگە کارابێت لەهەندێ بارو دۆخ یان لەهەندێ بواری نائاسای، بەڵام لەماوەی دووردا کارا نابێت لەبەر ئەوەی ملکەچی تاك وپیشتگیریان بۆ گۆڕانکاری مسۆگەر ناکات.

وە سەرەرای ئەوەی کە ئەمە تەنها ستراتیژیەتی نموونەیی نیە لەتوانادا بێت بەکار بهێنرێت بۆ ڕوودانی گۆڕانکاری بەچالاکی، لەبەر ئەوەی سروشتی هەڵوێست و بارو دۆخەکان ئەو لایەنە دیاری دەکەن، بەڵام تێکەڵکردنی نێوان ستراتیژییەتی یەکەم (ستراتیژییەتی ئەقلانی مەیدانی) و ستراتیژییەتی

دووەم (ستراتیژییەتی ڕۆشنبیری و هۆشیاری ئاراستە کراو) ڕەنگە نموونەیی بێت، بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێ، کە ستراتیژییەتی سێیەم (هێزی بەتۆپزی) بەکار نەهێنرێت لێرەدا بارودۆخەکە ئەو ناچاریە دەسەپێنێ لەبەکار هێنانی هێز بۆ زاڵ بوون بەسەر بەرهەڵستی گۆڕانکاری.

**٤- ستراتیژییەتی و ڕوژاندنی رازی نەبوون دەربارەی بارو دخۆی ئێستا:**

ئەوەی جێگای ئاماژە پێکردنە، لێرەدا کەرازی نەبوون ڕەنگە بەکردەوە ڕاستی بێت، وەلەم بارەدا کارگێڕی پەنا دەباتە بەر بەهێز کردنی ئەم ڕازی نەبوونە، بەڵام نەبوونی ڕەزامەندی و دڵخۆش بۆ باری راهاتوو ئەگەر بەدی کرا، ئەوا پێویست بەوروژاندن یان جۆشدانی هۆکاری رازی نەبوونە کە دەکرێت وە بەئاشکرا و بایەخ پێدان بەلایەنی کەم و کورتیەکانی ئۆرگانەکە و بەتایبەتی ئەوی پەیوەندی بەکار جێ بەجێ کردن و ئامرازە پیادە کراوەکان هەیە لەکارکردندا.

وەلەبەر ئەوەی ڕێنمایی و زانیاریەکان هۆکارێکی گرینگی بۆ ڕوونکردنەوەی لادان و کەم و کورتیەکان، ئەوا زۆر گرینگە خولقاندنی ئەو باوەڕە لای کارمەندان بەوەی کە باری راهاتوو جێگای ڕەزامەندی نیە و پێویست بەڕاست کردنەوە دەکات.

**٥- ستراتیژییەتی بەکارا کردن و بەهێز کردنی پشتگیری بۆ کارگێڕی باڵای گۆڕانکاری :**

ئەگەر کارگێری باڵا پاڵپشتی گۆڕانکاریەکەی نەکرد یان تەنها هاوکاریەکی بچووکی کرد کە شایانی باس نیە، وە کەخۆی نموونەی بەرزی ئاستە کارگێڕییەکانی ترە، جێگای گومانە گەیشتن بەباری ئامادە باشی بۆ ڕوودانی

گۆڕنکاریەکە، وەبەپێچەوانەی ئەمە، ئەگەر کارگێڕی باڵا فشاری بەکار هێنا بۆ ڕوودانی گۆڕانکاری ڕەنگە ئەوە لەخۆیدا بەس بێت.

لێرەدا ئەوی شایانی ئاماژە پێکردنە، پاڵپشتی کردنی کارگێری باڵا بەتەنها ڕەنگە بەس نەبێت، بەهۆی بوونی چەندین ناوەندی هێزلە ئۆرگانەکە کە بەرهەڵستی گۆڕانکاری دەکەن.

**٦- ستراتیژیەتی بەشدار یکردن لە دروست کردن و کار پێکردنی بڕیارەکان :**

**بەشداریکردن لەوەرگرتنی بڕیارەکان بەبەهێزترین ئامراز دادەنرێت کەهاوکاری ڕوودانی کرداری گۆڕانکاریەکە دەکات، لەبەر ئەوەی تاکەکان پشتگیری ئەو بڕیارانە دەکەن، کەبەشدارن تیادا.**

بەشداریکردن دەبێتە هۆی ڕازی بوون بەبەرنامەکانی گۆڕانکاری و بەهێز کردنی هاندان لای بەشدار بووان وەگۆڕانکاریەکە کاریگەر و سەرکەوتوو دەبێت، هەروەها یارمەتی بەشدار بوو دەدات لەدروست کردنی بڕیارەکان و کارکردن بۆ گەیاندنی ناوەرۆکی گۆڕانکاریەکە وە ئاگادار کردنەوەی بەشدار بووان بەزانیارییە پێویستیەکان دەربارەی ئەم چالاکیە.

**٧- ستراتیژیەتی پەیوەست کردنی پاداشتەکان بەگۆڕانکاری :**

لەبەر ئەوەی پاداشتە (ماددی و مەعنەوی)یەکان دەبنە هاندەری ڕەفتاری مرۆیی، بۆیە بەستنەوەی سیستمی پاداشت بەگۆڕانکاری لەهۆکارە گرینگەکانی ئامادە کردنە بۆ ڕوودانی و کارپێکردنی.

وە دەکرێت پێزانین و ڕێزلێگرتن، پیاهەڵدان، پێگەی کۆمەڵایەتی، پاداشتەمادیەکان، ببەسترێتەوە بەڕادەی تێکەڵ بوون لەکرداری گۆڕانکاری

کە دەبێتە هۆی بەهێز کردنی ئاراستەکانی گۆڕانکاری و پشتگیری کردنی باوەڕ هێنان بەسوودەکانی.

**٨- ستراتیژیەتی شیکردنەوەی مەیدانی :**

تەکنیکی شیکردنەوەی مەیدانی بەچاکترین ئامرازەکانی تەکنیکی دادەنرێت، بۆ زانینی هۆیەکانی بەرهەڵستی کردنی گۆڕانکاری.

وەبیرۆکەی پشتەوەی ئەم ئامرازە لەوەدا خۆی دەنوێنێ کە کەوەك باوە هەندێ هێز کار دەکەن بۆ بەرژەوەندی پارێزگاری کردنی هاوسەنگی باری راهاتوو.

وە ئەگەر ئاگاداریمان هەبێت بەم هێزانە ئەوا کارگێڕی ئۆرگانەکە یان تیمێکی کار، لەتوانایدا دەبێت ئەم هێزانە هەڵوەشێنێتەوەو کار بۆ دۆزینەوەی ناوەندێکی هاوسەنگی باش بکات.

ئەمەو سەرەڕای بوونی هێزەکانی فشار بەرەو گۆڕانکاری، بەڵام دەکرێت ئەم هێزانە کاریگەریان بەتاڵ بکرێتەوە لەو هێزانەی فشاریان هەیە بەرەو بەرهەڵستی کردنی گۆڕانکاری و پارێزگاری کردنی هاوسەنگی باری راهاتوو .

بۆ بەهێز کردنی هێزەکانی فشار بەرەو ڕوودانی گۆڕانکاری ڕەنگە دەرئەنجامی هێزەکان گۆڕانی بەسەر دابێت وە هاوسەنگی نوێ دروست بێت کە جێگای ڕەزامەندییە.

وە بەمە جولە کردن بەرەو گۆڕانکاری پێویست لەتوانادا دەبێت بە ئاسانکاری زیاتر.

# هۆكارە كاریگەرەكان لەدیاریكردنی ستراتیژییەتی لەبار

لەگرینگترین ئەو هۆكارانەی كاریگەریان دەبێت بەسەر بڕیاری دیاریكردنی ستراتیژیەتێكی لەبار بۆ گۆڕانكاری ئەمانە یە :
ئامانجەكانی گۆڕانكاری، لایەنی مەبەست لەگۆڕانكاری (تاك یان كۆمەڵ یان ئۆرگان) دەرامەتەكانی بەردەست، تواناكان و ڕێگرەكان، ڕاسپێری گۆڕانكاری لێرەدا بەكورتی ئەم هۆكارانە باس دەكەین :

**١- ئامانجەكانی گۆڕانكاری**

دیاریكردنی ئامانجەكانی گۆڕانكاری ڕێكخراوەیی بە سەخترین و گرینگترین لایەنی كرداری گۆڕانكاری دادەنرێت، ڕاستە كە ئامانجی كۆتایی لەگۆڕانكاری ڕێكخراوەیی بریتیە لەیارمەتیدان بۆ پەیدا كردنی ئۆرگانێكی زیندوو، نوێكار، داهێنەر، گونجاو، بەلام دژ بەیەك و ڕێك نەكەوتن لەنێوان ئەم ئامانجانە كارێكی زۆر چاوەڕنكراوە بۆیە بەرەنگارییەك بۆ ڕاسپێری گۆڕانكاری دروست دەكات.

**لەكرداری دیاریكردنی ئامانجەكان پێویستە دوو بواری گرینگ ڕەچاو بكرێت:**

ناوەرۆكی ئامانجەكان وە چۆنیەتی دیاریكردنی ئامانجەكان.
دیاریكردنی ئامانجەكان لەلایەن ڕاسپێری گۆڕانكاری یان كارگێری بالا یاخود بەشداریكردنی كارمەندان، ئەوا كاردەكاتە سەر بڕیاری دیاریكردنی ستراتیژییەتی گۆڕانكاریەكە.

ناوەڕۆکی ئامانجەکان گرینگی کەمتر نیە لەشێوازی دیاریکردنی ئامانجەکان، بۆیە ئامانجەکان وەك گونجان لەپەیکەری ڕێکخستنن وە چاککردنی هانەدەر، وەپەرەسەندنی داهێنانی، پەیوەندییە چڕ کراوەکان...هتد، پێویستی بە سەرەتایە/ بەرنامە جیاوازەکانی گۆڕانکارییە.

وەبەشێوەیەکی گشتی دەکرێت بووترێت ئەو ستراتیژییەتەی کەشیاوە بۆ بواری گۆڕانکاری ڕەفتاری، دیاری دەکرێت وەك پێویستیەك بۆ پڕکردنەوەی کەلێنی نێوان خواست و واقیع.

وە لەو کارانەی تری پەیوەندار بەئامانجەکانی گۆڕانکاری کەناکرێت پشت گوێ بخرێت، رادەی پێ داگرتن و توانای جێ بەجێ کردنی ئامانجەکانە.

## ٢- لایەنی مەبەستدار :

دەکرێت ئەو (یەکە / لایەنە)ی کەمەبەستی گۆڕانکاری ڕێکخراوەییە، یەك لەم لایەنانە بێت (یان دوو لایەن یان هەموو یان) ئەو لایەنانەش : تاك، کۆمەڵ، ئۆرگان وەگۆڕانکاری لەماوەی دووردا هەر سێ لایەن دەگرێتەوە، بەڵام بڕیاری هەستیاری گرینگ ئەوەی کە پەیوەندی بەلایەنی مەبەستدارەوە هەیە لەماوەیەکی کورتدا.

ئەم بڕیارە کارتێکردنی دەبێت بەسەر هەڵبژاردنی ستراتیژییەتی گۆڕانکاری .

## ٣- دەرامەتە بەردەستەکان :

دەکرێت تەماشای هەوڵەکانی گۆڕانکاری ڕێکخراوەیی بکرێت بەوەی کە جۆرێکە لە جۆرەکانی وەبەر هێنان کە پێویست بەبوونی دەرامەتەکان هەیە

ئەمەوالنامەی کتێب

بۆ دەست پێکردن بەکرداری گۆڕانکاری و بەجێگەیاندن و بەدوا داچوون و هەڵسەنگادنی ئەنجامەکانی وە بۆ پارێزگاری لەسەر بەردەوامی بوونی .
وە دەرامەتە پێویستیەکان ئەمانەن : هێزەکانی کار، پارەو کە رەستە، زانست و شارەزایی، کات، هەروەها ویست و نیازی باش و بوونی باوەڕ...هتد.
هەر ستراتیژییەتێك پێویستی بەتێکەڵەیەك لەدەرامەتەکان هەیە، جیاواز لەوەی ستراتیژییەتەکانی تر پێویستیان پێی هەیە.

## ٤- تواناکان و ڕێگرەکان :

ئەو کارو بارانەی پێویست بەهەڵسەنگاندن دەکات تواناکان و هەلە بەردەستەکانە کە دەکرێت یارمەتی دەربن بۆ ئاسانکردنی کرداری گۆڕانکاری، هەروەها ئەو کۆت و کۆسپانەی (هێزە دژەکان) کە دەکرێت ڕێگربن لەبەردەم کرداری گۆڕانکاری، هەموو ستراتیژییەتێك یان گوزەرێك بۆ گۆڕانکاری پێویستی بە تێکەڵەیەکی جۆراو جۆر هەیە لەدەرنەسەت و بارو دۆخی چاك، ومبەمە بژاردنی دروست بۆ ستراتیژییەت پشت دەبەستێت بە هەڵسەنگاندنی وردی ئۆرگانەکەو ژینگەکەی وە کارمەندەکانی وە راسپێری گۆڕانکاری و خودی ستراتیژییەتەکە.

## ٥- راسپێری گۆڕانکاری :

راسپێر / بریکاری گۆڕانکاری، پیشەدارێکە یارمەتی ئۆرگانەکە دەدات بۆ ڕوودانی گۆڕانکاریەکە، ئەگەر چی پەیوەندی هەبێت بەوروژاندنی بایەخ پێدان بەگۆڕانکاریەکە یان پلان دانان یان ئاراستە کردنی گۆڕانکاریەکەو هەڵسەنگاندنی، وەرەنگە راسپێری گۆڕانکاری تاکێك یان کۆمەڵێك یان

ئۆرگانێك بێت وە ڕەنگە لەناو ئەو ئۆرگانەی کە گۆڕانکاری کاری تیادا دەکات یان لەدەرەوەی بێت.

وەکاری گرینگ لێرەدا دیاریکردنی پەیوەندییەکەیە لەنێوان ڕاسپێری گۆڕانکاریەکەو ئەو ئۆرگانەی کە هەوڵی یارمەتی دانی دەکات، وەسروشتی ئەم پەیوەندییە جیاواز دەبێت بەجیاوازی بارو دۆخەکە.

بەڵام کاری دووەم دەربارەی کەکێ بەگۆڕانکاری هەڵدەسێت، ئەمە پەیوەندی بەئەندامانی خودی ئۆرگانەکە هەیە، وەدەبێت بڕیارێك وەربگیرێت دەربارەی بەشداریکردنی ئەندامانی ئۆرگانەکە لەکرداری گۆڕانکاریەکە.

وە بەچاو پۆشین لەو ستراتیژییەتەی کە دیاری دەکرێت، دیدی نووسەر (ئەر جایرس) ئەوەیەکە هەر چالاکیەك یان بەرنامەیەك بۆ گۆڕانکاری پێویستە سێ داواکاری سەرەکی بەدی بێنێت، کە ئەمانەیە :

**أ) پەیدا کردنی زانیاریە ڕاستەقینەکان، بەبێ زانیاری ڕاستەقینە ئەوا زەحمەت دەبێت کە ئەو ئۆرگانەی بایەخ بەگۆڕانکاری دەدات، فێربوونی هەبێت، هەروەها زەحمەتە لەسەر ڕاسپێری گۆڕانکاری یارمەتی دان هەلسەنگێنێ.**

**ب) هەڵبژاردنی ئازادانەی پشت بەستوو بەزانیاریەکان.**

**ج) پابەندی ئۆرگانەکە بەفێر بوون و گۆڕانکاری وە پابەند بوونی بەو هەڵبژاردنەی کاری پێ دەکات.**

ئەم پێداویستی و مەرجانە هەر سێکیان : زانیاری ڕاست، هەڵبژاردنی ئازاد، پابەندی ناو خۆیی، بەبەشێکی سەرەکی کە جیاناکرێتەوە لەهەر چالاکیەکی گۆڕانکاری لە ئۆرگانەکە دادەنرێت.

# بەرهەڵستی كردنی گۆڕانكاری

## جۆرەكانی گۆڕانكاری و ڕوژێنەر بۆ بەرهەڵستی كردن :

سەرەرای سەرچاوە گشتیەكانی بەرهەڵستی كردنی گۆڕانكاری، لێرەدا چەندین جۆری دیاریكراوی ڕووداوەكان هەیە كە دەكرێت ببنە هۆی بەر هەڵستی كردن وە ئەم ڕووداوانە لەئەنجامی چەندین گۆڕانكاری كە بەڕێوەبەرەكان ئاراستەی دەكەن لەكاتی كاركردندا ئەوە ئاشكرا دەكات كەتەنها ڕاستی (بەرەو ڕووبەڕووبوونەوەی بەرهەڵستی) ئەوە ناگەیێنێ كە خۆیان لەم گۆڕانكاریانە دوور بخەنەوە، بەڵكو هەوڵی تێگەیشتنی تەواوی مەترسییەكان بدەن، ئەمە دەبێتە هۆی كەم بوونەوە لەتوندو تیژی بەرهەلستیەكە، وە پێویستە ئەوە تێ بگەین كە ئەم جۆرە گۆڕانكاریانە بەرهەڵستی كردنیان بەدی دێت بەشێوەیەكی گشتی، بەڵام هەردەم ئەمە ڕاست نیە.

بەڵام ئەو گۆڕانكاریانەی بەشێوەیەكی باو بەرهەڵستی دەكرێن ئەمانەن :

- لەكارامەیی پێویست بەپیشەكان كەم دەكاتەوە.
- كەم كردنەوەی پلەو پایەی فەرمانبەرێتی.
- پەیوەندییە كۆمەڵایەتیە پێك هاتووەكان لاواز دەكات.
- هەڕەشە لەدەستەبەری نیش و كار یان دڵنیایی دەروونی دەكات.
- تێگەیشتنی تەواوی نابێت.
- دژ بە پێوەری رەفتارە كۆمەڵایەتیەكان دەبێت.
- كارتێكردنی لەشێوازە پەسەندكراوەكان بۆ دروست كردنی شتەكان.
- خەڵكی لە سەری بەزۆری ناچار دەكرێن.

- لەبڵاوبوونەوەی زانیاریەکان بۆ خەڵکی کەم دەکاتەوە.
- دەرفەتەکانی کارتێکردنی کۆمەڵایەتی کەم دەکاتەوە.
- خەڵکی وایلێ دەکات کەهەست بەکاریگەری یان توانایان نەکەن.
- لەدەست ڕۆیشتن و کارتێکردنی خەڵکی کەم دەکاتەوە.
- لەتایبەتمەندی تاك کەم دەکاتەوە.
- لەدەسەڵات رۆیی کەسایەتی کەم دەکاتەوە.
- ناتەواویە کە سایەتیەکان ئاشکرا دەکات.
- ئەرك بەسەر فەرمانبەران زیاتر دەبێت لەسوودەکەی.

لێرەدا پرسیارەکە ئەوەیە کە کارمەندانی گۆڕانکاری بۆ بەرهەڵستی دەکرێ .

لەراستیدا ئەمە دەگەڕێتەوە بۆ چەند هۆیەك :

١- لەدەست دانی دەسەڵات بەسەر گۆڕانکاری .
٢- دڵنیانە بوون تائاستێکی بەرز.
٣- کتوپڕی
٤- شوێنەواری جیاوازی .
٥- هەستی کارمەندان بەتەنگی.
٦- ترس لەبێ توانایی لەسەر کار بەلێهاتوویی لەژێر سێبەری سیستمی نوێ.
٧- بوونی ئاسەواری لابەلای گۆڕانکاری.
٨- پێویست بەبوونی هەوڵی زیاتری کارمەندان.
٩- بوونی ساکالاّ کۆنەکان.
١٠- بوونی هەندێ زەرەرو زیان لەئەنجامی گۆڕانکاری.
١١- ترس لەبەکار نەهێنانی شارەزایی و زانستی پێشو لای کارمەندان.

١٢- بێ باوەڕی كارگێڕی لە پێش نیار كردنی بۆ گۆڕانكاری.

١٣- كار پێكردن بەگۆڕانكاری لەكاتێكی نەگونجاو.

١٤- فشاری گروپەكانی كار.

١٥- خەرجكردنە وونبووەكان.

١٦- گۆڕان لەتەرازووی هێز.

١٧- ترس لەزەرەر پێگەیاندنی ماددی تاكەكان.

لەم لستە درێژە دەردەكەوێت كە مەحاڵە بۆ بەڕێوەبەر جێ بەجێ كردنی هەر گۆڕانكاریەك ئەمە تاداڕادەیەك ڕاستە – زۆربەی ئەو گۆڕانكاریانەی پێشنیار كراون لەلایەن كارگێرییەوە بەجۆرێك دارێژراوە كەتێچووی كەم بێتەوەو وەكاریگەری چاك بكات.

بەڵام بەزۆری كارتێكردنی نەگیتیڤی دەبێت بەسەر شارەزایی فەرمانبەران لەكاردا.

بەڵام تێگەیشتنی باشمان بۆ هۆیەكانی بەرهەڵستی گۆڕانكاری، دەكرێت یارمەتیان بدات لەپشكنین و بەراورد كردنی ئەو ڕێگایانەی كە دەكرێت یارمەتی كەم كردنەوەی بەرهەڵستی كردن بدات.

# هۆیەکانی پەسند کردنی گۆڕانکاری

ئەو هۆیە سەرەکیانەی لەپشت رازی بوونی خەڵك دەوەستێن بۆ گۆڕانکاری دەکرێت باسیان بکرێت لەماوەی تێروانینمان بۆ هەڵس و کەوتی تاکەکان، وە بانموونەیەك بێنینەوە بە گەشتیارانی تیپێکی گەشت، وە بەم جۆرەی خوارەوە.

**١- گۆڕانکاری بەهەڵبژاردنی تایبەتیانە :**

خەڵکی کاتی زستان مۆڵەت وەردەگرن لەبەر ئەوەی ئارەزوویان لەوەدایە، نەك لەبەر ئەوەی ناچارن بۆ ئەوە، کەس نیە ئاگاداریان بکاتەوە دەربارەی گۆڕانکاری، وە ئەم دەرفەتە لەدیاریکردنی چارەنووسی تاك خۆی لەخۆیدا شتێکی گرینگە، بۆیە بەرهەڵستی کردن روو دەدات گۆڕانکاریەکە بەزۆر دەسەپێنرێت.

**٢- گۆڕانکاری بەرەو چاکتر :**

هەموو ئەوانەی لەکاتی مۆڵەتدا رۆیشتوون، چاوەڕوانی بەدەست هێنانی شارەزاییەکی لەباردەکەن، ئەم ئەنجامە سەلێنراوە لەبەر ئەوەی (أ) هەستاون بەهەمان شارەزایی پێشتر، یاخود (ب) لەبەر ئەوەی قسەیان کردووە لەگەڵ کەسانی تر کەبەهەمان تاقیکردنەوە تێپەڕ بوونە.

دەربارەی ئەوانەی کەشی گەرمیان پێ خۆش نیە، ئەم گۆڕانکاریە بەسوود بەخش دانانرێت بۆیە بۆ هیچ جێگایەك ناڕۆن.

**٣- گۆڕانکاری پێداویستیەکان بەدی دێنێت :**

ئەگەر چاو پێکەوتنت لەگەڵ هەموو ئەوانەی ناو فرۆکەیەکن کرد، دەبینیت چەندین هۆکار هەیە لەپشتی ئەم گەشتەوە، هەر چەندە کەشی لەبار هۆیە باوەکەیە بەلای هەمووان، بەڵام لەگەڵ چاوپۆشین لەم هۆیە تاکانە، دەبینی کە گەشتە کە پێداویستیەکانی هەریەکەیان جێ بەجێ دەکات.

**٤- هەموو کەسێك زانیاری پێویستی هەیە :**

هەموو بەشداریێك لەکرداری گۆڕانکاری کە لەسەرەتاوە، هەرەکەیان قسەی لەگەڵ بریکاری نووسینگەی گەشتیاریەکە کردووە وە هەندێ زانیاری خوێندۆتەوە وە گفتوگۆی لەگەڵ چەند کەسانێك کردووە کەهەستاون بەهەمان گەشت لەپێشتر یان بە گەشتێکی هاوشێوە، بۆ هەستان بەگەشت هەموو زانیاریە پێویستیەکان بەدەس هات بۆیە لەباری دڵەراوکێی پەیوەست بەکرداری گۆڕانکاریەکە کەم دەکاتەوە.

**٥- گۆڕانکاری نەخشەکێشراو ورێکخراو :**

لەتوانادا نابێت، کە هیچ کەسێك بەگەشتێك هەستێت یەکەسەرو بێ بیرکردنەوەیەکی پێشووتر.

زۆربەی خەڵك پلانی بۆ دادەنێت پێش چەند مانگێك بەجۆرێك کەئامادە بن بەتەواوی لەڕووی جەستەیی و دەروونی کاتی ڕوودانی گۆڕانکاری، بەپێی ئەم شیکردنەوەیە بۆ هۆیەکانی پەسند کردنی گەشتیاران بۆ گۆڕانێکی گەورەی بەم جۆرە ڕوودەدات، دەکرێت دۆخی هاوشێوە ئامادە بکرێت لەکار کردندا، ئەمەوا لەفەرمانبەران دەکات کە زیاتر ئامادە بن بۆ پەسند کردنی گۆڕانکاری.

بەڕاستی ئەمە لەزۆربەی ئۆرگانەکان روونادات، لەبەر ئەوەی ئەو گۆڕانکاریانەی کە جێ بەجێ دەکرێن ئەوا پێویستی بەو پێنج خسلەتە هەیە کە باسمان کرد دەربارەی گۆڕانکاری .

## شیکردنەوەی هۆیەکانی بەرهەڵستی کردنی گۆڕانکاری

با لەسەرەتاوە رێککەوین لەسەر ئەوەی کە مرۆڤ لەراستیدا وە لە هەموو بوونەوەرەکان گونجاوترە لەگەڵ گۆڕانکاری، بۆیە هەنگاوی یەکەم لەهەستان بە کارگێڕییەکی کارا بۆ گۆڕانکاری ئەوەیە کە بەو ڕاستیە رازی بین کە خەڵکی خاوەن بەهرەی سروشتین بۆ خۆگونجاندن لەگەڵ ژینگەدا...بۆیە بەرهەڵستی کردنی گۆڕانکاری بەڕەفتارێکی ناسروشتی دادەنرێت... لەبەر ئەوە ئێستا پێویستە لەسەرمان هەستین بەشیکردنەوەی هەڵوێستەکە بۆ زانینی هۆی بەرهەڵستی کردنەکە، کە ڕەنگە یەك یان زیاتر لە هۆیەکی هەبێت لەم هۆیانەی کە دێن.

هەواڵنامەی کتێب

١- هۆیە ئابوورییەکان :

زۆررینەی خەڵك وەك هەڕەشەیەك لەپێگەی فەرمانبەریانەوە تەماشای گۆڕانکاری دەکەن، وەگۆڕانکارییە تەکنۆلۆژییەکان بەتایبەتی ئەو کارتێکردنەی هەیە، لەبەر ئەوەی زۆر لە فەرمانبەران دەگرێتەوە.

بۆ نموونە فەرمانبەرانی نووسینگەی پۆست بەرهەڵستی گۆڕانکاریە تەکنولۆژییەکان دەکەن، وەك کرداری بژاردنی نامەکان بەشێوەیەکی ئامێری،

لەبەر ئەوەی ئەم کردارە میکانیکیە هەڕەشە لەمسۆگەر بوونی ئیش و کارەکانیان دەکات.

وەدەکرێت بەر هەڵستی گۆڕانکاری بکرێت لەبەر ئەوەی فەرمانبەر لەکار تێکردنی گۆڕانکاری بەسەر ئەو ئیش و کارەی کە پێی هەڵدەسێت تێی ناگات یان نازانێت.

نادیاری و لێلی لەم هەڵوێستانە وەك باوە کارتێکردنەکان نەگەتیڤانە دەبێت، واتا فەلسەفەی (نەبوونی هیچ هەواڵێك ئەوە دەگەیەنێ کە کارو بارەکان باشن) ناسەلمێنرێت لەباری دڵەراوکێ دەربارەی مسۆگەر بوونی پیشەکەیی و بەردەوامی.

وەك باوە لەگەڵ هەموو سەرچاوەکانی بەرهەڵستی، هۆکاری گرینگ ئەو درك پێکردنەیە کەلای تاك هەیە، دەکرێت لێرەدا هەرەشەیەکی راستەقینە نەبێت بۆ دەستەبەرکردنی ئیش و کار کاتێ پێش نیاری گۆڕانکاری نوێ دەکرێت، بەڵام ئەگەر خەڵکی درکیان بەوە کرد کە لێرەدا هەرەشەیەك بۆ ئیش و کارەکە هەیە ئەوا هەڵس و کەوتیان بەپێی هەڵوێستەکە دەبێت، ئەمەش ڕەنگەکارێکی بێ ئومێدی بێت بۆ ئەو بەڕێوەبەرانەی کە دەزانن گۆڕانکاری هەرەشەیەکی ئابووری دروست ناکات کەدەبێتە هۆی ڕاکێشانیان بۆ رەفتار کردن لەگەڵ کێشەکە بەبۆچوونی فەرمانبەران نەك وەك خۆیان تێی دەڕوانن.

### ٢- هۆکارە کۆمەڵایەتیەکان :

ئەو پەیوەندییە کۆمەڵایەتیانەی لەناو گروپەکانی کارداپێك دێن دەکرێت سنورداریەکی گرینگ بۆ رەفتار دروست بکەن.

وەلەبەر ئەو هۆیانە، گروپەکان بەرهەڵستی گۆڕانکاری دەکەن ئەگەر هەڕەشەی بۆ پێوەرەکانی رەفتاری گروپەکە هەبوو.

بۆ نموونە : زۆر لەو گۆڕانکاریە پێش نیار کراوانە لەلایەن بەڕێوەبەرەکان کار دەکاتە سەر بەڕێوەچوونی کار لەبەشەکە، وە ئەو پەیوەندییە کۆمەڵایەتیانە گۆڕانی بەسەردا دێت کە پێك هاتووە لەناو گروپەکە تەنها بەگۆڕانی مێزو کورسیەکان لە نووسینگەیەك لەنووسینگەکان دەکرێت دەرئەنجامەکانی گەورەبن لەسەر رێگای هەستانی گروپەکە بەئەرکێك.

هەروەها ئێمە دەزانین کە پێوەرەکانی گروپەکە دەکرێت کارتێکردنی گەورەی بەسەر رەفتاری فەرمانبەر دا هەبێت، وە هەر گۆڕانکارییەك بەپێچەوانەی پێوەرەکانی گروپ ئەوا تووشی بەر هەڵستی دەبێتەوە.

### ٣- هۆکارەکانی پەیوەست بە پلەو پایە ( پیشە ) :

بەردەوام گۆڕانکاریەکان کارتێکردنیان بەسەر پێگەی پیشەیی دەبێت لەناو دامەزراوەکە، هەر گروپێك لەماوەیەکدا سیستمێکی ناو خۆیی پێك هێناوە بۆیە هەر گۆڕانکاریەك دەسکاری ئەم سیستمە بکات بەرەو رووی بەرهەڵستی دەبێتەوە.

هەروەها دەکرێت گۆڕانکاریە تەکنۆلۆژییەکان هۆیەکی سەرەکی بن بۆ کێشەکانی پێگەی پیشەیی ناو گروپەکە، لەبەر ئەوەی رەنگە گۆڕان بەسەر پێداویستیەکانی پیشەیەك لە کارامەیی و ئاستە بەر پرسیارەتیەکان پەیدا

بێت، ئەمڕۆ نموونەی باو بەڕێگای چارەکردنی ووشەکان لەبڕی ئامێرەکانی نووسین بەکار دەهێنرێت لەنووسینگەکان.

ئەو فەرمانبەرانەی لەسەر ئامێری نووسین کار دەکەن کتوپڕ بوونە بەکار هێنەری کەرەستەی تەکنولۆژی پەرەسەندو کەکارتێکردنێکی نەگێتڤانەی بەسەر پایەی فەرمانبەرەکانی تر دەبێت.

پرۆسەی بەئامێر کردن بەگشتی کارتێکردنی پێچەوانەی دەبێت لەبەر ئەوەی لەئاستی کارامەیی پێویست لەپیشەکان کەم دەکاتەوە، وە لەدووایدا لەبەهای ئەوانەی لەو پیشانەی کار دەکەن کەم دەکاتەوە.

دژوارە تێگەیشتنی هەر گۆڕانکارییەك لەئۆرگانەکە کارنەکاتە سەر پێگەی کەسێك لەناو ئۆرگان.

گۆڕانکاری ماددی لەرێك و پێك کردنی شوێنی کار کردن لەناویەکەی کاردا، یان دیاریکردنی رووبەرێکی زەوی، یان جێ بەجێ کردنی کارراییەکی نوێ لەکاردا، یان کارپێکردنی فەرمانبەرێکی نوێ لەگروپێکی کار، یاخود کڕینی کەرەستەی نوێ، ئەوا کاریگەری دەبێت نەك تەنها بەسەر چەند فەرمانبەرێك بەڵکو هەروەها بەسەر کەسانی تر لە سیستمی ناو ئۆرگانەکە.

**٤- هۆکارەکانی دەستەبەری و پاراستن :**

یەك لەو کارانەی هەوڵی بۆ دەدەین لەژیانماندا کە بەدەستی بێنین، بەدەست هێنانی پلەیەك لەمسۆگەری و دڵنیا بوونە لەژیاندا، هێزی ئەم پێداویستیە دەگۆڕێت لەکەسێکەوە بۆ یەکێکی تر، بەڵام هەمووما پێویستیمان بەهەندێ دەستەبەری و دڵنیا بوون هەیە، وە بۆ خۆ پاراستن ئەمە پێویست بەبەرهەڵستی کردنی ئەو گۆڕانکاریانە دەکات کە گومانی پەیدا کردووە،

زۆرن ئەو گۆڕانکاریانەی کەلەلایەن ئاستە بەرزەکانی ئۆرگانەکە داڕێژراوە وە دەخرێتە ئەستۆی سەرپەرشتی کەرانی جێ بەجێکەر.

ئەم جۆرە گۆڕانکاریانە دڵە ڕاوکێ دروست دەکات لای فەرمانبەران لەبەر ئەوەی رۆڵیان نەبووە لەنەخشەکێشانی کار تێکردنی سەلبی لە باری بێ دڵنایی کەم ناکاتەوە تاکاتێ بەویستی خۆمان دەسەڵاتمان بەسەر گۆڕانکارییە پێویستیەکان دەبێت.

٥- **هۆکارە خودییەکان :**

ئەو بەر هەڵستیەی روو دەدات بەهۆی خود (منی باڵا) زۆر پەیوەست و نزیك دەبێتەوە لەکێشەی پلەو پایە یان پێگە، وە تێڕوانینمان بۆ بەر هەڵستی کردن لەم دیدەوە بایەخ پێدانێکی جیاوازمان دەداتی بۆ کێشەکە کەبەناو ئۆرگانەکان بڵاودەبێتەوە.

بەڵام زۆر کەم لەتوانادا دەبێت تێگەیشتنی.

گۆڕانکارییەکان بەزۆری کارتێکردنی نالەباریان دەبێت ئەویش هەست پێدان بەفەرمانبەری توانادار کەبێ توانایە جارێکی تر دەبینین ئەو گۆڕانکاریانەی مۆرکی تەکنۆلۆژیان پێوە دیارە، گونجاو دەبن لەگەڵ ئەم توێژە فەرمانبەرە، هەر چەندە ئەمانە هۆکاری تەنها نین بۆ ئەو لایەنە.

هەولاتنامەی کتێب

# گوزەرەکانی کەم کردنەوەی بەرهەڵستی گۆڕانکاری

چـۆن دەکرێــت بەرهەڵــستی کردنــی گۆڕانکــاری ســنوور داربکرێــت؟ لێرەدا چەندین ئامرازو شێواز هەیە دەکرێت بەکاریان بهێـنین بـۆ کـەم کردنـەوەی کرداری بەرهەڵستی کردنی گۆڕانکـاری لەگـەڵ ناچـار بـوون بـەئاگاداری بـوونی ئەوەی کە کرداری زاڵ بوون بەسەر بەرهەڵستی کردنی گۆڕانکـاری ناکرێـت پـشت بەیەك شێواز ببەستێت لەبەر ئەوەی خودی کردارەکە کردارێکی ئاڵۆزە بۆیە پێویـستە لەسەرمان کە لەیـەك شـێواز زیـاترو لەیـەك کاتـدا پیـادە بکـەین، وەگـرینگترین شێوازەکان ئەمانەن:

١) بەشداریکردن لەگۆڕانکاری:

یەك لەو ڕێگایانەی بەکار هێنراوە بۆ زاڵ بـوون بەسـەر بـەر هەڵستی کردنـی گۆڕانکـاری بریتیـە لەبەشـدار پێکردنـی فەرمانبەرانـە ئـەوانی کاریگـەر دەبـن بەگۆڕانکاریە کە لـەجێ بـەجێکردنی، لێـرەدا ووتەیـەکی کـۆن هەیـە دەڵێـت: ئەو کەسانەی کەلەگەڵتانن لەناو بەلەمێك کونی تێدا ناکەن.

ئەگەر فەرمانبەران بەشـداری گۆڕانکاریەکـەیان کـرد ئـەوا زانیـاری زۆریـان لێ دەسـت دەکـەوێت، بۆیـە دەرفـەتیان بـۆ دەبێـت بـەکارتێکردن لەپرۆسـەی گۆڕانکاریەکە لەماوەی بیرورا تایبەتیەکانیان.

بەشداریکردن یارمەتی کەم کردنەوەی هەندێ دیاردەی دڵە ڕاوکـێ دەدات کـە دەبێتـە ئـاوەڵی گۆڕانکاریەکـە (ئەگـەر چـی لـەناوی نابـات بەیـەکجاری) وە هەستێك دەداتە بەشدار بووەکان کە ئەوان لەبنچینەدا خاوەن گۆڕانکاریەکەن

بەمەرادەی پابەندیان بەکاروگۆڕانکار ییەکە زیاتر دەبێت بەجۆرێك کە جێ بەجێکردنێکی راستەقینەی ئاسان دەبێت.

بەلام بەشداریکردن بێ کێشە نابێت، کاتێ بڕیار دەدەیت کەفەرمانبەران بەشداریت بکەن پێویستە بەبیرو بۆ چوونیان رازی بیت وە ئەگەر بەڕێوەبەر بەشدار بوونەکەی بۆ ئەوە بەکار هینا کەزالێ بێت بەسەر فەرمانبەرانی بەشدار بوو، تا پێشنیارەکانی پەسند بکەن ئەوا ئەو بارەی بەزەرەر بۆ دەگەڕێتەوە لەبەر ئەوە ی کەشێك لەنارەزایی و قین دروست دەکات، بۆیە پێویستە بەشداربوونەکە بەشدارییەکی راستەقینە بێت، هەروەها لێرەدا بابەتێکی تر هەیە ئەویش دیاریکردنی ئەو قۆناغەی کە پێویستە فەرمانبەران بەشداری لە کرداری گۆڕانکاریەکە بکەن، ئەگەر داوایان لێکرا لەقۆناغەکانی سەرەتایی بەشداری لە پرۆسەی پلان دانان بکەن ئەوا بەزۆری زانینی تەواویان نابێت بۆ پێشکەشکردنی پێش نیارە گونجاوەکان، وەهەروەها ڕەنگە بەهەڵستی بیرۆکەی گۆڕانکاریەکە بکەن لەبیچینەدا.

بۆ نموونە ڕەنگە کارگێڕی ئارەزووی جێ بەجێکردنی پرۆسەیەکی نوێی بەرهەم هێنانی هەبێت، کە کار دەکاتە سەر چەندین پیشە لەیەکەی کار کردندا .

ئەگەر فەرمانبەران لەسەرەتای بیرۆکەکە بەشداریان تیادا کرد ئەوا بەرهەڵستی دەکەن، بەلام کاتێ کارگێڕی ڕێك دەکەون لەسەر ڕوودانی گۆڕانکاریەکە ئەوا دەکرێت ڕێگا بدرێت بۆ بەشداریکردنی فەرمانبەران لەسەر ئەو ئاستەی کە تیادا چۆنیەتی وە ج شێوەیەك لەگۆڕانکاری جێ بەجێ بکرێت.



هەولاتیکی کیتێر

بنەمای بنچینەیی لێرەدا ئەوەیە بەڕێوەبەر بڕیار لەسەر ئەم خاڵانە بدات، کە لەڕووی کارگێڕییەوە جێگای گفتوگۆو لۆژیك نیە، وە ناکرێت جێگای چەندو چوون بێت، بەڵام دەربارەی لایەنەکانی گۆڕانکاری کەبابەتی پەسند کردنی فەرمانبەرانە، وەخودی ئامانج لە بڕیارەکە ناگۆڕدرێت، دەکرێت بۆ فەرمانبەران بەشداری تیادا بکەن.

بەشداریکردنی فەرمانبەران لەکرداری گۆڕانکاری نەبوونی هیچ بەرهەڵستیەك مسۆگەر ناکات، بەڵکو لەبەر ئەوەی بەرهەڵستی روو دەدات بەهۆی کەس زانیاریەکان لەگەڵ بوونی دڵەڕاوکێ و نەبوونی دڵنیایی، دەکرێت بەشداریکردنەکە ئامرازێکی بەسوود بێت، ئەگەر بەشێوەیەکی گونجاو بەکارهاتن بەڵام دەبێت بەکارهێنانی وەك ئامرازێك نەبێت بەهۆیەوە فەرمانبەران پەسندی بیروراکانی بەڕێوەبەر بکەن، چونکە ئامانجی تەنها بەدەست هێنانی ڕەزامەندییە.

بەزۆری بەشدار بوونەکە لای کارمەندان گرینگ نیە، بەڵکو دەرفەت رەخساندنەکەیە بۆیە ئەگەر رێگای بەشدار بوونیان پێی بدرێت ئەوا لەدڵەراوکێی ئاوەل گۆڕانکاریەکە کەم دەکاتەوە، وەکارمەندان رازی دەبن لەسەر بەردەوام بوونی بەڕێوەبەر لە کرداری گۆڕانکارییەکە.

بەڵام ئەو هەڵەیەی کەدەکرێت تێی بکەون ئەوەیە کەبیرو بۆ چوونی بەڕێوەبەر دەربارەی کارمەندان باش نەبێت و بەوەی کە ئارەزووی بەشداریکردنی نیە لەگۆڕانکاری وهیچ دەرفەتێکیان نەداتێ لەئایندەدا بۆ بەشداریکردن.

## ٢ ) پێشکەشکردنی پاداشت لە پێناوی گۆڕانکاری :

زۆربەی گۆڕانکاریەکان لەئۆرگانەکاندا لەلایەن کارگێڕی پاڵاوە هەوڵ وپلانی بۆ دادەنرێت، بەڵام کارتێکردنی گەورەی ئەم گۆڕانکاریانە بەڕێوەبەرەکان لەئاستەکانی خواروو تری ئۆرگانەکە هەستی پێ دەکەن، سەرەڕای ئەوە دەبینین کە سوودی گۆڕانکاریەکە بۆ خودی پلان دانەران دەگەڕێتەوە نەك بۆ ئەوانی جێ بەجێ دەکەن ، لەلایەکی ترەوە دەبینین بەرهەڵستی کردنی گۆڕانکاری لەئەنجامی ئەوەوە دێت کە کارمەندان هیچ هۆکارێك بۆ گۆڕان نابینن، لەدیدو بۆ چوونیان کرداری گۆڕانکاری دەبێتە هۆی پەیدابوونی دڵەڕاوکێ ونەبوونی دڵنیایی وە هیچ هاندەرێکی لەبار نیە بۆ گۆڕانکاری، واتە لەگۆڕانکاری هیچ سوودێکیان بۆ ناگەڕێتەوە.

وە بۆ ئەوەی گۆڕانکاریەکان لەئۆرگانەکە سەر کەوتو بێت پێویستە پاداشت هەموو کەسێك بگرێتەوە، زۆربەی گۆڕانکارییەکان لەبەر ڕووناکی ئامانجێکی نموونەیی (تیۆری) دادەرێژرێت بێ بایەخدان بەکارو باری ئەوانی کارتێکراو دەبن بەو گۆڕانکاریە، وە ئەگەر ئامانجەکە فراوان بوو کەپێداویستی و ویستەکانی کارمەندان بگرێتە خۆی، ئەوا پێویستە گۆڕانکاری لەخودی خۆیدا پاداشتی لەباریبۆ ئەوانی تر تێدا بێت.

وەلە هۆیەکانی چاڵاکی قەروبوو کردنە، ئەوەش کە خزمەتگوزاریە پێشکەش کراوەکان، بەزۆری بەهاکانی یەکسان نین لەکاتی ئاڵوگۆڕدا، کە شتی جۆراو جۆر ئاڵ و گۆڕ دەکرێن ئەمە لەلایەن فەرمانبەرانەوە زانینی زەحمەت دەبێت کەئایا لەکرداری گۆڕانکاریەکە تووشی زیان بوونە؟ وەهەروەها ڕوودانی گۆڕانکاریە جۆراو جۆرەکان لەدەرفەتەکانی کارپێکردن بەچاککردن

بۆ فەرمانبەران زیاد دەکات، بەڵام ئەوی پێویستە لەم گوزەرەدا ئاگاداری بین بریتیە لە دڵنیا بوون لەوەی کە ئەو سوودانەی پێشکەش بەفەرمانبەران دەکرێت سوود بەخش بێت بۆیان، وە دەکرێت لەڕاستی ئەم لایەنە ئاگادار بینەوە، لەماوەی بەشداریکردنیان لە کرداری گۆڕانکاریەکە.

وەلەکۆتاییدا پێویستە بەڕێوەبەرەکان دڵنیا بن لەوەی کە گۆڕانکاری شتێکی بەسوودی تێدایە بۆ هەر یەکێك.

ئەگەر یەك لەم گروپانە، یان هەر کەسێك بێت، تووشی دەردە سەری هات بە شێوەیەکی گەورە ئەوا لێرەدا بەرهەڵستی بۆ گۆڕانکاری پەیدا دەبێت، وە ئەگەر شتێکت وەرگرت ئەوا پێویست بەئاڵ و گۆڕ دەکات بەشتێکی تر، بۆیە بەشداریکردنی ئەو کەسانەی کاریگەر دەبن بەگۆڕانکاری ئەوا یارمەتیت دەدات بۆ زانینی ئەو شتەی کە پێویستە قەرەبوبکرێتەوە.

**٣ )بەکارهێنانی گەیاندن :**

بۆ ئەوەی تێ بگەین کە چۆن دەکرێت بۆ ئەم ستراتیژیەتە لەڕادەی بەرهەڵستی کردنی کەم بکاتەوە بۆ گرانکاری، پێویستە یەکەم جار درك بەوە بکەین ..ئەمەش لای زۆرینەی خەڵك دژوارە .. کە کاروبارێکی زۆر کەم لەهەر ئۆرگانێك زۆر بە نهێنی دادەنرێت.

زانیاریەکان بەتایبەتی ئەوانی گرینگن زوو بڵاو دەبنەوە لەبەر ئەوە هەر گۆڕانکاریەك کە گارگێری بیری لێدەکاتەوە بەبەرێوەبەرەوە، ناکرێت بەنهێنی بمێنێتەوە، وە ئەگەر ئەمە ڕاست بوو ئەوا ڕێگرتن لەبلاو بوونەوەی ئەو زانیاریانەی پەیوەندییان بەگۆڕانکارییەوە هەیە ڕادەی دڵە ڕاوکێ زیاتر دەکات و لەدووایدا دەبێتە هۆی بەرهەڵستی کردنی زیاتر بۆ گۆڕانکاریەکە.

لەقۆناغێك لەقۆناغەکانی پلان دانان (وابەچاکتر دەزانرێت لەسەرەتای قۆناغەکانی پلان دانان بێت) پێویستە فەرمانبەران پلانی گۆڕانکاری داهاتوو بزانن وە ڕێگایان پێ بدرێت بەشداری تیادا بکەن ئەگەر لەتوانادا بوو، بەلام ئەگەر بەشداریکردنیان تیادا لەتوانادا نەبوو ئەوا ئاگادار کردنەوەیان بەزانیاریەکان دەربارەی گۆڕانکاری لە ڕادەی دڵە ڕاوکێیان کەم دەکاتەوە.

ئەم کارە وائاسان نیە هەر وەك تێی دەگەین، هەندێ کات بەشێکی بچووك لەوزانیاریانەی بەر چاو دەخرێن (لەبەر ئەوەی هەر ئەوەندەمان لەبەر دەستە) ڕەنگە ببێتە هۆی دڵەڕاوکێیەکی بێ هۆ لای فەرمانبەران، بۆیە بەڕێوەبەرەکان وا بەچاکتر دەزانن کەچاوەڕوانی تەواو کردنی هەموو زانیاریەکانی بن پێش ئەوەی بگوازرێتەوە بۆ کارمەندانی پەیوەندار بەو گۆڕانکاریە پێش نیار کراوە.

بۆ نموونە دەکرێت یەك لەبەڕێوەبەرەکان بیر لە ڕوودانی گۆڕانکاریەك بکاتەوە لەخشتەی کاری کارمەندان.

بەلام قسە کردن دەربارەی ئەو کارە بەزوویی دەکرێت فەرمانبەران بخاتە بارێکی دەڵەراوکێ و بیرکردنەوە لەچۆنیەتی کارتێکردنی گۆڕانکاری لەسەریان.

وە ئەگەر بەڕێوەبەر داوای لەفەرمانبەرانی کرد بەشداری لەگۆڕانکاریەکە بکەن ڕەنگە ئەوە هێمایەك بە فەرمانبەران بدات بەوەی کە شتێکی شاراوە هەیە ئەمەش دەبێتە هۆی وروژاندنی دەروونیان، هەر بەڕێوەبەرێك پێویستە بەپێی ئەو هەڵوێستەی پێی تێپەر دەبێت وە بەپێی شارەزاییەکانی پێشووی بڕیار وەربگرێت، بەلام وەك بنەمایەکی گشتی پەیوەندییە کراوەکان

لـە ڕادەی دڵـەڕاوکێ و بەرهەڵـستی کـردن کـەم دەکاتــەوە، بەتایبــەتی ئــەو بەرهەڵستیەی کە بنچینەکەی متمانە پێنەکردنە بەکارگێری، ڕەنگە هەستان بـەدانانی پلانێکـی نهێنـی و تایبـەت پێویـست بکـات هەنـدێ جـار، بـەڵام ئاسەواری نێگەتیڤانەی دەبێت لەهەمان کاتدا.

٤ )گۆڕان لەوی باوە :

لـەهۆکارەکانی بەرهەڵـستی کردنـی فەرمانبـەران بـۆ گۆڕانکـاری، ڕانـە هاتنـە لەسەری، لەبەر ئەوەی کارێکی جیاوازە دەکرێت جۆرە هەڕەشەیەکی تێدابێت لەبەر ئەوەی ڕانەهاتونە لەسەری، وە ئەگەر ڕوودانی گۆڕانکاریەکان زۆربـوون ئەوا بەپەلە ئەو کارە نائاساییە دەبێتە کارێکی پەسندو باو، بەڵام ئەمە ئـەوە ناگەیـەنێ کەبەڕێوەبـەرەکان هەسـتن بـەکاری گۆڕانکـاری تـەنها لـەپێناوی گۆڕانکــاری، بــەڵکو ئــەو ڕەنجــەی ئاراســتە کــراوە بــۆ پارێزگــاری کــردن یەکگرتوویی کارکردن و ڕێگرتن لەوەی ببێتە هۆی بێـزاری لای فەرمانبـەران، ئــەوە یارمــەتی دەدات لەکــەم کردنــەوەی ئاســتی بەرهەڵــستی کــردن بــۆ گۆڕانکاریەکان کەکارگێری جێ بەجێ دەکات.

٥ )کارپێکردن بەگۆڕانکارییە جۆراو جۆرەکان :

ئــەو ژیرییــەی لەپــشتی ســتراتیژییەتی کــارپێکردنی گۆڕانکاریــە جــۆراو جۆرەکانەوەیە ئەوەیە کە لەبـەر ئـەوەی گۆڕانکـاری بـەرەو ڕووی بەرهەڵـستی دەبێتەوە، ئەوا ئەو بەرهەڵستکاریە کاربـە زیـادە بـۆ گۆڕانکاریـە جۆراوجـۆرە پێش نیار کراوەکـان هێـزی کـەمتر دەبێـت ئەگـەر ئێمـە ئـەو گۆڕانکاریانـەمان کارپێکرد بەشێوەیەکی جیا.

وە ئەمە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە بەشێك لەهەموو بەرهەڵستکاریەکە پەیوەستە لەبنچینەدا بەو دڵەڕاوکێیەی کە ئەنجامی ڕاستەقینەی گۆڕانکاریە پێش نیار کراوەکەیە بۆیە ئەگەر گۆڕانکارییەك کاری پێکرا لەیەك کاتدا ئەوا بەرهەڵستی کردنەکە دابەش دەبێت بەسەریاندا و لەیەك کاتدا.

**٦ ) کارکردن لەماوەی سەرکردە نافەرمیەکاندا :**

ئەگەر بەڕێوەبەر لەتوانایدا بوو یارمەتی و پابەندی سەرکردە فەرمیەکانی بەدەست بێنێت ئەوا بەرهەڵستی گۆڕانکاری لەلایەن گروپەوە دەکرێت زۆر کەمتر بێت، پرسیارەکە لێرەدا ئەوەیە چۆن دەتوانین هاوکاری ئەو سەر کردە نافەرمیانە بەدەست بهێنین؟

وەچاکترین ڕێگا بەبەشداریکردنیانە لەکرداری پلان دانان بۆ گۆڕانکاری، ئەگەر سەرکردەی نافەرمی بەشداری تیادا کرد ئەوا پابەندی بەرامبەر گۆڕانکاریە کەگەورەتر دەبێت، سەرکردەی ناوبراو دەتوانێت پێش بینی ڕوودانی کێشەکان بکات لەکاتی جێ بەجێ کردندا، وەلەدوواییدا پلانەکان هەموار دەکرێنەوە هەر وەك هەڵوێستەکە پێویست بکات پێش دەرکەوتنی هەر گۆڕانکارییەك، وە ئەگەر بەشێوەیەکی گونجاو هاوکاری سەرکردەی نافەرمی بەدەست هات دەکرێت ڕۆڵێکی گرینگ لەڕووداوەکانی گۆڕانکاری بگێڕێ بەشێوەیەکی سەرکەوتوو.

بەڵام بەکار هێنانی سەرکردە نافەرمیەکان دەکرێت پرمەترسی بێت بەتایبەتی ئەگەر ئەم سەرکردەیە هەستی کرد کە بەڕێوەبەرەکەی دەیەوێت بەکاری بهێنێ بۆ مەبەستی گۆڕانکاری، کە دەبێتە هۆی پەیدابوونی بەرهەڵستی بۆ گۆڕانکاریە نوێیەکە.

وە بۆ دوور کەوتنەوە لەم دیاردەیە پێویستە لەسەر بەڕێوەبەر تەماشا کردنی بۆ سەرکردەی نافەرمی وەك کەسێك بێت کە زۆری هەیە پێشکەش کار کردنی بکات و وەك کەسێکی خاوەن بیروباوەڕی بەسوود کە ناکرێت بەدەست بێت تەنها لەماوەی بەشداریکردنی لەگۆڕانکاری.

ئەگەر بەڕێوەبەر توانی پابەندی سەرکردەی نافەرمی بەدەس بێنێت ئەوا بەڕێوەبەر دەتوانێت کارتێکردن و دس ڕۆیی سەرکردە بەکار بهێنێ.

**٧) بەکارهێنانی پاڵنەرە سروشتیەکان لەخەڵکیدا :**

وەك باوە خەڵکی بەرهەڵستی ڕوودانی گۆڕانکاری ناکەن، بەڵکو ئەو کارەی پێی هەڵدەستن لەبەر ئەوەیە کە زۆر لەو گۆڕانکاریانەی بەرەو ڕوویان دەبێتەوە لەگەڵ هاندەرە سروشتیەکانیان ناگونجێ، وە بەرهەڵستی کردن زۆر کەم دەبێتەوە ئەگەر ئەم گۆڕانکاریە پلان دانراوانە سودیان لەو هاندەرە سروشیتانەی خەڵکی وەرگرت بۆ بەرژەوەندی خۆیان، لە جیاتی بەربەرەکانی کردنی.

بۆ نموونە فەرمانبەران کە ئارەزوویان ئەوەیە هەست بەگرینگی خۆیان بکەن بەرهەڵستی هەر گۆڕانکاریەك دەکەن کەببێتە هۆی ئەوەی لەگرینگیان کەم بکاتەوە.

وەچاکترین ستراتیژییەت ئەوەیە کە کرداری گۆڕانکاری پلانەکەی بەر جۆرە بێت کە هەست کردنی فەرمانبەران بەگرینگیان زیاتر بکات یان ، لەخراپترین باردا لەهەست پێکردن بەگرینگیان کەم نەکاتەوە.

## ٨ ) دەرفەتەكانی گۆڕانكاری :

زوو یاخود درەنگ هەموو بەڕێوەبەرێك تووشی هەڵوێستێك دەبێت كە پێویست بەناچار كردنی فەرمانبەران دەكات لەسەر گۆڕانكاری، ڕەنگە هۆی ئەوە هەست پێكردنێكی چەسپاو بێت دژی گۆڕانكاری یان بەهۆی سەپاندنی گۆڕانكاری بەسەر بەڕێوەبەرداو هیچ كاتێكی لەبەردەمدا نەماوە بۆ بەكار هێنانی كردارەكانی بەشداری و پەیوەندی بەفەرمانبەران.

لەهەر بارێكدا بێت سەپاندنی گۆڕانكاری بەسەر فەرمانبەران ڕاستیەكی ڕووداوە لەژیانی هەر سەرپەرشتیارێك، بۆیە پێویستە و گرینگە كەبزانی چۆن ئەوە دەكەیت بەشێوەیەكی گونجاو.

**یەكەم** // ئەگەر بارو دۆخەكە گونجاو بوو پێویستە ئاگاداری فەرمانبەران بكەین بەهۆی ڕووداوی گۆڕانكاریەكە، وە هەروەها ئەگەر لەتوانادا بوو لەهۆی بەشداری نەكردنیان لەپلان دانان ئاگاداریان بكەینەوە.

ئەمە جێگای حەز لێكردنی خەڵكە وەڕەنگە زۆر كارنەكاتە سەر بەرهەڵستی كردنیان ئەگەر هاتوو مۆركێكی هەڵچوانەی پێوە دیار بوو كە بەزۆری وادەبێت، بەڵام ئەو هەنگاوە ناچاریە.

**دووەم** // ئەم هەنگاوە لەپایەیكی زۆر گرینگدایە، لەكاتی جێ بەجێ كردنی گۆڕانكاریەكە ئەوە لەبەر پرسیاریەتی بەڕێوەبەرەكە دڵنیا بێت لەوەی فەرمانبەرانی بەشارەزایی پۆزەتیڤانە تێپەڕ بوونە لەكاتی گۆڕانكاریەكە.

شارەزاییە لەبارەكان دەبێتە هۆی كارتێكردنی لەبار لەرەفتارە، وە ئەگەر بەڕێوەبەر توانی ئەم لایەنە بەدەست بێنی بۆ فەرمانبەران ئەوا ڕادەی بەرهەڵستی لاواز دەبێت.

وە بەپێی ئەو هۆیە دیاریکراوانەی بەرهەڵستیەکەی پێ ڕوودەدات، فەرمانبەران پێویستیەکی زۆریان بەپشتگیری و بایەخ پێدان و بەهێز کردن هەیە لەم ماوە سەختەدا.

بۆ نموونە ئەگەر گۆڕان کاری لەنەخشەی پیشەکەدا بوو ئەوا دەکرێت فەرمانبەر هەست بە نەبوونی دڵنیایی و نەگونجاوی کارەکە بکات، وە بیخاتە بارێکی ترس و تووشی هەڵە پێکردنی بکات.

بەهێز کردنی لەبارو تێگەیشتنی بەڕێوەبەر پێویستن بۆ کەم کردنەوەی هەست و سۆزە نالەبارەکان، وە وەك بنەمایەکی گشتی، چەندی گۆڕانکاری گەورە بێت ئەوەندە فەرمانبەران پێویستیان بەپشتگیری و لاینگیری هەیە.

ڕەنگە سەرنجی ئەوەت دابێ کە ڕێگای سەپاندنی گۆڕانکاری، تەنها شێوازێکە تاقی بکەیتەوەو پێت خۆش بێت، خەڵکی کارێك ئەنجام نادەن لەبەر ئەوەی واتێ دەگەن کە ئەنجامەکانی جێگای ڕەزامەندیان نابێت، بەڵام کاتێك بەو کارە هەڵدەسن دەبینن ئەوەندە خراپ نەبووە وەك تێی گەیشتبوون، ئەرکی بەڕێوەبەر ئەوەیە کە دڵنیا بێت لەوەی کە ئەوان رازین و نەك زۆر لێکراوبن، وە ئەمە لەماوەی ڕەنجێکی بەمەبەست و نەخشە کێشراو دەبێت بۆ بەدەس هێنانی پسپۆری لەبار بۆیان.

(لێرەدا کورت کردنەوەیەك بەو گوزەرانەی کەزۆرباون لەلاواز کردنی بەرهەڵستی گۆڕانکاری.

## گوزەرەکانی لاواز کردنی بەرهەڵستی گۆڕانکاری

| ز | گوزەر قۆناغ | ئەو هەڵوێستەی تیادا بەکار دەهێنرێت | خسلەتەکان | نیشانەکان |
|---|---|---|---|---|
| ١ | پەیوەندی کردن بۆ رازی کردن. | نەبوونی زانیاری ورد بۆ ئەوانی مەبەستیان گۆڕانکاریە دەربارەی ئامانجەکان و ئەنجامەکانی گۆڕانکاری | کەی رازی بوون بەدی هات ئەوە یارمەتی تاکەکان دەدات بۆ جێ بەجێ کردنی گۆڕانکاری | ڕەنگە کارەکە کاتێکی زۆری پێویست بێت ئەگەر تاکەکانی جێگای ئامانجی گۆڕانکاری ژمارەیان زۆر بێت. |
| ٢ | بەشداریکردن لە کارگێڕی و لەداڕشتنی پلانەکانی گۆڕانکاری | زانیاری پێویستە بۆ پلان دانەرانی گۆڕانکاری بەردەست نەبێت بە مەبەستی نەخشە کێشان بۆ گۆڕانکاری، وەکە ئەوانی تر هێزی سەرنج ڕاکێشیان هەیە بۆ بەرهەڵستی. | بەشداربووان پابەند دەبن بەجێ بەجێ کردنی گۆڕانکاری، وەهەرچی زانیاریان هەیە و پەیوەندی بەو گۆڕانکاریەیە بەر چاوی دەخەن، بۆ تەواو کردن لەگەڵیدا، وە دانانی پلانی گۆڕانکاریەکە. | دەکرێت کارەکە کاتێکی زۆری پێ بچێت لەبەر ئەوەی فشاری بەشداربووان بۆ دانانی ئەخشەی گۆڕانکاریەکە گونجاو نابێت. |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ٣ | بەڵێن پێدان بەپشتگیری و یارمەتی دان | ئەوانی مەبەستی گۆڕانکاریەکن دەترسن لەبێ توانایی لەسەر گونجاندن و راهاتن لەگەڵ پێداویستیەکانی | کەی ئەو کەسانەی کە ئامانجی گۆڕانکاریەکەن دڵنیا بوون لەڕاستی بەڵێنەکە و تەواوی پشتگیری کردنیان، بەرهەڵستیان پەرت و بڵاو یان کەم دەبێتەوە. | ئاسان دەبێت بەدەس کەوتنی ودڵامدانەوەیەکی خێرا لەگەڵ بەرنامەی گۆڕانکاری . |
| ٤ | گفتوگۆ کردن | لەبەر ئەوەی تاکێك یان گروپێك زەرەرمەند دەبێت بەهۆی گۆڕانکاری ئەم دیاردەیە هێزێکی سەرنج ڕاکێشی دەبێت بۆ بەرهەڵستی | ڕەنگە دوور کەوتنەوە لەبەر هەڵستی کارێکی ئاسان بێت. | ئەگەر کەسی جێگای ئامانج بە فشار بن بەرامبەر گۆڕانکاری ڕەنگە ئەمە بەئەرك و نرخ بێت بۆ بەر هەڵستی کردن، وە لەبەرانبەر ڕازی بوون لەسەر گۆڕانکاری یان بەڕێوەبردن. |
| ٥ | پێچ و پەنا | دەبێ بەکار هێنانی گوزەری تر کارێکی زۆر بە ئەرك وبەنرخ بێت. | ڕەنگە چارەسەرێکی خێراو بێ ئەرك بێت بەشێوەیەکی ڕێژەیی، وە چارەکردنی کێشەکانی بەرهەڵستی کردن. | ڕەنگە ببێتە هۆی کێشە بێ چارە سەریەکان ئەگەر تاکەکان هەستیان کرد کە جێگای مەبەستن. |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ٦ | سامانداری بەناو یاخود بە ئاشکرا. | چونکە خێرایی گۆڕانکاریەکە پێویست یان ناچاری دەبێت وەنەخشە کێشەرانی گۆڕانکاری هێزێکی سەرنج ڕاکێشیان دەبێت. | چارەسەریەکی خێرا ڕەنگە زاڵ بێت بەسەر شێوەکانی گۆڕانکاری . | ئەوە مەترسی دەنوێنێ ئەگەر تاکەکان بەترسەوە پشت گوێ خران لە ئاست پلانی گۆڕانکاریەکە. |
| ٧ | گواستنەوە دەرکردن دامەزراندن | لەبەر ئەوەی رازی نەبوون دەبێتە ناوەندێکی فێر بوونی کاریگەر، وەپابەندی پەسند ناکات. | رزگار بوون لەبەر هەڵستی کردنێکی کاریگەر، وە بەرپەرچ دانەوەی بەرهەڵستیکارانی تر. | رەنگە کارگێری بەرواڵەتێکی زۆر داری دەر بکەوێت، وە ڕەنگە توانا مرۆییە کاریگەرەکان لەدەست بدات. |

# بەڕێوەبەری خۆشەویست ..

## وریابە

### سوودە شیاوەکانی بەرهەڵستی کردنی گۆڕانکاری

هەندێ لەنووسەرو توێژەران وا دەبینن کە هەموو شێوەو جۆرەکانی بەرهەڵستی کردنی گۆڕانکاری تاك بێت یان بەکۆمەڵ زیان بەخش نیە، بەڵکو بەرهەڵستی گۆڕانکاری دەکرێت ئاکامی لەبار بەدەست بێنێت لەوانە :

**١- دەکرێت بەرهەڵستی کردنی گۆڕانکاری هاندەر بێت بۆ کارگێڕی بۆ پشکنینی پێشنیارەکانی گۆڕانکاری، بەشێوەیەکی دووربین و بەئەو پەڕی ڕاستی بۆ دڵنیا بوون لەوەی کە گونجاوە.**

وە لەم بارەدا کاری تاکەکان بەجۆرێك لەوردبینی و هاوسەنگی دەبێت بۆ دڵنیا بوون لەوەی کەکارگێری پلان دادەڕێژێت و جێ بەجێی گۆڕانکاریەکە دەکات، بەشێوەیەکی دروست، وە بەم جۆرە بەرهەڵستی کردنی ژیرانە ئەگەر باڵی بەکارگێری دا بۆ پشکنینی گۆڕانکاریە پێش نیارکراوەکان، دەبێتە هۆ لەوەی کە فەرمانبەران ڕێگایان لەکارگێڕی گرت لەوەرگرتنی بڕیارە نادروستەکان.

**٢- بەرهەڵستی کردنی گۆڕانکاری دەکرێت یارمەتی دەربێت بۆ دۆزینەوەی هەندێ بوارو شوێنی کێشەکان، کۆسپەکان کە دەشێ گۆڕانکاری هۆیەکەی بێت.**

وە بەمە کارگێڕی هەڵدەسێت بەوەرگرتنی کارراییە خۆ پارێزەکان پێش ئەوە کێشەکە پەرە بسێنێت و ئاڵۆز بێت، لەهەمان کاتدا دەکرێت کارگێری هان

بدرێت بۆ بەخشینی ڕەنجی زیاترو بایەخ پێدان بەوریا کردنەوەی فەرمانبەران و زانیاری پێدانیان دەربارەی گۆڕانکارییەکە، کە لەکۆتاییدا هەمووی دەبێتە هۆی ڕەزامەندنی باشتری گۆڕانکاریەکە.

٣- **بەرهەڵستی کردن، زانیاریەکان دەداتە کارگێری دەربارەی توندو تیژی هەستی تاکەکان، کەپەیوەنداره بەکێشەیەکی دیاریکراو، هەروەها هەناسە پێدانێکە بۆ تاکەکان بۆ دەربڕینی هەست و سۆزیان.**

دەکرێت تاکەکان هانبدات بۆ بیرکردنەوەو گفتوگۆ کردن دەربارەی گۆڕانکاری بەشێوەیەکی فراوانتر تا تێگەیشتنیان بەچاکترین شێوە بێت.

هەواڵنامەی کتێب

## بەڕێوەبەری خۆشەویست ..

**وریابە**

**هۆکارەکانی یارمەتیدەر بۆ سەرکەوتنی گۆڕانکاریەکە**

١- پاڵپشتی و لایەنگیری کردنی سەرکردەکانی کارگێری بۆ هەوڵدانە گۆڕانکاریەکان دەبێتە هۆی مسۆگەر کردنی بەردەوامی و بەدی هێنانی ئەنجامەکان.

٢- بەدی هێنانی کەش و هەوایەکی گشتی کە گۆڕانکاری پەسند بکات و بەرهەڵستی نەکات.

٣- بوونی پسپور یان بریکارەکان گۆڕانکاری کەخاوەن لێهاتوویی هزری و مرۆیی و هونەرین وە پەیوەستن بەگۆڕانکاریەوە، ڕەنگە پسپۆڕەکانی گۆڕانکاری لەناوەوە یان دەرەوەی گۆڕانکاریەکەبن.

٤- بەشداری پێکردنی تاك و گروپەکان ئەوانی کاریگەر دەبن بەگۆڕانکاری، لەداڕشتنی ئامانجەکانی وە دانانی پلان بۆی و جێ بەجێ کردنی.

٥- شیکردنەوەو ڕوونکردنەوەی پالنەرو هۆکارەکانی بۆ کارمەندان.

٦- ڕوونکردنەوەی سوودە ماددی و ناخیەکان بۆ کارمەندان، کە لەئاکامی کرداری گۆڕانکارییەوە بەدەست دێت.

٧- لەبیر نەکردنی ڕۆڵی ڕێکخراوە نافەرمیەکان کەچەند کارتێکردنی بەسەر ڕەفتارەکانی تاك هەیە.

٨- زانینی سەرچاوەکانی گۆڕانکاری و دەست نیشان کردنی کێشە ڕێکخراوەیەکان بەشێوازێکی زانستانە.

٩- دەست نیشان کردنی هۆکارەکانی بەرهەڵستی کردنی گۆڕانکاری و مەڵبەندەکانی.

١٠- پەیدا کردنی دەرامەتە مرۆیی و مادی و هونەرییەکان، کە بۆ گۆڕانکاری ئامادە دەکرێت و یارمەتی جێ بەجێ کردنی دەدات.

# شێوەکانی بەرهەڵست کارانی گۆڕانکاری

بەرهەڵستکاران یەك پۆلی نەگۆڕاو نین، وە یەك شێوەی بەستوی و شکی بێ ڕەنگ نین بەڵکو ئەوانە ڕەنگاو ڕەنگ و جۆر و شێوەی فرەن، هەریەکەیان شێوازی تایبەتی خۆی هەیە لەبەر هەڵستی کردنی گۆڕانکاری.

بۆیە واباشترە بۆ ئەو کەسەی بەگۆڕانکاری هەڵدەسێت، جۆرەکانی بەرهەڵستکاران و ئەو شێوازانەی کە مامەڵەیان لەگەڵ گۆڕانکاریدا هەیە بزانێت، تاپێیان هەڵ نەخەڵەتێ وە تاراستی ئەوانە بزانێت، کەبەرهەڵستی دەکەن، لێرەدا هەوڵ دەدەین گرینگترین شێوازو شێوەی بەرهەڵستکاران بزانین، کەبریتین لە (١٥) جۆرو بەم شێوەیە :

١) **ئەزمونیار :**

ئەو کەسەیە کە تاقیکردنەوەو شارەزاییە درێژ خایەنەکانی خۆی باس دەکات وە تاقیکردنەوەکەی سەرنەکەوتنی بیرۆکەی گۆڕانکاری سەلماند، ڕەنگە نموونەی تر بۆ تاقیکردنەوەکان باس بکات (ڕەنگە پێوەرەکەی گەندەڵ بێت) بۆ سەلماندنی سەرنەکەوتنی کرداری گۆڕانکاریەکە.

٢) **پرسیارکەر :**

ئەو کەسەیە کەپرسیاری زۆر بەشێوازی پێچاو پێچ و فێڵاوی ئاراستە دەکات، لەگەڵ بایەخ پێدان بەو پرسیارانەی کاروباری پەراوێزی بچووك دەگرێتەوە، تا سەرنەکەوتنی پرۆسەی گۆڕانکاریەکە ڕوون بکاتەوە.

٣) سەرکەتوو :

ئەو کەسەیە کە دەیەوێت سەر کەوێت بەردو سەر کردایە تیە باڵاکان و گەیشتن بەشوێنی بڕیار، پاشان پەیوەندییە کۆمەڵایەتیە جیاکارەکانی پێك دێنێت، لایان خۆشەویست و نزیك دەبێتەوە، داواکانی گەڕانەوەی بۆ نیە، بیروڕاکەی پەسند دەکرێت، لەم کاتەدا پێگەو ڕێزی بەکار دەهێنێ بۆ پیلان گێڕان لەسەر بیرۆکەی گۆڕانکاریەکەو بەر هەڵستی کردنی، ئەویش بەڕێگای ڕازی کردنی سەرکردایە تیە باڵاکان و داواکردن لێیان بەرازی نەبوونیان بەم بیرۆکەیە لەبەر بێ کەلکی.

٤) بەگشتی کردن :

ئەو کەسەیە کە ڕووداوی تاکانە دەکاتە دیاردەیەکی گشتی، لەبەر ئەوەی هەڵە بچووك و کەمەکان گەورە دەکاتەوە، وە ئەوانی تر بەو خەیاڵەوە دەبات کە پرۆژەکە بەگشتی سەرکەوتوو نیە.

بۆ نموونە ئەگەر پرۆژەی گۆڕانکاریەکە لەسەد دامەزراوە بەسەرکەوتوویی جێ بەجێ کرابێت و تەنها لەیەك دامەزراوە سەر کەوتوو نەبێت، رای وابووە ئەم پرۆژەیە سەر کەوتنەکانی تر لە ٩٩ پرۆژەکە پشت گوێ دەخرێت.

٥) زۆر بلێ :

ئەو کەسەیە کەقسەو گفتوگۆ و لێدوانی زۆری هەیە بێ ئەوەی ڕێگای قسەکردن بەو کەسە بدات کە ئەرکی گۆڕانکاریەکەی لەئەستۆدایە، بەڵکو قسەیان پێ دەبڕێت، وە بیروڕای خۆی دەسەپێنێت، پرۆژەکە پەسند ناکات لەڕێگای زۆر قسەکردنەوە .

٦) دۆزەرەوە :

ئەو کەسەیە کە پاش گوێ گرتن لەکەسانی سەر بەگۆڕانکاری، هەوڵ دەدات ووشە یاخود دەستە واژەیەك بژار بکات، کە لەزاریان دێتە دەرەوە و سوودی دەبێت بۆ بەرهەڵستی کردن و بەربەرەکانی کردنی گۆڕانکاریەکە، بەو وشانە باوەڕ دێنێت بۆ ئەوەی بیسەلمێنێت، کەپرۆژەکە ناتەواوەو کەلێنی زۆری تێدایە بەبەڵگەش ئەو قسانەی لەدەمیانەوە بیستراوە.

ئەم شێوازە زۆر لەپارێزەران بەکاری دەهێنن لەگەڵ شایەتەکان، ڕێگایان پێ دەدەن قسەبکەن، ئەگەر باسی شتێکیان کرد لەبەرژەوەندیان بوو، ئەوا لە قسە کردن رایان دەگرن و ئەو قسانە بۆ بەرژەوەندی خۆیان بەکار دەهێنن.

٧) پێك هێنەر :

ئەو کەسەیە کە هەوڵی سوود وەرگرتن دەدات لەهەموو وشەو دەستەوازەو بیروڕاو هەڵوێست و دیمەنەکان، ئەم لایەنانە دەخاتە سەر یەکەوە بۆ ئەوەی بیسەلمێنێت کە پرۆژەکە سەرکەوتوو نیە..بەڵگەکەشی قسەکانی لاینگیرانی گۆڕانکاریەکەیە ..هتد، هەموو ئەوانە بەشێوەیەکی ژیر وفێڵبازانە بەیەکەوە دەبەستێتەوە و بەشێەویەکی گەندەڵ لەهەمان کاتدا، بۆ ئەوەی بیسەلمێنێت کە گۆڕانکاریەکە دروست نیە و پێویستە پەسند نەکرێت.

٨) دواخستن :

ئەمە گرینگترین جۆرەکانی بەرهەڵستکارییە، ئەگەر لەهەموویان ترسناکتر نەبێت، ئەو کەسە هەر بەخۆی ستایشی پرۆژەی گۆڕانکاریەکە دەکات و پێزانینی بەرامبەر خاوەنەکەی دەبێت، وە وادەری دەبرێت کەخۆی لایەنگیرییەتی و پەسندی دەکات وە سوود بەخش دەبێت، بەڵام دەگەڕێتەوەو

دەڵێت : کاتی ئەم پرۆژەیە هێشتا نەهاتووە، یاخود پێویست بەدواخستنی دەکات بۆ ساڵی داهاتوو، یان پێویستە چاوەڕوانی دەرچوونی بودجە بکرێت، یان باشتر وایە پرۆژەکە بخرێتە بەردەم راوێژ کارێك، یان لیژنەیەکی تر بۆ لێکۆڵینەوەو پێگەیاندنی پێك بهێنرێت و یان ... هتد.
بەڵام لەڕاستیدا کارەکە پشت گوێ دەخات و دوای دەخات تاکۆتایی بەگۆڕانکاریەکە دێنێت و تێکی دەشکێنێت.

٩) ڕێوی

واتە ساختەکار کە خۆی بەهەموو جۆرێك دەگۆڕێت و پیلان دەگێڕی بەدڵ پیس و زیرەکی، بەچەند روویەك مامەڵە دەکات، ئەوی دەری دەبڕێت ڕاستیەکە نیە، شەو رۆژ خەریکی پیلانە تا زاڵ دەبێت بەسەر گۆڕانکارییەکە یاکارەکەی دووا دەخات، هەندێ ساختەکاران ئەو کۆبوونەوەیەی کە پرۆژەی گۆڕانکاریەکەی تیادا گفتوگۆ دەکرێت بەڕێوەدەبن و یان ئاراستەی دەکەن، بەو ڕێگایەی خزمەتی بەرژەوەندیان دەکات و چۆنیان ئارەزوو بێت دەنگ دەدەن.

١٠) شەڕانی :

ئەو کەسەی بەر هەڵستی پرۆسەی گۆڕانکاریەکە دەکات و زاڵ دەبێت بەسەریدا لەڕێگای ئاژاوەو شەڕو هاوارو جنێودان وەڕەنگە لێدانیش .

١١) کشاوە :

ئەو کەسەی بەر هەڵستیەکەی بەکشانەوەو دەرچوون دەردەبڕێت لەو جێگایەی گفتوگۆی پرۆسەی گۆڕانکاریەکەی تێدادەکرێت، ئەمە دەبێتە هۆی پەیدابوونی گرژی لای ئەوانی تر، یان کۆتایی هێنان بەکۆبوونەوەکە بەهۆی

تەواو نەبوونی ژمارەی یاسایی ئەندامان یاخود ڕەنگە بڕیار دەری گۆڕانکاریەکە ناچار بێت ڕێککەوێت، ئەویش مەرجەکانی خۆی بەرچاو دەخات و ناوڕۆکی پرۆژەکە دەگۆڕێت.

١٢) خۆیی :

ئەو کەسەی کە تەنها بیر لەخۆی دەکاتەوەو، بەهیچ رازی نیە تەنها بەرژەوەندی کەسایەتی خۆی نەبێت، بۆیە رازی بوون یان نەبوون بەبیرۆکەی گۆڕانکاری لەهەموو بارێکدا پەیوەستە بە رادەی بەدی هێنانی بەرژەوەندییەکانی و هیچی تر.

١٣) دووپشک :

ئەو کەسەی ڕاستەو خۆ بەخاوەن بیرۆکەی گۆڕانکاریەکەوە دەدات و هێرش دەکاتە سەری بەشەو رۆژ، بریندراری دەکات وێنکەی لای هەمووان دەشێوێنێ، لەبەر ئەوەی لاواز کردنی متمانە بەخاوەن گۆڕانکاریەکە لەڕاستیدا دەبێتە هۆی لاواز کردنی متمانە بەخودی گۆڕانکاریەکە یان هەمان ئامانج دەپێکێ .

١٤) چەندوچوون کەر :

ئەو کەسەی گفتوگۆ لەگەڵ کەسانی گۆڕانکاریەکە دەکات، وەڕێککەوتنی لەسەر دەکات بەجۆرێك دەگەنە چارەیەکی مام ناوەندی کە گۆڕانکاریەکە دەشێوێنی یان لەناوەڕۆکەکەی دەردەچێت، ئەگەر چی هەندێ بەشی جی بەجێ بووبێت، وەزۆر جار بەر هەڵستی کەر پەنا دەباتە بەر چەند و چوون کردن کاتێ بێ ئومێد دەبێت لەسەر کەوتن بەسەر گۆڕانکاریەکە.

هەواڵنامەی کێڕ

١٥) پیلان گێڕ :

ئەمە خاوەن دەروونێکی پیلان گێرییە، کە دیدی تەنها بەستراوە بەپیلانەوە بۆ کارەکان، وا تێدەگات کە ئەوانی تر پیلانی لەسەر دەگێڕن لەپرۆژەکان.

دروشمی : ئەگەر گورگ نەبیت، ئەوا گورگەکان دەتخۆن.

هەواڵنامەی کتێب

# بەڕێوەبەری خۆشەویست ...

## وریابە

لەدیدی (دنیفی و تاس) وە دەکرێت گۆڕانکاری نەخشەکێشراو بەڕێوەبچێت شان بەشانی لێکۆلینەوە لەو ئەگەرە گرینگانەی کەماف بەبەڕێوەبەر دەدات بۆ هەڵبژاردنی ستراتیژییەتی پێویست بۆ بەڕێوەبردنی گۆڕانکاریەکە لەبارودۆخی جیاوازدا وە ئەمە لەم چوار چێوەیەدا بێت :

| | گۆڕانکاری ساکار گێرانەوەی بەرهەم یان فراوان کردنی باری راهاتوو | جۆرانکاری وەرگێرانی گۆڕانکارییەکان مەبەستیان باری راهاتووە |
|---|---|---|
| هاوکاری | بەکار دێت کاتێ :<br>- دامەزراوەکە لەبارێکی (گونجاندن لەگەڵ ژینگەدا)<br>- بەڵام پێویستی بەزیاتر گونجاندن هەیە.<br>- فاکتەری کات لەبەردەستە.<br>- گروپەکانی بەرژەوەندییە گرینگەکە لەدامەزراوەکە گۆڕانکاری پێش نیارکراو زیاتر دەکات. | بەکار دێت کاتێ :<br>- دامەزراوەکە لەبارێکی نەگونجان بێت .<br>- کاتێ بەردەست کەمە .<br>- گروپەکانی بەرژەوەندی گرینگ لەدامەزراوەکە لاینگیری گۆڕانکاری گشتگیری دەکەن. |
| ناچار کردن | بەکار دێت کاتێ :<br>- دامەزراوەکە لەباری گونجاندن بێت بەڵام پێویست بەزیاتر گونجاندن دەکات.<br>- کات لەبەر دستە.<br>- گروپەکانی بەرژەوەندی گرینگ لە دامەزراوەکە بەرهەڵستی گۆڕانکاری پێش نیار کراو دەکات. | بەکار دێت کاتێ :<br>- دامەزراوەکە لەبارێکی نەگونجان بێت.<br>- کاتی بەردەست کەمە.<br>- گروپەکانی بەرژەوەندی گرینگ لە دامەزراوەکە بەرهەڵستی گۆڕانکاریەکە دەکەن، بەڵام گۆڕانکاریەکە گرینگە بۆ مانەوەی دامەزراوەکە. |

# بەڕێوەبەری خۆشەویست ..

## وریابە

باشترین ئامادەکردن وگەشە پێدان بۆ بەڕێوەبەر لەگەڵ گۆڕانکاریەکە وەتوانا پێدانی بۆ بەجێگەیاندنی بەرزترین پلەکانی دەسکەوت ئەوا دەبێت شێوازی ٩/٩ بێت کەبایەخ بەبەرهەم هێنان دەدات وە بەپێی ئەم تۆڕە کارگێڕییەی خوارەوە :

| | | ١,٩ | | ٩,٩ | |
|---|---|---|---|---|---|
| ٩ | | کارگێڕی یانەی گوند | | کارگێڕی تیپ | |
| ٨ | | بایەخ پێدانێکی گەورەیە پێداویستیەکانی تاکەکان بۆ پێك هێنانی پەیوەندییەك | | بەجێگەیاندنی کار بەدی دێت لەماوەی پابەندەکانی متمانە کردن بەناڵ و گۆڕ کردن لەماوەی باوەڕێکی شاوبەشی و بەئامانجەکانی ڕێکخستن کە دەبێتە هۆی پەیوەندییە متمانە پێکراوەکان و ڕێزگرتن. | |
| ٧ | | دەبێتە هۆی پەیدابوونی کەشێکی ڕێکخراوەیی و بەدیهێنانی کاری بە قازانج دۆستانە. | | | |
| ٦ | | | ٥,٥ | | |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| ٥ | | کارگێڕی پیاوانی دامەزراوەکە | | | |
| ٤ | | ١,١ | | ٩,٩ | |
| ٣ | | کارگێڕییەکی لاواز | | دەسەڵات – گوێ ڕایەڵی | |
| ٢ | | ئەمە کەمترین هەوڵە بۆ بەجێگەیاندنی کاری پێویست و گونجاو بۆ پالپشتی کردنی ئەندامیەتی دامەزراوەکە. | | لێهاتوویی لەکاردا بەدی دێت لە ئەنجامی ڕێك وپێك کردنی دۆخی کارکردن، بەجۆرێك پێویست بە کەمترین توانا بکات لە دەست تێوەردانی ڕەگەزی مرۆیی. | |
| ١ | | | | | |

نزم ١ ٢ ٣ ٤ ٥ ٦ ٧ ٨ ٩ بەرز

**بایەخ بەبەرهەم**

هەواڵنامەی کتێب

## بەڕێوەبەری خۆشەویست

وریابە

<u>چەند ڕاستیەک دەربارەی گۆڕانکاری</u>

**ڕاستی یەکەم :**

گۆڕانکاری لایەنێکی بنچینەیی و گرینگ دەگرێتە خۆی، ئەویش زیاد بوونی توانای تاکە لەگونجاندن لەگەڵ شتی نوێ یان ئەوی مەبەستی کار پێکردنیەتی لەبواری کاردا بۆ مسۆگەر کردنی بەدەست هێنانی لەباری مەبەستدار، وەپاشان گەیشتن بەو ئامانجەی هەوڵی جێ بەجێکردنی دراوە.

**ڕاستی دووەم :**

کارمەندان لەگۆڕانکاری دەترسێن و بەرهەڵستی دەکەن بەهۆی هەست نەکردنیان بەدڵنیایی و هێمنی، ئەم کارە ئەوە دەسەپێنێ بەسەر بەرپرسانی ئۆرگانەکە کە ڕێبازی سەرەتا ڕەفتارییەکان پێڕەو بکەن لەکاتی کارپێکردنی هەر گۆڕانکارییەك لەگەڵ چاو پۆشین لەجۆرو قەبارەو سروشتی گۆڕانکارییەکە.

**ڕاستی سێیەم :**

ئارەزووی جێ بەجێ کردنی کرداری گۆڕانکاری کەپێش بینی کار لێکرنی لە تاکەکانی کاردا دەکرێت پێویست بەبەشداریکردنیان دەکات لەکرداری دروست کردن و وەرگرتنی بڕیاری گۆڕانکاریەکە.

لێرەدا تاك لەبەردەم پابەند بوونێکی ڕەوشتیدا دەبێت لەبەرامبەر ئەوانی ئەم بەر پرسیاریەتیەیان پێ سپارد لەلایەك، وە لەبەرامبەر لەروو وەستان بۆ ئەوەی بۆ هەمووانی بی سەلێنێت کە تواناو ئارەزووی بەجێگەیاندنی کارەکەی هەیە لەلایەکی ترەوە.

**ڕاستی چوارەم :**

لەڕوو وەستانی ڕاستەقینە بۆ ئەو بەڕێوەبەرەی ویستی گۆڕانکاری هەیە لەدوو لایەن وە لەسەر ئاستێکی بەرزی گرینگ خۆی دەنوێنێ :

**یەکەمیان** // هەڵوێستی بەرامبەر کارمەندانی کە بەگۆڕانکاریەکە کاریگەر دەبن.

**دووەمیان** // هەڵوێست بەرامبەر خودی گۆڕانکاریەکە، بەڵام لە ڕوو وەستانی گەورە دەکەوێتە لایەنی یەکەمەوە.

**ڕاستی پێنجەم :**

گۆڕانكاری شێوەی جۆراو جۆری هەیە، هەندێك گۆڕانكاری گشتگیریە..وە یەكێكی تر بەشێكی بچووك و .... ڕەنگە مەترسیدارترینیان گۆڕانكاری بەشی بێت كە جۆرێك لەبێ هاوسەنگی دروست دەكات لەئۆرگانەكە وە دەبێتە هۆی دەركەوتنی هەندێ یەكە ڕێكخراوەییەكان بەڕووالەتێكی پەرەسەندوو لەڕووی شێوەو بابەتەوە، لەهەمان كاتدا هەندێ لەیەكەكانی تر بەوێنەی جیاواز دەردەكەوێت لەرووی شێوەو بابەتەوە، ئەم كارە لەچالاكی گۆڕانكاریەكە كەم دەكاتەوە.

**ڕاستی شەشەم :**

بۆ هەر گۆڕانكاریەك چوار چێوەیەكی كاتی دیاریكراو هەیە، لێرەدا گۆڕانكاری خێراو گۆڕانكاری لەسەر خۆ هەیە، ئەگەر چی گۆڕاكاری پلەبەپلە كاریگەری لەباری زیاتری هەیە لەهاوشێوە خێراكەی، بەلاّم لەم بارەدا زیرەكییەكە لەرادەی پێویستی بۆ گۆڕانكارییەكەدایە (ویستن دایكی داهێنانە) وەپاشان ئەو بوارە كاتیە گونجاوەكە دەسەپێنێ.

**ڕاستی حەوتەم :**

ئەوی جێگای بایەخ پێدانە كە بەڕێوەبەر هۆیە ڕاستەقینە شاراوەكان بزانێت كە دەبێتە هۆی بەرهەڵستی كردنی كارمەندان بۆ گۆڕانكاریەكە، ئەمە سەرەتایەكی نموونەییە بۆ سەركەوتنی گۆڕانكاریەكەو كارپێكردنی بەتەقلانیەتێكی پەسند كراوو بابەتیانە.

**ڕاستی هەشتەم :**

بێگومان دلخۆشی بۆ کاری ڕاهاتوو، وە ترس لەشاراوەو نەزانراو، وە چەسپاندنی نەریتەکان و سنورداری ئاستی درك پێکردن، وەبەرژەوەندییە بەدەست هاتەکانی، لەپێشەوەی هۆیەشاراوەکانن، دەبنە هۆی بەرهەڵستی کردنی گۆڕانکاری، بەم پێیە بەڕێوەبەری سەرکەوتوو ئەو کەسەیە کەبەچاوی بایەخ پێدان تەماشای ئەو بارە دەکات، وە هەوڵدەدا بەڵکو کار دەکات بۆ بچووك کردنەوەی وزاڵ بوون بەسەریدا، ئەگەر ویستی.گۆڕانکاری بەڕاستی روو بدات.

**ڕاستی نۆیەم :**

پلان دانان بۆ گۆڕانکاری پێویستە لەپرسیاری زۆرەوە هەڵقوڵێت وە دەبێت ڕۆڵی لەمێشکی نەخشە کێشی گۆڕانکاریدا هەبێت، لەوانە :

١- ئەو کێشەیە چیە کە پێویست بەڕوودانی گۆڕانکاری دەکات؟
٢- ئەو پاڵنەرە شاراوانە چین کەدەبنە هۆی کارپێکردنی گۆڕانکاری؟
٣- ئەو هۆیە ڕاستەقینانە چین کە دەبنە هۆی پشتگیری و بەهێز کردنی گۆڕانکاری یان بەرهەڵستی کردنی ؟
٤- ئامانجەکانی گۆڕانکاری چین؟
٥- ئەو تاکانە کێن کە کارتێکراو دەبن بەگۆڕانکاری؟ وە تا چ ڕادەیەك بەڕێوەبەر کارامەییەکانی بەکار هێناوە بۆ زاری کردنیان بەگۆڕانکاری؟
٦- ئایا بەڕاستی ڕێگا دراوە بەو تاکانەی کارتێکراو بوونە بەگۆڕانکاری بۆ دەربرینی بیرو ڕا نارەزاییەکانیان؟

هەولێرنامەی کتێب

٧- تاج رادەیەك وەك بەڕێوەبەر توانیوتە کەبەرەو ڕووی بەر هەڵستیەکانی کارمەندان ببیتەوەو رازیان بکەیت بەگۆڕانکاری؟

٨- ئایا کارمەندانت بەشداری پێ کردووە لەپلان دانان بۆ گۆڕانکاری، بۆ دەستەبەر کردنی بەرزی ئەرك بەجێ گەیاندن دەربارەی پێرەو کردنی گۆڕانکاری؟

**ڕاستی دەیەم :**

گۆڕانکاریـیـەك لەراستەقینە چەسپاوەکانی ژیانمانە، پێویستە پارێزگاری بکەین بۆ ئەوەی بە دووانەکەوین بەتاك یان بەکۆ.

**ڕاستی یانزەهەم:**

گۆڕانکاری ڕووی دووەمە لە کرداری داهێنان.

**ڕاستی دووانزەهەم:**

لەکۆتاییدا پێویستە پرسیار بکەین.

ئایا ئێمە پێویستیان بەگۆڕانکاری هەیە؟

ئایا ئێمە پێویستیان بەداهێنان هەیە؟

ڕاستیەکەی ...


گۆڕانکاری و داهێنان دوو ڕووی یەك دراون.

هەوالنامەی کتێب

# ئێستا خوێنەواری خۆشەویست


## وریابە

گۆڕانکاریەکان لەسەر چەند ئاستێك روو دەدەن، وە بەپلەی جیاواز لەتوندی و بەردەوامی، دەبینین گۆڕانکاریەکان روو دەدەن.




هەواڵنامەی کتێب

پاشان دەبینین کە



**ئۆرگانەکانی کارگێری هەموویان گۆڕانکاریان بەسەر دادێت لەڕووی :**

- ئامانج و ئاراستەکان.
- سیاسەت و ستراتیژییەتەکان.
- شێوازو ئامانجەکان.
- پەیکەر و پەیوەندییەکان.
- بنچینەو پێوەرەکان.

**بازار گۆڕانی بەسەردا دێت ( ناوچەیی – هەرێمی – جیهان )**

- بەکار هێنەرەکان لەگۆڕان و تێروانینی بەرەو باشەن (بەکارهێنانی هێزی ڕاستەقینەی بازارە) .
- رکابەرایەتی توندو کاریگەر دەبێت.
- هێزەکانی بازار بڕیار دەرن لەدیاریکردنی باشترو چاکتر، وە ئامرازەکانی بازار و ئامێرەکانی لەپەرەپێدانی بەردەوامن.

**کۆڵەکە بنچینەییەکانی کۆمەڵگای کاروبار لەگۆڕاندایە :**

- ئاراستە کردن بەرەو پسپۆری .
- ئاراستە کردن بەرەو بەجیهانی.
- ئاراستە کردن بەرەو ئامێرەکان و ئابووری بازاڕ.
- ئاراستە کردن بەرەو هاوپەیمانەتیە ستراتیژییەکان.
- ئاراستەکردن بەرەو بەنایابی گشتگیری.
- ئاراستە کردن بەرەو چەندین شێوەی تەواو کاری و تێکەڵ بوون.
- ئاراستە کردن بەرەو قەبارەی بچووك و یەکەکانی کارو باری ستراتیژی.

- ئاراستە کردن بەرەو ژیر کردنی گیانی پیاوانی کاروبار لەئۆرگانی کارگێڕی.

**تەکنولۆژیاکان لە پەرەپێدان و گۆڕاندایە :**

- ئامرازەکان بەرهەم هێنانی بەتواناتر .
- ئامرازەکانی بەرهەم هێنانی وردتر .
- ئامرازەکانی بەرهەم هێنانی هەرزان تر .
- ئامرازەکانی بەرهەم هێنانی چاکتر .

توانا‌کان بۆ بەرهەم هێنان. سنوری کات تێپەڕ دەکات.

تواناکان بۆ بەرهەم هێنان سنوری شوێن تێپەڕ دەکات.

تواناکان بۆ بەرهەم هێنان سنوری کەمی دەرامەتە سروشتیەکان پێپەڕ دەکات.

تواناکان ڕێگا بەگونجاندنی نێوان پێداویستیە تایبەتیەکانی کرپار و ئابوریە بەرهەم هێنەرە گەورەکان دەدات.

هەواڵنامەی کتێب

**زاڵ بوونێکی نیوە تەواو بۆ تەکنۆلۆژیای زانیاریەکان:**

- بلاو بوونەوەی بەکارهێنانی ئامێرەکانی ژمێریاری لەپراکتیك کردنی نوێکاری.
- بلاو بوونەوەی بەکار هێنانی ئامێرەکانی ژمێریاری بۆ بەستنەوەی بەشەکانی ئۆرگانی کارگێڕی.
- بلاو بوونەوەی بەکار هێنانی تۆڕەکانی گەیاندنەکان بۆ گواستنەوەو بەکار هێنانی زانیاریەکان.
- گواستنەوە لەکارکردن بەئامارەکان بۆ زانیاریەکان.

**کارگێڕی وەك فەلەسەفەو هزرو بیرو بۆ چوونەکان گۆڕانی بەسەر دادێت:**

- رووتێکردن بۆ ئایندەی کارگێڕی.
- رووتێکردن بۆ زانیاریەکانی کارگێڕی.
- رووتێکردن بۆ ستراتیژی کارگێڕی.
- رووتێکردن بۆ جیهانی کارگێڕی .
- رووتێکردن بۆ تەکنۆلۆژیای کارگێڕی.
- رووتێکردن بۆ هزری کارگێڕی.
- رووتێکردن بۆ پەرە پێدان و نوێ بوونی کارگێڕی.
- رووتێکردن بۆ چاکتر کردنێکی گشتگیری .
- رووتێکردن بۆ بەئەنجام گەیاندن و جیاکاری.

کتێبخانەی کتێب

## خوێنەری بەڕێز ...

### وریابە

تێگەیشتنی ئەو هۆیانەی کە لەپێناویدا کارمەندان بەرهەڵستی بیرۆکەی گۆڕانکاری دەکەن کارێکی گرینگە، بەڵام ئەوەندە بەس نیە بۆ ئەوەی سەرۆك ئامراز یان کەرەستەکانی پێ بدرێت کەبتوانێت بەکاری بهێنێت بۆ بەدی هێنانی گۆڕانکاری بەسەر کەوتوویی.

بۆیە پێویستە سەرۆك جیاوازی بکات لەنێوان رەفتارو بۆ چوونەکان، رەفتار تەنها ئەو بەشە دیارە یان کراوەیە کە دەکرێت بۆ هەر تاکێك هەستی پێ بکات، بۆ نموونە رۆیشتن بۆ کار، بۆماڵەوە وە بۆشانۆ... هتد.

بەڵام بۆ چوونەکان پێناسەی ئەوا زۆر جیاوازە لەرەفتار، وە ئەمە سێ پێکهاتە دەگرێتەوە ئەوانەش :

١- پێکهاتەی مەعریفی : مەحاڵە پێوانە کردنی بۆ چوونەکانی هەرتاکێك بەرەو هەر بابەتێك، تەنها ئەگەر ئەو تاکە زانیاریەکی تەواوی هەبێت لەسەر خودی بابەتەکە، بۆ نموونە چۆن دەکرێت پێوانەی بۆ چوونەکانی تاکت لا دەرکەوێت کە بەرێژایی تەمەنی لەناو دارستان و ژیاوە دەربارەی بوونی بەخاوەن ئۆتۆمبێلێکی تایبەت، ئەگەر پێشتر هیچچی دەربارەی ئۆتۆمبێل نەبیستبێ ، بۆ یە زانینی بابەتەکە کارێکی پێویستە بۆ پەیدا بوونی بۆ چوونەکان.

٢- پێهاتەی هەستیاری : سەرەڕای زانیاری دەربارەی بابەتەکە پێویست دەکات کەتاك خاوەن هەستێك بێت دەربارەی خودی بابەتەکە، نموونەی

ئـەم هەسـتە ڕەنگـە پۆزەتیـف بێـت (حـەز بـەبوونی ئۆتۆمبێـل) یـان نەگەتیف بێت (رقی لەبوونی ئۆتۆمبیل ).

٣- پێکهاتەی ئـارەزووی ڕەفتـاری : ئەمەباسـی ڕەفتـاری ئاشـکرای تـاك ناکـات بـەلکو ئـەو ڕەفتـارەی کـە ئـارەزووی پیـادە کردنیـەتی، واتـە خواسـت لـەرەفتار، وە ئـەم ئـارەزووە ڕەفتارییـە، بـە زۆری جیـاوازە جیاوازییـەکی گشتی لەرەفتاری ئاشکرای تاك.

## خوێنەری خۆشەویست ..

### وریابە

ئـەو ئامرازانـەی دەکرێـت سـەرۆك بـەکاریان بهێنـێ بـۆ گـۆڕان لـەرەفتاری کارمەندان کورت دەرکێتەوە لەبەکار هێنانی سیستمی سزاو پاداشت، وە ئەمـە پاداشـت کردنـی کارمەنـدان دەگەیـەنێت لەلایـەن سـەرکردە، هـەروەها ئـەوە دەگەیەنێ کە سەرۆك هەستێت بەسزادانیان لەباری یەك نەبوونی ڕەفتاریان.

بێ گومـان سـەرنەکەوتنی هەنـدێ لەسـەرۆکەکان ئەگـەر زۆر بەیانیـشی نـەبن لەبـەکار هێنـانی ئـەم ئامرازانـە بەسـەرکەوتوویی بەلگەیـەکی یەکلاکـەرەوە لـەگوێ نـەدانیان یـاخود لـەبێ شـارەزاییان بـەهۆکارە دەروونیـە جیـاوازە پەیوەسـتدارەکان بـەگۆڕانکاری سـەرکەوتوو یـان پۆزەتیـف بـۆ ڕەفتـار، وەکـە کورت دەکرێتەوە بەمانەی خوارەوە:

هەواڵنامەی کتێب

## یەکەم //

پێویستە سەرۆك ئەوە بزانێت کە دیدی کارمەندانی دەربارەی سزایان پاداشتی دیاریکراو چۆنە، سزا یان پاداشت کە لای تاکێك دابین کەر یاخود وروژێنەرو شیرین دەبێت، ڕەنگە بۆ کەسێکی تر بەو جۆرە نەبێت، وەلای هەمان تاك ڕەنگە دیدی بۆهەمان سزاو پاداشت بگۆڕێت لەکاتێکەوە بۆ کاتێکی تر، بەو پێیە سەرکەوتن لەبەکار هێنانی ئەم دوو ئامرازە لەسەر ڕادەی پلەی دابین کردنی سزاکەو ڕادەی دڵخۆشکەری پاداشتەکە دەوەستێت، ئەمە بەدیدی کارمەند نەك بەدیدی سەرۆك.

## دووەم //

پێویستە سەرۆك درك بەگرینگی دووبارە کردنەوە بکات لەجێ بەجێکردنی سزاکە یان پێدانی پاداشتەکە، بەهۆی پەیوەستی ئەم کارە پەیوەستیەکی ڕاستەو خۆ بەڕادەی لەباری ڕەفتاری کارمەندەکە.

بۆیە دووبارە کردنەوە لەبەخشینی پاداشت کارێکی گرینگە بۆ سەرکەوتنی پرۆسەی گۆڕانکاری ڕەفتارەکە، وە بەپێچەوانەی ئەمە کارێکی پەسند کراو نیە دووبارە کردنەوەی سزاکان، تا نەبێتەهۆی زیاتر نالەباری لە بیرو بۆچوونەکانی کارمەند، زۆرن ئەوانەی کەپێیان باشە لە باری ملکەچی کارمەند بۆ سزایەکی دیاریکراو، ئەوا پێویستە لەسەر سرۆکی سەرکەوتوو دووا بەدوای سزاکە پاداشت ببەخشێت بەو کارمەندە، ئەگەر هەر نیشانەیەکی لەباری بەرچاو خست ئەگەر کەمیش بێت.

هەواڵنامەی کێنێر

## سێیەم //

هەڕەشە کردن بەسزادان یان بەڵێنی پاداشت پێدان، نابێتە هۆی گۆڕانی سەرکەوتوو لەرەفتاری کارمەند بەتایبەتی لەماوەی دووردا، بۆیە رادەی سەرکەوتنی سەرۆك پەیوەستە بەتوانا ڕاستیەکانی کەدرێژە پێدانی دەسەڵاتیەتی وەك سەرۆکێك لەپیادە کردنی سزا یان بەخشینی پاداشت .

## چوارەم //

مەبەست لەسەپاندنی سزا پێدان یان بەخشینی پاداشت ، پەیدا کردنی پەیوەستیەکی ڕاستەو خۆی نێوان هەردووکیان لەلایەکەوە، وە نێوان رەفتاری نەگەتیف و رەفتاری پۆزەتیف لەلایەکی ترەوە، بۆیە پێویستە لەسەر سەرۆك سزای کارمەندانی بدات یەکسەر لەسەر هەر رەفتارێکی خراپەوە هەروەها پاداشت کردنی یەکسەر لەئاست هەر رەفتارێکی لەبار.

دیاریکردنی کات بەوردی لەلایەن کارمەندەوە گرینگی رەفتارێکی دیاریکراو بۆ سەرۆك روون دەکاتەوە، هەروەها رادەی پەیوەست بوونی بەئاکامەکانی، واتە سزاو پاداشت.

# بەڕێوەبەری خۆشەویست

## وریابە

بۆ پارێزگاری کردن لەپرۆسەی گۆڕانکاری دەکرێت پیادە کردنی هەندێ یان هەموو ئەم ڕێگایانە بکەیت:

١- بەدووا داچوونی بەردەوام بۆ ئەنجامەکانی پراکتیك کردنی پەرەپێدانی ڕێکخراوەیی، وە بەراورد کردنی ئەنجامە کردەوەییەکان بەئەنجامە نەخشە کێشراوەکانی پێویست، وە گفتوگۆ کردنی ئەو لادانانەی دەشێ هەوڵی چارەسەر کردنی بدرێت.

٢- بەردەوام بوون لەسەر ڕاهێنانی کارمەندان و بەشداربووان لەپەر پێدانی بنچینەو بنەمازانستیەکان بۆ پەرەپێدانی ڕێکخراوەیی و ئامرازەکانی.

٣- زۆر کردنی بواری گەیاندنە کراوەکانی نێوان بەشدار بووان لەپەرەپێدان، لەگەڵ کۆ کردنەوەی هەموو زانیاریە پەیوەستدارەکان.

٤- دروست کردنی سیستەمەکانی پاداشت کردن کەهانی بەشەکان و تاکە سەرکەوتووەکان دەدات لەبەشداریکردن لەپرۆسەی پەرەپێدانی ڕێکخراوەیی .

٥- پاداشت کردنی کەسەکان و گروپەکانی کار و بەڕێوەبەرە بەشدار بوودکان لە پەرەپێدان.

٦- دروست کردنی ئەو سیستمانەی هانی پێش نیارە تایبەتیەکانی پەرەپێدان و گۆڕانکاریە نوێیەکان دەدات، وەهانی ڕەفتارو هەلس و کەوتە تایبەتیەکان بەرەفتاری داهێنەرانەو دەست پێشکەری و کارامەیی

دەدات، ئەگەر لەکردارە هونەریە فەرمانبەریەکان بێت یان لەکردارە کارگێرییەکان.

٧- کۆبوونەوەو گفتوگۆ بەردەوامەکان بۆ پرۆسەی پەرەپێدان و کێشەکانی، وە دیاریکردنی ڕێگاکانی چارەسەرکردنی.

٨- کۆتایی هێنان بەڕۆڵی راوێژ کارە دەرەکیەکان پلە بەپلە، وەدروست کردنی سیستمێکی ناو خۆیی کە جێگای هەموو ئەو راوێژکارانە بکەێتەوە.

٩- مانەوە لەسەر پەیوەندی لەگەڵ راوێژکارە دەرەکیەکان بەشێوەیەك ڕێگای سەردان بدات ماوە ماوە وە لەدوورەوە تا لەتوانادابێت بەدوواداچوونی ئەنجامەکانی پەرەپێدان بدرێت.

هەواڵنامەی کتێب

## بەڕێوەبەری خۆشەویست ..

وریابە

بۆ گۆڕانی رەفتاری فەرمانبەر وە بۆ ئەوەی لەبەرژەوەندی ئۆرگانەکە بێت پێویستە پێڕەوی ئەم هەنگاوانە بکرێت :

### هەنگاوی یەکەم //

دەبێت بەڕێوەبەر و ئۆرگانەکە دەست نیشانی کێشەیەکی دیاریکراوی ناوخۆ بکەن، وە ئەم کێشەیە تایبەت بێت بە رەفتارەکانی ئەندامان وەك دابەزینی جۆری بەرهەم هێنانی فەرمانبەرەکە.

وە بۆ ئەوەی کێشەکە دەست نیشان بکرێت بەشێوەیەکی دروست، پێویست دەکات دامەزراوەکە کۆنوس و پێوەرەکان ئامادە بکات بۆ پێوانەی بەرهەم هێنانەکە، تیادا رەفتاری فەرمانبەر تۆمار دەکرێت وە بەراورد دەکرێت بەپێوەرە دانراوەکان لەماوەی نزیك لەیەکتر بۆ دڵنیا بوون لەوەی کە کێشەکە تایبەتە بەم تاکەوە بەرەفتارێکی دیاریکراو.

### هەنگاوی دووەم //

کۆنوس و تۆمار کراوەکان دەکرێن بەنەخشە تا لەتوانادا بێت بەدوا داچوون بۆ گۆڕاوەکان یاخود کاریگەری دۆخە جیاوازەکەی بەسەردا بکرێت.

### هەنگاوی سێیەم //

شیکردنەوەی کێشەو ئەنجامە جیاوازەکانی بکرێت، هەروەها توێژینەوە لەکاریگەرییەکانی سەر رەفتاری فەرمانبەر دەکرێت، وە بەمە کارگێری دەتوانێت زاڵ بێت بەسەر کێشەکەو ئەو دۆخەی بەشداری دەکات لە ئاڵۆزبوونی.

### هەنگاوی چوارەم //

پێش نیاز کردنی چارە سەریەك، وە وەك باوە ئاماژەی بۆ دەکرێت بەزاراوەی ستراتیژییەت لەبەر ئەوەی هەندێ لەم چارە سەریانە کاتێکی دوور درێژی دەوێت، بۆ سەلماندنی ئەنجامەکانی، وە پێش نیار کردنی چارە سەریەکە

هەواڵنامەی کتێب

بەدی دێت بەپێی دۆخی ناوچەیی و ژینگە و ئەو ڕێکخستنەی کە هەیە وە ئەو تەکنیکە زۆرەو خودی تاکەکان.

## هەنگاوی پێنجەم //

جێ بەجێ کردنی چارە سەریەکە بەبەکار هێنانی هەندێ دیاریکراوی وەك سزاو پاداشت، لەگەڵ تێبینی کردنی ئەوەی کە تەنها بە جێگاندن سەر کەوتن ناگەێنێ، لەبەر ئەوەی ڕەنگە ئەنجامەکان ڕەنگدانەوەی ویستی کارگێری نەگەێنێ ئەمە پێویست بەدوواداچوونی هەوڵەکانی پەرەپێدان بەردەوام دەکات.

هەواڵنامەی کتێب

## بەڕێوەبەری خۆشەویست...

### وریابە

**بەرنامەکانی گۆڕانکاری رێکخراوەیی و ئەنجامە پێش بینیەکانی ئەو بەرنامەو شێوازانە:**

| بەرنامەی گۆڕانکاری | نموونەی شێوازەکانی هەربەرنامەیەك | ئاکامە پێش بینیەکان/ راستیەکان |
| --- | --- | --- |
| پەیکەر | - ئاسان کاری کارراییەکان.<br>- ددولەمەندکردنی پیشە.<br>- فراون کردنی پیشە.<br>- پەیوندی نێوان تەکنیکیەکان و کارگێرییەکان | - چاککردنی :<br>-تێربوونی پیشەیی.<br>- تێکڕاییەکانی ئامادە نەبوون.<br>- سوورەکانی کار.<br>- بەجێ گەیاندن. |
| رەفتار | - راهێنان لەسەر هەستیاری .<br>- سیستم بەهۆی رێگای لێکەت.<br>- بەرنامەکانی پلان دانانی پیشەو جۆری ژیان. | - چاککردنی :<br>-ناراستەکان.<br>- درك پێکردنی خودی.<br>- چارەی کێشەکان.<br>- پەیوەندییەکان. |
| تەکنۆلۆژیا | - کەرەستەنوێیەکان .<br>- سیستمی بەرهەم هێنانی گەورە.<br>- بەئامێر کردن. | - چاککردنی :<br>-بەرهەم / دەرئەنجامەکان.<br>- چاکی.<br>- تێچووەکان.<br>- بەرکار هێنانی کات. |

# بەڕێوەبەری خۆشەویست ...


**وریابە**

## چارەکردنی گۆڕانکاری

دەکرێت چارەکردنی گۆڕانکاری بۆ سێ ڕوو یان سێ قۆناغ دابەش بکرێت:
قۆناغی یەکەم بەدۆخی ڕاهاتوو دەناسرێتەوە، وەقۆناغی دووەم بەدۆخی گۆڕان دەناسرێت وە قۆناغی سێیەم بەدۆخی خواست دەناسرێت.

ئەم قۆناغانە ئاماژە بۆ دروست بوونی هاوسەنگی دەکەن، وەقۆناغی دووەمی تایبەت بەگۆڕان، چۆنیەتی گەشەپێدانی ئامادەیی و ڕەفتارەکانی ئاشکرا دەکات کە بۆ قۆناغی خواست ئاراستەی دەکات، بەڵام لەقۆناغی خواست پێویست بەتێپەڕ بوونێکی دڵنیایی دەکات لەماوەی قۆناغێکی دڵنیا نەبوونی بێ ئاسوودە کە تووشی دەردەسەری دەبێت لەماوەی قۆناغی گۆڕاندا.

وە دەکرێت ئەم سێ قۆناغە بەم شێوەیە وێنا بکرێت :



## گۆڕانکاری ڕێکخراوەیی ئەم داواکاریانەی لێمان دەوێت وەك مەرجێکی بنچینەیی :

١- ئازارەکان : لەوزانیاریە سەختانە خۆی دەنوێنێ کەدەبێتە هۆی دەرچوون لەقۆناغێکەوە بۆ قۆناغێك.

٢- چارەسەر : بۆ باس کردنی ڕەفتار یان ئەو هەڵس و کەوتەی بەشداری لەچارەکردنی کێشەکان یان یارمەتی دان لەسوود وەرگرتن لەو دەرفەتانەی بەرچاو دەخرێن لەکاتی ئێستادا رادەی سەرکەوتنی هەرگۆڕانکاریەك لەسەر رادەی بەرگەگرتنی ئازارەکان و چارە سەرکردنە دانراوەکە دەوەستێت، وەئازارەکانی گۆڕانکاری خۆی دەنوێنی لەرادەی بێ ئاسوودەیی کەدەردی دەکێشین لە بارێکدا کە بێ توانا بین لەبەدی هێنانی ئامانجەکانمان وە ئەمە بەئازارەکانی ئێستا دەناسرێت.

وەڕەنگە ئێش و ئازار رووبدات بەهۆی پێش بینی نەکردنی دڵسۆزیمان بۆ ئامانجەکانمان وە ئەمە دەناسرێت بەئێش و ئازارە پێش بینی کراوەکانمان، وەبێ ئاسوودەیی و ئێش و ئازارەکانی بەهۆی ئەو کێشانە پەیدادەبێت کەتوانای چارەسەریمان بۆی نیە، یان بەرەو ڕووی لەدەست دانی هەلی دیاریکراو دەبین، وە بەشێوەیەکی گشتی ئاوات بێ ئێش و ئازار نابێت وە دەسکەوت بەئاسانی بەدی نایێت.

**لێرەدا شەش پرنسیپ کە چارە سەرکردنی جۆری گۆڕانکاری دیاری دەکات :**

١- رووبەروو بوونەوەی گۆڕانکاری، بەوەی چارەسەریەکی ئاڵ گۆڕە یان جووتەن وە شتێکی دژوار نیە مامەڵە کردن لەگەڵیدا مەحال بێت.

٢- رازی بوون بەوەی دەیکێشی یان ئەوەی دەیدەیت بۆ بەدەست هێنانی خواستەکەت، یاخود ئەوەی دەیدەیت لەپێناوی ئەوەی بەدەستت دەکەوێت ئێستا یان لەئاییندە بۆیە گۆڕانکاری بەئەرکە.

٣- باوەڕ هێنان بەتێچووی قۆناغی ئێستا بەبەراورد بەتێچووەکانی قۆناغی گۆڕان.

٤- پەسند کردنی ئەو ئازارانەی لەئەنجامی بێ ئاسوودەییەوە هاتووە، وەك باجاێك دەدرێت لەپێناوی گۆڕان.

٥- پێش وازی کردن، بەشێوەکانی چارەسەری بەپێی توانا.

٦- ڕوو بەروو بوونەوەی گۆڕانکاری و پەسندکردنی لەماوەی کۆمەڵێك هەڵس و کەوت و ئەو رەفتارانەی کەلەگەڵ چوار چێوەی گشتی سەرچاوەو شارستانیەت دەگونجێ.

## بەڕێوەبەری خۆشەویست ..

### ئایا دەزانی

پرۆسەی گۆڕانکاری تووشی زۆر کێشەو تەنگەبەر دەبێت، وە دەبێت کەسی گۆڕەر مامەڵە بەباشی لەگەڵ ئەم لایەنە ماندووکەرانە بکات، وە ستراتیژییەتی گونجاو هەڵبژێرێت بۆ رەفتار کردن لەگەڵیاندا، لێرەدا

بەکورتی ئاماژە بۆ (٧) لەگرینگترین ئەو کۆسپانە دەکەین، سەرەرای ستراتیژییەتی گونجاو بۆ هەر یەکەیان، وە بەم شێوەی خوارەوە.

١) خەڵکی هەست بەدڵتەنگی و بێ ئاسودەییان دەبێت :

ستراتیژییەتەکە :

بەخەڵکی بڵێ ئەوە دیاردەیەکی سروشتیە.

٢) خەڵکی بیر لەوە دەکەنەوە کە لەدەستی دەدەن :

ستراتیژییەتەکە :

هەوڵ مەدە (روو پۆش)ی باشەکانی گۆڕانکاری بفرۆشیت لە قۆناغی یەکەمدا، بەڵکو زیانەکانیان، یاساریژ بکە (دانی پیادا بنێ و لێگەڕێ با گریانیان بێت)

٣) خەڵکی هەست بەتەنیایی دەکەن ئەگەر هەموویان بەگۆڕانکاری تێپەڕ بوون :

ستراتیژییەتەکە :

چالاکیەکان بەرنامە ڕێژ بکە بەجۆرێك هەموو بەشداری تیادا بکەن، وەهانی خەڵکی بدەن لەبەشداریکردنی ئەرك بەجێگەیاندن و کارکردن بەیەکەوە بۆ ئەوەی یارمەتی یەکتر بدەن لەتێپەڕ بوون لەو گۆڕانکاریە.

٤) خەڵکی دەتوانن بەرگەی رادەیەکی دیاریکراو لەگۆڕانکاری بگرن وە نەك هەموو گۆڕانکاریەکە:

ستراتیژییەتەکە :

پێشینەکان دابنێ، وە تەماشای ماوەی دووربکە.

٥) خەڵکی جیاوازن لەئامادە باشیان بۆ گۆڕانکاری :

ستراتیژییەتەکە :

خەڵکی بەوە پۆلین مەکە (ئەمە وشکەو ئەوە لاوازە...هتد) وەبەرەنگاریان مەبەوە، وەدان بەوە دابنێ کە هەندێ گۆڕانکاریان لا خۆشەو هەندێکیان دژی گۆڕانکارین، وە پێویستیان بە کاتێکی زۆر هەیە بۆ هەست کردن بە دڵنیایی.

٦) خەڵکی بەبیریان دێت کە دەرامەتە بەردەستەکان (کات، لێهاتوویی، پارەوپول) بەش ناکات.

ستراتیژییەتەکە :

هانی کارامەیی و داهێنان بدە بۆ چارە سەر کردنی کێشەکان.

٧) ئەگەر فشاری گۆڕانکاری لادرا ئەوا خەڵکی دەگەڕێنەوە سەر ڕەفتارو نەریتەکۆنەکان:

ستراتیژییەتەکە :

بایەخ بەبەردەوام بوونی گۆڕانکارییەکە بدە، وە هەستە بەبەڕێوەبردنی قۆناغی گۆڕانکاریەکە.

هەواڵنامەی کتێب

# بەڕێوەبەری خۆشەویست ..

## وریابە

**بوارەکانی گۆڕانکاری**

**١- چالاکی و کارو بارەکان :**

لێرەدا شێوەی گۆڕانکاری دەبێت وەك نموونە : ڕوودانی کاروباری چالاکییە نوێیەکان بێت، یان تێکەڵکردنی چالاکی لەگەڵ چالاکیەکانی تردا یان نەهێشتنی کاروبارە هەبووەکان.

**٢- ڕەگەزی مرۆیی :**

لەم بوارەدا گۆڕانکاریەکان شێوەی زۆر بوونی قەبارەی هێزی کاروەردەگرێت بەڕێگای هەڵبژاردن و دامەزراندن، یان کەم کردنەوەی قەبارەکەی بەڕێگای لادان و دەرکردن یان زیاد کردنی لێهاتوویی لەماوەی بەرنامەکانی ڕاهێنان و گەشەپێدان...هتد.

**٣- دەرامەتە ماددییەکان :**

وەك گۆڕانی ژمارەی ئامێرەکان، بەرزکردنەوەی تەکنۆلۆژیای بەکار هێنراو، گۆڕان بەجۆری کەرەستە سەرەتاییەکان..هتد.

**٤- سیاسەتەکان :**

لێرەدا گۆڕانکاری شێوەی هەڵوەشاندنەوەی سیاسەتە هەبوەکان وەردەگرێت کارپێکردنی سیاسەتی تری نوێ، هەموار کردنی سیاسەتە کارپێکراوەکان..هتد.

**٥- شێواز و کارراییەکانی کار کردن :**

گۆڕانکاری لێرەدا شێوەی ساکار کردنی وەردەگرێت بۆ جێ بەجێ کردنی خێرایی لەئەرك بەجێ گەیاندن، یان کارپێکردنی ڕێگانوێیەکان..هتد.

٦- پەیکەری ڕێکخراوەیی :

لێرەدا گۆڕانکاری لەسەر شێوەی دووبارە دابەشکردنی یەکە کارگێڕییەکان دەبێت، بەدیهێنانی کارگێڕییە نوێیەکان، یاخود تێکەڵ کردنی کارگێڕییەکان لەگەڵ یەکتر ....هتد.

**ئێستا بەڕێوەبەری خۆشەویست ...**

**وریابە**

❖ بۆ ئەوەی گۆڕانکاری بە سوود بێت پێویستە ئەم ڕەگەزە سەرەکیانە بگرێتە خۆی لەهەر دامەزراوەیەك بێت :

- فەلسەفەو ئامانجەکان.
- پەیکەری ڕێکخستن.
- ئاراستەی کارگێڕی.
- هێزی کار (تەکنیکاران – کارگێڕان – هاوکاران)
- کەرەستەو توانا ماددییەکان.
- شێواز و سیستەمەکانی کار.

❖ ناوەرۆکی پرۆسەی گۆڕانکاری پێویستە لەچەند کارێکی گرینگ پێك دێت:



کتێبخانەی کتێب

- پێداچوونەوە بەدارشتنی فەلسەفەی دامەزراوەکەو ئامانجەکانی.
- پێداچوونەوە بەپێکهاتەی ڕێکخستنی گشتی و پەیکەرەکانی لەهەموو ڕوویێکەوە.
- پێداچوونەوە بەپێك هاتەی پەیوەندییەکانی کاروپیشەیی.
- پێداچوونەوە بەپێك هێنانەوەی پەیکەرو هێزە مرۆییەکانی لەڕووی چەندایەتی و چۆنایەتیەوە.
- پێداچوونەوە بەسازدانی دامەزراوەکە بەپێداویستیە مادد‌ییە گونجاوەکان.
- پێداچوونەوە بەداڕشتنەوەی سیستم و شێوازەکانی کار (پێداچوونەوە بە نەخشەی کردارەکان).

لەچاو خشاندنەوە بەو ڕەگەزانەی پێشوتر یەك لەم سێ پێویستیانە (یان هەموویان) بەدی دێت.

- بەکار نەهێنانی ....
- داواکردنی کەرەستەی ......
- تازە کردنەوە ............

وە بۆ ئەوەی گۆڕان بۆ باری نوێ بەدی بێت (ڕێککەوتن لەگەڵ پێداویستیەکانی سەردەمی زانیاریەکان) کارەکە پێویستی بەبوونی کارگێرییەکی بەتوانا دەکات بۆ بەڕێوەبردنی کردارەکانی گۆڕان بەردەوام دارشتن تاگۆڕانکاریەکە بەدەربکەوێت (وەك ئەنجامێکی کۆتایی بۆ کردارەکانی گۆڕان) .

هەواڵنامەی کتێب

# ستراتیژییەتی کارگێڕی گۆڕان :

- ئامادە کردن. — ئاسان کردن.
- بەدووادا چوون . — پێداچوونەوە.

**ئامادەبوون ( ئامادەکردن )**

- باس کردنی ئەو گۆڕانکاریەی کار دەکاتە سەر دامەزراوەکە (ئۆرگانەکە) وە ئەو ئاسەوارە، پێش بینی روودانی دەکرێت.
- دیاریکردنی ئەو کەسانەی کار تێکراو دەبن بەگۆڕانەکە، وەپێش بینی کردنی کاردانەوە جۆراو جۆرەکان لەلایەن ئەوانەوە.
- هەڵسەنگاندنی رادەی ئامادەیی دامەزراوەکە بۆ گۆڕان (بۆ روودانی گۆڕانکاری) وەرادەی راهاتنی پەیکەری رێکخراوەیی و کەناڵەکانی گەیاندن و کرانەوەی.
- شیکردنەوەی رەنگدانەوە سیاسیەکان (ناوخۆیی) بۆ گۆڕانە نەخشەکێشراوەکان.
- پێك هێنانی تیمی تایبەت بە بەدوواداچوون بەرادەی پێشکەوتنی پلانی گۆڕان لەجێ بەجێکردندا.
- دیاریکردنی شارەزایی و کارامەییەکانی پێویست بۆ سەرکەوتنی گۆڕان کەلە پاش جێ بەجێکردن گرینگیان زیاتر دەبێت، وە ئامادە کردنی بەرنامەکانی ڕاهێنان و هی تر لەشێوازەکانی کۆ کردنەوەی ئەو شارەزاییانە.

- پەرەپێدانی ئامرازو کەرەستەو ڕێگاکانی پەیوەندی لە ناو دامەزراوەکە بۆ دەستەبەر کردنی هەڵقوڵانی زانیاریە دەروستەکان دەربارەی گۆڕان و ئەنجامەکان.
- نەخشەکێشانی سیستمی پاداشت، بۆ خەڵات کردنی کارمەندان لەسەر پەسندکردنی گۆڕان و سەرکەوتنی.
- نەخشەکێشان بۆ یادەکان، بۆ ئاهەنگ گێڕان بەقۆناغەکانی گۆڕان و ڕاگەیاندن پێی .

**بەدواداچوون :**

نەخشەکێشانی سیستم وپێك هێنانی تیمی بەدوواداچوون بۆ دڵنیا بوون لە پراکتیزەکردنی پلانەکان و بەرنامەکانی گۆڕان.

**ئاسان کردن :**

ئەوەش بەدەست تێوەردان بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشانەی بەرەو ڕووی پلان و بەرنامەکانی گۆڕان دەبێتەوە وەپەرە پێدانی شێوازەکان بەو ڕادەی دەمانگەیەنێتە ئامانج.

**پێداچوونەوە :**

ئەمە بۆ هەڵسەنگاندنی دەسکەوتەکان کەبەقۆناغ جێ بەجێ دەکرێت وە دڵنیا بوون لە ئەنجامەکانی گۆڕان و ئەو ئاسەوارانەی بەدووایدا دێت.

## ئەقلانیەتی بنچینەیی لەبەڕێوەبردنی گۆڕان :

- ئاشکرا کردنی دەرفەتەکان و خۆ ئامادە کردن بۆ سوود وەرگرتن لێیان.
- ئاشکرا کردنی کۆسپەکان و خۆئامادە کردن بۆ دوور خستنەوەیان .
- ئاشکرا کردنی خاڵەکانی هێز وەکارکردن بۆ کارپێکردنیان و گەشە پێدانیان.
- ئاشکرا کردنی لایەنە لاوازەکان و کارکردن بۆ سووك کردنیان یان چارە سەرکردنیان.

| کارگێڕی کار دەکات بۆ گەڕانەوەی هاوسەنگی |
|---|

هەواڵنامەی کتێب

## ئێستا بەڕێوەبەری خۆشەویست ..

### وریابە

(لوبن) دەڵێت ڕێگایەکی چاکتر هەیە لەم بوارەدا بۆ بەدی هێنانی هاوسەنگی لەنێوان هۆکارە لاینگیرەکانی گۆڕانکاریو ئەو هۆکارانەی بەر هەڵستی کارن، ئەوەش لەماوەی ناسینی هۆکارە بەرهەڵستکارەکان و لەناو بردنی، ئەمە وا لەهۆکارە لاینگیرەکان دەکات بۆ پاڵنانی گۆڕانکاری بەخێراییەکی خۆ کرد بەرەو پێش بجولێت.

**لێرەدا خشتەیەك هۆكارە لاینگیرەكان و هۆكارە بەرهەڵستكارەكان ڕوون دەكاتەوە.**

| هێزە پاڵنەرەکان<br>هۆکارەکانی لاینگیری گۆڕانکاری | هۆکارە ڕێگرەکان<br>هۆکارە بەرهەڵستکارەکانی گۆڕانکاری |
|---|---|
| - تاکەنوێیەکان. | - لەلایەن تاکە کانەوە . |
| - بازاری گۆڕاو . | - ترس لەسەرنەکەوتن. |
| - سووری ژیانێکی کورتر و بۆ بەرهەم . | - لەدەست دانی پلەو پایە. |
| - گۆڕانی ئاراستەکان بەرەو کارکردن. | - تەمەڵی بەجۆرێکی بار. |
| - بەجیهانیکردن (گشتگیری دەوڵەتی) . | - ترس لە نەزانراو . |
| - بازارە جیهانیەکان. | - لەدەست دانی هاوڕێیان. |
| - گۆڕانە کۆمەڵایەتیەکان. | - لەلایەن دامەزراوەکانەوە |
| - زۆر بوونی رکابەری . | - هێزی رۆشنبیری. |
| - تەکنولۆژیای نوێ | - مەیینی ڕەبکەر. |
| | - دابەزینی تێچووەکان. |
| | - کەم بوونەوەی دەرامەتەکان. |
| | - رێککەوتنە گرێبەستیەکان |
| | - خۆ بەستنەوەی توند بەبەهاو شێوازەکان بۆ هەڵسەنگاندنی چالاکیەکانی دامەزراوەکە. |

# بەڕێوەبەری خۆشەویست ...

## وریابە

لەم بوارەدا هەشت رۆڵ هەیە پێویستە بەڕێوەبەری بەرپرسیار بەرووودانی پرۆسەی پەرەپێدان پێی هەستن ئەوانەش :

١) ڕۆڵی بەڕێوەبەر :

هەستان بەهەڵسوراندنی دەسپێشکەرییەکە بەدیار کردنی ئامانج و ئەرك پێ سپاردنێکی کارا بۆ دەسەڵات.

٢) ڕۆڵی بەرهەم هێن :

بەرهەم هێنانی کەسێتی و پاداشتی کارگێری کات و دڵە راوکێ – هاندانی ئەوانی تر .

٣) ڕۆڵی ڕێکخەر : پلان دانان – ڕێکخستن – چاودێری .

٤) ڕۆڵی چاودێر : نووسین بەکاریگەری و دیار کردنی زانیاریەکان بە شێوەیەکی گونجاو بۆ تاکەکان.

٥) ڕۆڵی مامۆستا : لەخۆی و کەسانی تر تێ بگات، ئەنجام دانی پەیوەندییە ناسراوەکان بەداب و نەریتی نێوان کەسەکان، گەشە پێدانی کارمەندان.

٦) ڕۆڵی نوێکار :

بیرکردنەوەی داهێنەرانە. بەیەکەوە ژیان لەگەڵ گۆڕانکاری و بەڕێوەبردنی.

٧) ڕۆڵی دەلاڵ :

دروست کردنی بنکەیەکی بەهێز و پارێزگاریکردنی، گفتوگۆی کاراو کارامەیی کاریگەر، توانای رووبەروو بوونەوەی زاری.

**٨) ڕۆڵی هاوکار :**

پێك هێنانی تیمی کار و بڕیاری بەکۆمەڵ و بەڕێوەبردنی ناکۆکی.

## بەڕێوەبەری خۆشەویست ...

### وریابە

پێویستە سەرکردەکانی گۆڕانکاری دەست بەکاربن لەبەر ڕۆشنایی تێگەیشتنێکی تەواوی ئاسەوارە چاوەڕوانکراوەکانی گۆڕانکاری بەسەر لایەنە جیاوازەکانی ئۆرگانەکە.

وەپاشان گۆڕانکاری نەخشە کێشراو و کارا، پێویستە بەدی بێت لەماوەی چوار چێوەیەکی گشتی کە کۆمەڵە پرسیارێك ڕەنگە وەڵامەکانی بەسوود بێت لەتێگەیشتن و دیاریکردنی ناوەڕۆکی گۆڕانکاری و کاریگەری بەسەر لایەنە هونەری و مرۆییەکانی ئۆرگانەکە.

دەکرێت پەنا بۆ چەند نموونەیەك لەو پرسیارە بەسوودانە بەرین لەم بارەوە وەبەم شێوەیە :

خاڵی دەست پێکردن لەئەرکەکانی سەرکردەی گۆڕانکاری لەکوێدایە؟ بواری گۆڕانکاری چاوەڕوانکراو چەندە؟ وەبۆ؟ بەواتایەکی تر ئەو ڕەگەزانەی کە گۆڕانکاری دەستی پێیان دەگات چین؟ ئایا ئەوە کاری خۆ کردە؟ یان ئەوە گۆڕانکارییە لەڕێگاو شێوازەکان؟ یاخود ئەوە گۆڕانە لەلایەنە ڕێکخراوەیی و سیستمە کارگێڕییەکان؟ یان گۆڕانکارییە لە بەکار هێنانە کارگێڕییە

زانراوەکان؟ یان گۆڕانە لەئاکار، نەخشە کێشان، شیکردنەوەی پیشەیین؟ وە بۆ گۆڕانکاری تایبەت بەیەکێك یان هەموو ئەو لایەنانە؟

ئایا بەرنامەیەکی کاری نوسراو دانراوە بۆ ئەوەی ببێتە ڕێ نیشاندەرێك بۆ هەوڵەکانی گۆڕانکاری، ئەم وەڵامانە بگرێتە خۆی لەسەر بۆ، چۆن، کەی، لەکوێ هەولەکانی گۆڕانکاری بەدی دێت؟

ئەو بەشەی مەبەستی گۆڕانکارییە لەئۆرگانەکە چیە؟ وەبە دیاریکردن ئەو بەشەی کە دەگۆڕێت لەبەر ڕۆشنایی ئەنجامی هەوڵەکانی گۆڕانکاری؟

## وەئێستا بەڕێوەبەری خۆشەویست ....

### وریابە

هەواڵنامەی کتێب

دەکرێت بڕیار بدرێت لەسەر ڕادەی سەرکەوتن لەبەکار هێنانی پرۆسەی پلان دانانی هەوڵەکانی گۆڕانکاری لەماوەی وەلامدانەوەی ئەم پرسیارانە، کەهۆیەکان و چۆنیەتی سەرکەوتنی پلانەکە ڕوون دەکاتەوە.

**١) خاڵە سەرەکیەکان لەکاتی هەوڵەکانی گۆڕانکاری چی بوون؟**

أ- چین ئەو کێشانەی ڕادەی ئامادەیی ڕێکخراوەیی بۆ گۆڕانکاری دەردەبڕێ؟

ب- وەتیمی گۆڕانکاری پراکتیکە جێ بەجێکراوەکان؟ (کۆڵەکەکانی پلان).

**٢) چین کێشە لاوەکییەکان یان ئەوانی کەمتر گرینگن یاخود هۆیە لاوەکیەکان لەکاتی گۆڕانکاریدا؟**

أ- چین پێداویستیەکانی سەرکەوتن کەرەچاو نەکراوە؟

ب- چۆن دەکرێت کاریگەری ئەو پێداویستیانە رەچاو بکرێت بۆ چاککردنی دۆخەکە لەکاتی کار پێکردن؟

**٣) کام لە پێداویستیەکانی سەرکەتن کاری پێکرا لەکاتی ڕوودانی گۆڕانکاریەکە، باسی بکە؟**

أ- بەشێوەیەکی گشتی ئایا گۆڕانکاریەکە پەسند کراو بوو؟

ب- ئایا جێ بەجێکردنەکە بەپێی بەرنامە کاتیەکە بووە؟

ج- ئایا تێچووەکانی ئەرکی گۆڕانکاریەکە هاو جۆری ناوەرۆکی پلانەکە بووە؟و


د- ئایا ئەرك راپەڕاندن و جێ بەجێ کردنەکە بەپێی پلانی شارەزایان بووە؟

**٤) لەبارێکدا هەرسێ کۆڵەکەکانی پلان کۆبوونەوە (ئامادە بوونی رێکخراوەیی - پێکهاتەی مرۆیی - پراکتیکە کرداریەکان) چی لە تواناد بوو رەچاو بکرێت بە پێچەوانەی ئەمەو لە پێناو ڕوودانی گۆڕانکاری تر لەئایندەدا.**

هەواڵ نامەی کێر

وەنێستا بەڕێوەبەری خۆشەویست ....

وریابە




هەواڵنامەی کتێب

# کارپێکردنی چەند کۆمپانیایەك لەبەجێهانی گۆڕانکاری ڕێکخراوەیی

## ١- کۆمپانیای زیروکسی ئەمریکی:

لەساڵی ١٩٨١ کۆمپانیـای زیروکـسی ئـەمریکی خـەریکی پێداچـوونەوە بـوو بەڕێکخستن بـوو لەهـەموو یەکە ڕێکخراوەییـەکانی سـەر بـەو، وە لـەو یەکـە سەرەکیانەی ئەو کۆمپانیایە کە پێویستی بەپەرەپێدان بوو، گروپی بەرهـەم هێنانی ئامێرەکانی وێنە گرتن بوو(R.B.G) . .

کارگێڕی باڵای کۆمپانیا وای بۆ چوو کەلەئـەنجامی گـۆڕانی بـارو دۆخـی ئـەم کۆمپانیایـە، کارەکـە پێویـست بـەوە دەکـات زیـاتر خـەریکی نوێکـاری و دەس پێشکەری بێت لەوەرگرتنی بڕیارەکان و جەربـەزەیی، هـەروەها شـکیردنەوەی بارودۆخـە دەرەکیـەکانی کۆمپانیاکـە هـەروەها دۆخـی نـاوخۆیی، واپێویـست دەکـات کـە کـارگێری ئـەم کۆمپانیایـە زیـاتر بەشـداری بـەکار مەنـدانی بکـات لەوەرگرتنی بڕیارەکان و پەیوەندی گەورەتر بێت لەگەڵ کارمەندان، وە بەمە دەتوانێت هانی کارمەندان بدات بۆ پێشکەشکردنی بیروڕای داهێنەرانەی نوێ.

وەبەمەگۆڕانکاریەکـە ئامـانجی دیاری دەکرێـت لـەگۆڕینی جـۆری پیاوەکـانی کارگێڕی لەکار گێڕییەکەوە بایەخ بەکرداری هونەری و بەرهەم هێنـان دەدات بۆ کارگێرییەك زیاتر بایەخ بەکارمەندان بدات.

بـۆ جـێ بـەجێ کردنـی ئـەم ئامانجـە پـشت بەسـترا بـەکارگێری دەرامەتـە مرۆییەکانی کۆمپانیاکە، ئەم کارگێرییە هەستا بەلێکۆلینەوەیـەکی سـەرەتایی بۆ ئەو جۆرە کارگێریانەی ئێستا بەکار هێنراون، وەبە هاوکاری کردن لەلایەن

یەك لەراوێژکارە رەفتاریەکانی ئەم بوارە بەپێشکەشکردنی بەرنامەیەك بۆ گۆڕان لەجۆرەکانی کارگێری ئێستای ئۆرگانەکە، ئەم بەرنامەیە لەسەر نموونەی لوین/سکین بۆ گۆڕانکاری داڕێژرا، کە خۆی دەنوێنێ لەقۆناغی توانەوە پاشان گۆڕانکاری و پاشان قۆناغی چەسپاندن.

وەگۆڕان لەجۆری کارگێڕییەکان جێ بەجێکرا بەپیادە کردنی ئەم قۆناغەی خوارەوە :

١) قۆناغی دیاریکردنی رەفتارە کارگێڕییە خوازراوەکان.

٢) پێوانەکردنی رادەی زۆر بوونی ئەم رەفتارانە لای بەڕێوەبەرەکان وە ئەمە بەپرسیارکردن لەکارمەندان، ووەلامەکانیان دەربارەی ئەم رەفتارانە بگاتە سەرۆکە ڕاستەوخۆکانیان بۆ زانینی لایەنەکانی لاوازی و هێز لەرەفتارەکانی ئێستایان.

٣) بەڕێوەبەر بەتەنیا لەگەڵ کارمەندان یان لەگەڵ سەرۆکی راستەو خۆ هەڵدەستێت وە بەهاوکاری کردن بەبیروڕای ڕاوێژکاری گۆڕانکاری بەدانانی پلانی گۆڕانی رەفتارەکان کەپێویستی بەچاك کردن هەیە وە بۆ بەدەست هێنانی رەفتارە خوازراوەکان کەلای نیە لەم قۆناغەدا ئامرازەکانی گۆڕانکاری دیاری دەکرێت کە بەکار دەهێنرێن.

٤) پێوانەی بەجێهنان لەرەفتارەکانی پاش گۆڕانکاری بەهۆی پرسیار کردن لەکارمەندان دەربارەی ئەم رەفتارانە و ئەنجامی پێوانەکە دەدرێتە بەڕێوەبەر، وە بەکاری دەهێنێت بۆ پەرە پێدان یان گۆڕان لەو رەفتارانەی کە هێشتا لاوازی پێوە دیارە.

٥) بەڕێوەبەر هەڵدەستێت بەکار کردن بەبەکار هێنانی رەفتارە نوێیەکان پاش هەموار کردن و پەرەپێدان، وە بەمە ئامادە کردن یان گۆڕان لەرەفتاری بەڕێوەبەرەکان بەدی دێت.

## ئەم شێوەی خوارەوە ئەم قۆناغانە دیاری دەكات :

## ستراتیژییەتی گۆڕانكاری بۆ جۆرەكانی كارگێڕی لەكۆمپانیای R.G.B

## دەرفەتەكانی پەرەپێدانی بەدەست بۆ بەڕێوەبەرەكان

| دیاریكردنی رەفتارەكانی كارگێڕی خوازراو | پەیداكردنی بیروڕا یاخود دركی كارمەندان لەسەر رەفتارەكانی ئێستای بەڕێوەبەرەكەیان | بەڕێوەبەرەكان هەڵدەستن بەئامادەكردنی پلانەكانی گۆڕانكاری و پیادەكردن لەكاروبارەكانیان. | پەیدابوونی بیروڕا یان درك پێكردنی كارمەندان بەرەفتاری بەڕێوەبەرەكان پاش گۆڕانكاری و كارپێكردن. | ئەنجامەكانی لستی پرسیارەكان بەكار دەهێنرێت بۆ پەرەپێدانی بەجێ هێنانی بەڕێوەبەرەكان. | سەرنجدانی رەفتارە پەسندكراوەكانی بەڕێوەبەران |
|---|---|---|---|---|---|
| ١-بایەخدانی بەكارمەندان<br>٢- بەڕیوەبردنی ئەركەكە.<br>٣- پەیوەندییەكان.<br>٤- پەرەپێدانی تاكەكان.<br>٥- سەركردایەتی | ١- كارمەندان هەڵدەستن بە پڕكردنەوەی فۆرمی پرسیارەكان دەربارەی زۆر بوونی رەفتارە پەسندكراوەكان لەرەفتارەكانی ئێستا بۆ سەرۆكەكانیان<br>٢- پاشان ئەنجامەكان فۆرمی پرسیارەكان دەدرێنە بەڕێوەبەرەكان وە تەنها بەڕێوەبەر ڕاستەو خۆ بۆی هەیە رێگا بداتە كارمەندانی گفتوگۆ لەسەر ئەنجامەكانی | ١-شیكردنەوەی ئەنجامەكانی فۆرمی پرسیارەكان بەهۆی هەموو یەكێك لەبەڕێوەبەرەكان.<br>٢- پلانەكانی پەرەپێدان بۆ هەر بەڕێوەبەرێك ئامادە دەكرێت.<br>٣- بەڕێوەبەر ئازادە لە بەشداری پێكردنی یان نەكردنی كارمەندانی دەربارەی ئەنجامەكانی فۆرمی پرسیارەكان بۆ دیاریكردنی ئەو رەفتارانەی كە پێویستە گۆڕانیان | ١- كارمەندان هەڵدەستن بەپڕكردنەوەی پرسیارەكان دەربارەی جۆرەكانی رەفتاری سەرۆكە ڕاستەوخۆكانیان.<br>٢- ئەنجامەكانی فۆرمی پرسیارەكان پێشكەش بەبەڕێوەبەرەكان دەكرێت ڕاستەوخۆ. | ١- بەڕێوەبەر مافی دیاریكردنی هەیە لە بەشداری پێكردنی كارمەندان یان سەرۆكەراستەوخۆكەی لەئەنجامەكانی فۆرمی پرسیارەكان بۆ دیاریكردنی گۆڕانكاری پێویست.<br>٢- پلانی نوێ دادەنرێت بۆ گۆڕانكاری و پراكتیزە كردنی . | ڕوودانی پەرەپێدان لەچالاكیەكانی كارگێڕی لە كۆمپانیای R.B.G |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| | بکەن ئەگەر ئارەزوویان لێ بوو. | بەسەردا بێت. 4- پراکتیزە کردنی یان گۆڕانی پلانەکانی گۆڕانکاری، وە راهێنانی ڕاستەو خۆ یان ناڕاستەوخۆ بۆ بەرزکردنەوەی کارامەیی بەڕێوەبەرەکان | | | |

## وە ئێستا روونکردنەوەیەکی کورت دەربارەی ئەم قۆناغانە باس دەکەین :

١- دیاریکردنی رەفتارە کارگێڕییە ئارەزوو مەندەکان و پێوەری :

لەدیاریکردنی ئەم رەفتارە ئارەزوومەندانە متمانە کراوەتە سەر پرسیار کردن لەکارگێڕی باڵاو کارمەندان، پرسار لەکار گێڕی باڵاکراوە کەچیە ئەو رەفتارانەی ئارەزووی هەیە لای بەڕێوەبەرەکان.

وەپرسیار لەکارمەندان کرا لەسەر شێوەی گروپەکان لەگەڵ گروپەکانی کارگێڕی کە ئارەزووی بەڕێوەبردنیان چۆنە.

وەهەروەها پرسیار لەراوێژکارە دەرەکیەکان کرا دەربارەی جۆری رەفتارە ئارەزوو مەندەکان تا ئەو بەڕێوەبەرانەمان دەسکەوێت کە خاوەن شێوازە کارگێریەکانن بایەخ بەکارمەندان دەدەن.

ئەمەو سەرەڕای پێداوچوونە بەرەفتارە کاریگەرەکانی هەندێ لە بەڕێەوبەرەکان کە لێهاتوویی خۆیان لەرەفتارەکانیان لەگەڵ کارمەندانیان سەلماندوە.

پاش ئەم توێژینەوەیە ئەم ڕەفتارە ئارەزوومەندانە كۆكرایەوە لە (٤٤) ڕەفتار و ئەمە واپەسند دەكرێت لای بەڕێوەبەرەكانی كۆمپانیای R.B.G زۆر بێت، هەروەك لەم خشتەیەدا هاتووە:

ڕەفتارە ئارەزوومەندەكان بۆ كارگێڕی .

**مامەڵە كردن لەگەڵ كارمەندان :**

**١- بەشداری پێكردنی كارمەندان لەگفتوگۆی ئەو بابەتانەی پەیوەستن بەكارەوە.**

**٢- بەكار هێنانی كارامەییەكانی كار كردن و لایەنەكانی هێز لایان.**

**٣- دەرهێنانی بیروباوەڕەكانی كارمەندان.**

**٤- یارمەتی تیمەكانی كاركردن دەدات بۆ پێش خستنیان بەتێگەیشتنێكی گشتی لەكێشەو ئامانجەكانی كەبەرەو ڕوویان دەبێتەوە.**

**٥- بەشدار پێكردنی كارمەندان لە وەرگرتنی بڕیارەكانی.**

**٦- هاندانی كارمەندان بۆ هاوكاری لەجیاتی ڕكابەری .**

**٧- بوونی كەشێك لەڕاستگۆیی وباوەڕدا.**

**بەڕێوەبردنی كارەكە (بەڕێوەبەری كارا) :**

**٨- لەگەڵ كارمەندان گفتوگۆی كێشەو ئامانجەكانی پەیوەست بەئەركەكانیان دەكات.**

**٩- بیروڕای كارمەندان دەزانێت دەربارەی كە چۆن سنوردار كردنی هەندێ دەرامەت كاریگەری دەبێت لەجێ بەجێ كردنی ئەركەكانیان.**

**١٠- بەئامانجەكانی كارمەندان و خشتەی كاتەكانیان و دەسەكەوتەكانیاندا دەچێتەوە چەندی كارەكە پێویست بكات.**

**١١- لەگەڵ كارمەندان ئەنجامە چاوەڕوانكراوەكانی ئەركەكانیان دیاری دەكات.**

١٢- بارگرانی کاری ئێستای کارمەندان و یەکەمایەتیەکانی رکابەری باس دەکات پێش تەرخانکردنی کاری زیادە بۆیان.

١٣- ئەنجامەکان دەداتە دەست کارمەندان دەربارەی بەجێهێنانی باشی ئەرکەکانیان.

١٤- یەکەمایەتیەکانی ئەرکەکان دیاری دەکات.

١٥- بیروڕای خۆی دەردەبڕێ دەربارەی رادەی هەستانی کارمەدانی کارمەندان بەکارەکانیان وە چۆن دەکرێت ئاستی بەجێهێنانیان بەرز بکرێتەوە.

## پەیوەندییەکان :

أ ) پەیوەندییەکان لای بەڕێوەبەری کارا :

١٦- گوێگرتن لەبیروڕای کارمەندان و لایەنە بایەخ پێدراوەکانیان بەبێ پێ بڕینەوە.

١٧- هاندانی کارمەندان بۆ قسەکردن.

١٨- پرسیار کردن لەکارمەندان بۆ ڕوونکردنەوەیەکی باشتری شتەکان کە خۆی دڵنیا نیە لێی یان بایەخی پێ دەدات.

١٩- کورتکردنەوەی بیروڕاکانی کارمەندان بۆ دڵنیا بوون لە تێگەیشتنێکی راستی ئەوی وتراوە.

ب ) ئاڵ و گۆڕ کردنی زانیاریەکان لای بەڕێوەبەری کارا.

٢٠- دەسکەوتنی ئەو زانیاریانەی لای کارەمەندەکانە دەربارەی ئەو بڕیارانەی کە کاریگەر دەبن پێی.

٢١- پێدانی کارمەندان بەو زانیاریانەی کە کارتێکردنی بەسەر بەجێهێنانی ئەرکەکانیاندا هەیە.

٢٢- بەشدار پێکردنی کارمەندان بەو زانیاریە گشتیانەی پەیوەندە بە کارو باری کۆمپانیاکە هەیە.

٢٣- بوونی پەیوەندی دوولا یەنە لەگەڵ کارمەندان.
ج ) پشتگیری کەسێتی – بەڕێوەبەری کارا .
٢٤-کارمەندان وەك تاك دەناسێت.
٢٥- پارێزگاری کردنی پەیوەندییە کەسایەتیەکان لەگەڵ کارمەندان .

## پەرەپێدانی تاکەکان :

٢٦- لەگەڵ کارمەندان گفتوگۆی لایەنەکانی هێزیان دەکات بۆ پەرە پێدانی .
٢٧- لەگەڵ کارمەندان کار بۆ چاککردنی توانا کانیان دەکات.
٢٨- دەرفەت دەداتە کارمەندان بۆ پەرە پێدان و پێش کەوتن .
٢٩-بۆ کارمەندان ڕوون دەکاتەوە کە چۆن کاروباریان بەشداری لەچالاکی ئۆرگانەکە دەکات.

## سەرکردایەتی

أ ) شێوازی کارگێڕی هەڵوێستدار – بەڕێوەبەری کارا .
٣٠-شێوازی کارگێڕییەکەی هەموار دەکات بۆ گونجاندن لەگەڵ پێداویستیەکانی کارمەندان.
٣١-بەڕێوەبردنی کارمەندان بەجۆرێکی جیاواز دەبێت ئەگەر شارەزایی و زانین و تواناکانیان جیاواز بوو دەربارەی ئەو ئەرکە جۆراو جۆرەی داوا کراوە لێیان.
ب ) کارگێڕی گۆڕانکاری – بەڕێوەبەری کارا :
٣٢- کارمەندان بەشداری پێ دەکات لەپلان و جێ بەجێ کردنی ئەو گۆڕانکاریانەی کە کاریگەر دەبن پێی.
٣٣- بڕوا پێکردن و پابەندی کارمەندان بەدەس دێنێت دەربارەی ئەو گۆڕانکاریانەی کە کاریگەر دەبن پێی.
٣٤- پراکیزە کردنی گۆڕانکاریەکانی بەکەمترین پلە شڵەژانێکی کتوپڕ.
ج ) ئەرك پێ سپاردن – بەڕێوەبەری کارا :
٣٥- کاروبارەکان دەسپێرێت .

هەواڵنامەی کتێب

٣٦- پێدانی کارمەندان ئەو دەسەڵاتانەی کە توانای بەجێهێنانی ئەرکەکانیان دەداتێ.

٣٧- بەرپرسیاریەتی یان کاروبارەکان دەداتە کارمەندان بەپێی لایەنەکانی هێزو لایەنەکانی لاوازی و دەرفەتەکانی گەشە پێدانیان.

٣٨- ڕێگا دەداتە کارمەندان بەجێ بەجێکردنی کاروبارەکانیان یان ئەرکەکانیان بەپشتگیری کردنیان نەك بەدەست تێوەردانی کارو پیشەیان.

د ) وەرگرتنی بڕیارەکان – بەڕێوەبەری کارا :

٣٩- ڕێگا دەدات بەوەرگرتنی بڕیارەکان بەکەمترین ئاستی گونجاو لەئۆرگانەکە.

٤٠- بەهەند وەرگرتنی بیروڕای کارمەندان لەو بڕیارانەی کە دەکاتە ئیش و کاریان.

٤١- کارمەندان هان دەدات بۆ بەشداریکردن لەوەرگرتنی بڕیارەکان وە بەتایبەتی لەو بوارانەی کە هەست دەکەن توانای بەشداریان تیادا بەشێوەیەکی کارا دەبێت.

٤٢- بیروڕای خۆی ڕوون دەکاتەوە دەربارەی ئەو بڕیارانەی کە کارمەندان ڕەزامەندیان لەسەری داوە.

٤٣- بڕیارەکان بەشێوەیەك وەردەگرێت کە گەورەترین پابەندی تیادا دەستەبەر بکات لەلایەن کارمەندانەوە بۆجێ بەجێ کردنی.

ئەوی جێگای سەرنج ڕاکێشانە کەئەم ڕەفتارانە پەیوەستن بەلایەنە بنچینەییەکان لای بەڕێوەبەری کارا ئەویش مامەڵە کردنیەتی لەگەڵ کارمەندان : ئەرك بەجێگەیاندن، پەیوەندییەکان، پەرەپێدانی تاکەکان، سەرکردایەتی کردن.

ئەم ڕەفتارانە (٤٤)یە دەکرێت سەرنج بدرێت و پێوانە بکرێت. ئەم ڕەفتارانەی پەسند کراون لەلایەن کارگێڕی و کارمەندان، بەکار هێنراون لە

نەخشەی لستی ئەو پرسیارانەی ئاراستەی کارمەندان کراوە بۆ پرسیار کردنیان دەربارەی درك پێکردنیان بەهەستانی سەرۆکەکانیان بەم ڕەفتارانە ، وەپێویستە کارمەندان وەڵامی یەك لەم (٥) خاڵە بدەنەوە:

هەژارە باش نیە، پەسندە، باشە، نایابە .

وەکارەکە وا پێویست دەکات کە هەموو کارمەندان وەڵامی لستی پرسیارەکان بدەنەوە، وە پێویست بوو لەسەر کارمەندان لستی پرسیارەکان بنێرن بۆ ئەنجومەنێکی سەربەخۆی دەرەکی بۆ بەدەست کەوتنی ئەنجامەکان و لستی پرسیارەکان بۆ هەر بەڕێوەبەرێك.

٢- بەدەست کەوتنی ئەنجامەکانی پرسیار لێکردن لەلایەن بەڕێوەبەرکان :

ئەنجومەنە سەر بەخۆ کە هەڵدەسێت بەناردنی ئەنجامەکانی پرسیار کردن بۆ خودی بەڕێوەبەرەکان نەك سەرۆکەکانیان یان هەر کەسێکی تر، چونکە ئەمانە زانیاری تایبەتن بەکەسایەتیەوە وە بەخۆیان بڕیاری گفتوگۆ کردنی دەدەن کە بکرێت یان نا لەگەڵ کەسانی تر.

٣- هەڵسەنگاندنی ئەنجامەکان و دانانی پلانەکانی گۆڕانکاری وە بەجێهێنانی لەڕەفتارەکانیان لەگەڵ کارمەندان.

هەموو بەڕێوەبەرێك هەڵدەسێت بەخوێندنەوەی ئەنجامەکان بۆ زانینی لایەنەکانی هێزو لاوازی لەڕەفتارەکانی وە هەروەها ئەو نمرانەی بەدەستیان هێناوە لەهەموو ڕەفتارێك لەو (٤٤) ڕەفتارە بەبەراورد پێکردنی لەگەڵ ئاستی پلە ناوەندییەکان بۆ هەموو بەڕێوەبەرەکان، وە بەبەراورد پێکردن لەگەڵ ئاستی ئەو نمرانەی کە بۆخۆیان بەخشیوە.

پاشان بەڕێوەبەر بەخۆی هەڵدەسێت (واچاکتر دەزانرێت بەشداری بکات لەگەڵ کارمەندانی و سەرۆکە ڕاستەوخۆکەی) بەشیکردنەوەی ئەم ئەنجامانە و دیاریکردنی ئەو ڕەفتارانەی کە پێویستی بە گۆڕاکاری هەیە، پاشان

دیاریكردنی ئەوەی كەچۆن بەڕێوەبەر دەتوانێت ڕەفتارە لاوازەكان بگۆڕێت، ئەوەش بەپەرەپێدانی خۆی و بەئامادە بوون لە خولەكانی داهێنان وەك خولەكانی دروست كردنی گروپەكان و هەروەها خوێندن و بەكار هێنانی هەندێ ئامرازەكانی پەرەپێدان.

وەپاش هەڵسەنگاندنی خودی خۆی لەو ڕەفتارانە بەڕێوەبەر لەكارگێڕیەكەی خۆی هەڵدەسێت بەدانانی بۆ جێ بەجێ كردن بۆ ئەو بەشەی كاری دەكات.

٤- پرسیار لێكردنی كارمەندان جارێكی تر :

پرسیار لەكارمەندان دەكرێت بەبەكارهێنانی لستی ئەو پرسیارانەی پێشو نەخشەی كێشرابوو، وە داوایان لێ دەكات لەسەر ڕەفتاری سەرۆكەكانیان پلەكان دابنێن پاش ئەوەی بەگۆڕانی جۆرەكانی ڕەفتاریان هەستان وەئەنجامەكانی پرسیار لێكردن دەدرێتە بەڕێوەبەرەكان پاشان گفتوگۆی لەسەر دەكرێت وەپلانی تر دادەنرێت بۆ پەرەپێدان و گۆڕینی هەندێ ڕەفتار ئەگەر كارەكە پێویستی كرد، پاشان دەخرێتە جێگای جێ بەجێكردن لەكارەكانیان.

دەكرێت پێوانەی ڕەفتارەكان بكرێت پاش یەك ساڵی بەكارپێكردنی گۆڕانكاری و بەراوردكردنی ئەنجامەكانی بەو ئەنجامانەی كە بەدەست هێنراون پێش كار پێكردنی گۆڕانكاریەكە.

بەرنامەی گۆڕانكاری بەردەوام بوو لەكۆمپانیای R.B.G بۆ ماوەی (٣)ساڵ، دەست پێكرد لەساڵی ١٩٨٢ وە تا كۆتایی ساڵی ١٩٨٤، وە لەئەنجامەكانی بەكار هێنانی ئەم ستراتیژییەتە لەگۆڕانی ڕەفتارەكانی بەڕێوەبەرەكان دەركەوت كە ڕەفتارەكانیان باش بووە بەشێوەیەكی سەرنج ڕاكێش لەكۆتایی ئەم ماوەیەدا.

ناوەندی نمرەكانیان لە ٣,١ نمرە تا ٣,٥ نمرە زیادی كردووە، ئەمە بەباش بوونێكی دروست دادەنرێت لەڕووی ئامارەوە.

٢- کارگەی بەرهەمە ئەلیکترونیەکان :

لەیەك لەبەشەکانی کۆکردنەوە لەکارگەی بەرهەمە ئەلیکترۆنیەکانی ولاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا، ئەندازیارێك لەبواری توێژینەوەو پەرەپێدان بۆ بەرهەمێکی نوێی کۆمپانیاکە کاری دەکرد.

ئەو ئەندازیارە سەرپەرشتی کرێکارێکی پسپوری دەکرد و بیروڕای لەگەڵیدا ئاڵ و گۆڕ دەکرد دەربارەی کارە پەیوەندارەکان بە کرداری پەرەپێدان، وەزۆر جار پێش نیارەکانی دەربارەی پەرەپێدانی بەرهەمەکە دەردەخست وە پرسیاری لەکرێکارەکە دەکرد دەربارەی ئەوەی کەپێش نیازەکە پیادە بکات و بیروڕای خۆی دەربڕێ لەسەر هەموار کردنی، کرێکارەکە پێش نیارەکانی خۆی دەربارەی پەرەپێدانی بەرهەم دەردەبڕی، وەئەم پێش نیارانە جێگای ڕێزو بایەخ پێدانی ئەندازیاری سەرپەرشتیار بوو، بەڵام لەکۆکردنەوەی یەك لە بەرهەمەکان کیشەیەك ڕێگای لەکارەکە گرت، ئەندازیارەکە بۆ زال بوون بەسەر ئەم کێشەیەدا پێش نیاری ئەوەی کردکە بەشێکی بەگیراوەی کیمیاوی بشورێتەوە پێش پێك هێنانی لەبەر هەمە کۆتاییەکە وەداوای لەکرێکارەکە کرد کە هەوڵی ئەم کارە بدات لە(٥٠) پارجە وبزانێت کەچی ڕوودەدات.

کرێکارەکە لاینگیری ئەو بیرو بۆ چوونەی کردو ئەوەی سەلماند کە ئەو پێش نیارە لەبارەو جێگای جێ بەجێ کردنە، وە بەلێنی دا کە ئەندازیار بەئەنجامەکە ئاگادار بکاتەوە .

وە وا روویدا لەو بەشەدا کارگێری باڵا داوای لەئەندازیارێکی تر کرد کەلە ئاستێکی بەرزی توانای هونەری بوو، بیرو رای خۆی دەربڕێ لەسەر کارپێکردنی گۆڕانکاری دەربارەی بەرهەمە نوێیەکە.

ئەو ئەندازیارە بیروڕای وابوو کە پارچەیەك لەبەر هەمە کە ئاڵ و گۆڕ بکرێت بەپارچەیەکی تری نوێ بۆ زاڵ بوون بەسەر کێشەکە، وە بۆیە

پارچەیەکی پێویستی ئامادە کردو ئاماژەی بۆ هەمان کرێکار کرد ( کەهیچ پەیوەندییەکی پێشوتریان نەبووە) کە هەوڵ بدات هەندێ لەیەکە بەرهەم هێنەرەکان کۆ بکاتەوە بەبەکار هێنانی پارچە نوێیەکەی بەردەست.

کرێکارەکە پێکهێنانی ئەم بەشەیدا لەبەرهەم هێناندا، بەڵام ئەوی جێگای سەرنج ڕاکێشان بوو ئەم کارەی بەتەنگەوە هاتن و بایەخ پێدانەوە نەبووە، وەکاتی تاقیکردنەوەی بەرهەمەکە دەرکەوت پلەی باشی پێویستی بەدەست نەهێنا، پاشان کرێکارەکە ئاگاداری ئەندازیاری شارەزای کردەوەی بەگیانی سەرکەوتوو کەبەرهەمی کۆتایی لەتاقیکردنەوە پەسند نەکرا.

بۆیە داوای لێکرا کە تاقیکردنەوەکە دووبارە بکاتەوەو هەموو پارچە ئامادە کراوەکانی لای بەکار بهێنێ، ئەوی جێگای سەرنج ڕاکێشانە کە کرداری کۆکردنەوەکە بەبێ چاودێری و بایەخ پێدان بەڕێوە چووە. بۆیە ئەنجامی سەرنەکەوتنەکە بەرهەمی کۆتایی بوو.

کارەکە بەم جۆرە کۆتایی پێ هات و کرێکارەکە ئاگاداری ئەندازیارە کۆنەکەی کرد (بەرەزامەندییەکی تەواو)، کە پێش نیاری ئەندازیارە شارەزاکە سەرنەکەوت لەبەر ئەوەی بەکردەوە ڕاست نەبوو.

لەدۆخی یەکەمدا سەرنجی ئەوە دەدرێت کەرێز لێنانێکی ئاڵ و گۆڕ هەیە لەنێوان ئەندازیارو کرێکارەکەوە لێرەدا بەشدار یەك هەیە لەئاڵ و گۆڕ کردنی ڕۆڵەکان دەربارەی گۆڕانکاری پێویست، وە ئەندازیارەی یەکەم ئەرکی تاقیکردنەوەی ئەو بیرۆکەیەی پێ سپارد کە پێش نیاری کردبوو پاش گفتوگۆ کردن و تێگەیشتنێك لەگەڵ کرێکارەکە وپاش ڕازی بوونێکی هاوبەش لەنێوان ئەندازیارو کرێکارەکە بەم گۆڕانکاریە، هەروەها بەشداری کردنی کرێکارەکە لەگۆڕانکاری ئەو هەستەی پێ بەخشی کە ئەم گۆڕانکاریە تایبەتە بەخۆی سەرکەوتنی گرینگە لای، هەروەها ئەندازیاری یەکەم دانی

هەواڵنامەی کتێب

بەشارەزایی و لێهاتووی دانا لەکارکردن بۆیە هیچ ئەرکێکی بەسەردا نەسەپاند، بەڵکو بەشداری کرد لەدۆزینەوەی چارە سەریەك کەئەویش پاککردنەوەیە بەبەکارهێنانی گیراوەی کیمیاویەکی دیاریکراو.

بەڵام لەدۆخی دووەمدا کە ئەندازیاری شارەزا بیرۆکەکەی شیاو بوو لەگۆڕانکاری لەهەردوو ڕووی هونەری و زانستیەوە، بەڵام سەرکەوتوو نەبوو لە پراکتیك کردن ئەویش بەهۆی خراپ کارپێکردنی پرۆسەی گۆڕانکاری.

لەبەر ئەوەی کرێکارەکە بەشداری پێ نەکرا لەگۆڕانکاریەکە، ڕێز لە شارەزایی و باوەر بەخۆی لێ نەگیرا، بەڵکو گۆڕانکاریەکە یەك لایەنە بەسەریدا سەپێنرا، بۆیە ئامادەیی بۆی نەبوو وە وەبایەخی تەواوی پێ نەدا بۆ سەرکەوتنی، تاکو بۆ کارگێڕی بیسەلمێنێت کە چارەسەریەکەی یەکەم باشترە.

لەباری یەکەمدا پابەندی و ئارەزوو هەبوو لەگۆڕانکاری، بەڵام لەباری دووەمدا بەرهەڵستی ورازی نەبوون هەبوو بۆ گۆڕانکاری.

**لەم خشتیەدا دەگریت هەڵوێستەکە بەم جۆرە شی بکرێتەوە :**

| گۆڕانکاری هەڵوێست | لایەنی هونەری | لایەنی کۆمەلایەتی | ئەنجامەکان |
|---|---|---|---|
| هەڵوێستی یەکەم | پێك هێنانی پارچەیەکی پاك پێش کرداری کۆ کردنەوە. | بەردەوام بوونی پەیوندییەکانی کاری ئاسایی بۆ کرێکاردکە. | - بێ بەرهەڵستی . - ئەنجامە هونەریە پەسندکراوەکان. ئامادەیی بۆ سەرکەوتنی |

| | | | |
|---|---|---|---|
| | | | گۆڕانکاری. |
| هەڵوێستی دووەم | بەکار هێنانی پاردچەیەکی نوێ لەکرداری گۆکردنەوەکە. | هەردشە کردن لە پەیوەندییەکانی کاری ئاسایی بۆ کرێکاردکە. | - هێماکان و دیاردەکانی بەرهەڵستی . - ئەنجامی هونەریە پەسند نەکراوەکان. - ئامادە نەبوون بۆ سەرکەوتن لەهیچ گۆڕانکارییەك لە ئاییندەدا. |

لەباری دووەمدا دەردەکەوێت کەپرۆسەی بەشداریکردنی کارمەندان لەکرداری گۆڕانکاری کردارێکی بنچینەییە، ئەم بەشداریە لەکاتی پلان دانان بۆ گۆڕانکاری وە لە کاتی جێ بەجێکردنی، دەبێت کارمەندان هەست بکەن کە ڕۆڵی هەست پێکراویان هەیە لەگۆڕانکاری.

## پراکتیکە کردەوەییەکان

### ١- کێشەو بڕیار :

کۆمپانیای ئاسن و پۆلای میسری

(محمود عباس) بەڕێوەبەرێکی نوێیە بۆ بەشی کڕین لەکۆمپانیای ئاسن و پۆلا، شارەزاییەکی دورو درێژی هەیە لەبواری کڕین، ودلەکۆمپانیایەکی تر کاری دەکرد پێش ئەوەی کۆمپانیای ئاسن و پۆلا داوای بکات بۆ ئەوەی کارو

بارەکانی کڕین ڕێکبخاتەوە لەبەر ڕۆشنایی پلانێکی گشتی بۆ چاکردنی چالاکی کڕین و کەم کردنەوەی تێچووە گەورەکان.

پاش چەند هەفتەیەك محمود درکی بەوە کرد کەبەشی کڕین هەڵدەستێ بەکارێکی ساکار سەردرای کارەکانی نووسین، لەبەر ئەوە لەبەشەکە سیاسەتێکی کڕین نیە، وە نەبوونی بڕیاری یەکلاکردنەوە یان دەسەڵات بەسەر ئەوەی کە کێ چی بکڕێت؟

هەنگاوە یەکەمیەکانی بریتی بوو لەپەیدا کردنی ناوەندیەك لەکڕینی شتە دیاریکراوەکان لەبەشەکەدا.

دەستی پێ کرد بە دیاریکردنی ڕادەی پارەی ڕێگا پێدارو بۆ کڕین، بۆیە شێوازێکی دانا بەوەی کە بڕی هەر پارچەیەك لە (٥٠٠) جونەیە زیاتر بێت پێویستی بەڕەزامەندی وەرگرتن دەکات پێش ناردنی بۆ فرۆشیار.

محمود پلانەکەی بۆ بەڕێوەبەرەکەی پێشکەشکرد کەڕەزامەندی لەسەر دەربڕی، پاش ئەوە محمود یاداشتێکی نووسی بۆ هەموو بەڕێوەبەردکان، ناوەڕۆکەکەی:

**بۆ / هەموو بەڕێوەبەرەکان .**

**لە / محمود عباسەوە بەڕێوەبەری کڕین**

من دڵنیام لەتێگەیشتنیان لەگرینگی بەدەست هێنانی چاکترین بەها بۆ دراوی (جونەیهی) کاری پێ دەکەن.

لەرابردوودا چالاکیەکانی کڕینی کۆمپانیاکە کارانەبووە لەبەرێوەچووندا، وە من دەس پێدەکەم بەبەکار هێنانی ستراتیژییەتێك کە ئەرکەکانی کڕین چاك بکات.

- وەك گۆڕانکاریەکی سەرەتایی، کارێکی نوێ دیاری دەکەم بەجۆرێك کە هەموو کڕینێك زیاتر لە (٥٠٠) جونەیهی پێ بدرێت، پێویستە بگاتە

بەشی کڕین یەکەم جار بۆ ڕەزامەندی وەرگرتن، ئەمە دەرفەتمان دەداتێ بۆ پێداچوونەوە بەکاری کڕین، وە دەبینین کە ئەگەر چاکترین بەها بۆ جونەیە بەدەست دێنین لەوەی خەرجی دەکەین هاوپێچ وێنەیەك لەو نموونە نوێیەی بەکار دەهێنرێت، بۆ ئەم مەبەستە.

- من دڵنیام کە ئێوە ڕازی دەبن لەسەر پێویست بوون بۆ ئەوەی بەهای چاکترین پارە بەدەس بهێنین لەوەی کەدەیدەین، وە من ئارەزووی ئەوەم هەیە کە هاوکاریتان بەدەس بهێنم لەم کارەدا.
- لەماوەی هەفتەکانی رابردوو (محمود) تەنها دوو نموونەی پڕکراوەی بۆ هات بەڵام لێرەدا ئامارژە بۆ ئەوە دەکرێت، کە کۆمپانیاکە بەئاستێکی ئاسایی کار دەکات کە پێشتر لەسەری بوو پێش ڕوودانی گۆڕانکاری .

## پرسیار بۆ گفتوگۆ :

١- باسی شێوازی محمود بکە لەجێ بەجێ کردنی گۆڕانکاری.
٢- ئایا سیستمی نوێ بەسەرکەوتووی بەڕێوە دەچێت؟
٣- چۆن گۆڕانکاری نوێیە کە پێویست بوو ڕوو بدات؟

## ڕاهێنان

### ٢- لستی گۆڕانکاری :

گرینگترین ئەو گۆڕانکاریانە چین کەپێی هەستاوی یان بەشداریت کردووە لەجێ بەجێکردنی لەماوەی سێ ساڵی رابردوو، تکایە لەنێوان ئەم لیستەی خوارەوە هەڵبژێرە :

١) گوازراوێتە بۆ پێشەییەکی تر ..........................(          )
٢) ڕێگای مامەڵەکردنم لەگەڵ سەرکردەکانم یان کارمەندانم گۆڕی

)........................ (

٣) هەندێ لەسیستم و ڕێنماییەکانم گۆڕی ................)  (

٤) شێوازی کارگێڕیم گۆڕی لەو بەشەی من بەرپرسیارم لێی

)........................ (

٥) بەلگە نامەیەکی زانستی باشم بەدەست هێنا ..........)  (

٦) جێگای کەرەستەکانی نووسینگەی بەشەکەم گۆڕی

)............................ (

٧) هەندێ تەکنیکی نوێم خستەکار وەك کۆمپیوتەرو هی تر

)............................ (

٨) هەندێ لەکارمەندانم گۆڕی ............................)  (

٩) کتێبخانەیەکی تایبەتم پێك هێناوە وە بایەخی زیاترم بەخوێندنەوە زانست داوە ..................................................)  (

١٠) دەستم کر بە پیادە کردنی هەندێ جۆری وەرزش

)............................ (

١١) کارێکی بازرگانیم ئەنجامدا ........... ................)  (

١٢) سیستمی خواردن و خەوتنم گۆڕی ..................)  (

١٣) ژنم هێنا ..................................................)  (

١٤) هەندێ لە حەزەکانم گۆڕی ..........................)  (

١٥) ئەو خانووەی تیادا دەژیم گۆڕیم ....................)  (

١٦) گۆڕانکاری تر، تکایە باسی بکە ......................)  (

٣- مامۆستا هەمام دەگۆڕێت :

کۆمپانیای فەرشی (قالی) ڕۆژ هەلات ناسراوە بەوەی کە کۆمپانیایەکی سەرکەوتووە وەلە هۆکارەکانی سەرکەوتنی هاندانیەتی بۆ کارمەندان لەسەر



کتێبخانەی کتێب

پەرەپێدان و گەشەپێدان، وەك هەڵ گرتنی خەرجی پێداویستیەکان و باجی فێر بوون و خوێندنی باڵا و بەرنامەکانی ڕاهێنان کە کارمەندان دەیانەوێت پێی بگەن.

وە مامۆستا هەمام لەم دوواییەدا لەخولێکی ڕاهێنان دەربارەی سەرکردایەتی کارگێڕی و کارتێکردن گەڕایەوە، مامۆستا محمود حەمام واناسرابوو کە کەسێکی بیروکراسی و بەردەوام زاڵ بووە، وەبەگەڕانەوەی مامۆستا حەمام داوای ئامادەبوونی کارمەندانی کرد و بەم جۆرە قسەی ئاراستە کردن :

" من بەوە ناسرابووم کەکەسێکی وشك و بەزەبرم، وەباوەڕم وایەکە ئەوە دەگۆڕێت، لەخولێکی ڕاهێنان کەئامادەی بووم باوەڕم بەوە هات کە نەرمیەکی زیاترتان لەگەڵ بەکار بهێنم بۆ جێ بەجێ کردنی کاروبارەکان.

**پرسیار :**

1. **وابزانم مامۆستا هەمام لەشێوازی مامەڵە کردنی لەگەڵ کارمەندانی گۆڕاوە، بەباوەڕی تۆ چ کارتێکردنێکی دەبێ ئەنجامی ئەم گۆڕانکاریە؟**
2. **ئەگەر گۆڕانکاری ڕووی نەدا، کارتێکردنی ئەوە چۆنە؟**
3. **ئایا باوەڕت وایە کە ڕەفتاری مامۆستا هەمام بەڕاستی گۆڕابێت، وە بۆ؟**

## ٤- گۆڕانێکی ڕێکخراوەیی بەهێز :

سەرۆکی ئەنجومەنی کارگێڕی (ئەبو سعد شیرازی) گەڕایەوە لەکۆنگرەی (گەشەپێدانی کارگێڕی) کە نووسینگەی ئەسکندریە بۆ ڕاوێژکارییە کارگێڕییەکان ئامادەی کرد وە بۆ ماوەی دوو ڕۆژ لەئوتێلی شیراتۆنی گەشتیاری .

چەمکە زانستیەکان و ئامێرە بەکار هاتوەکان لەپەرەپێدانی ڕێکخراوەیی جێگای سەر سورمانی بوو، وەپاش یەك هەفتە بەڕێوەبەرە گشتیەکان و بەڕێوەبەرە کارگێڕییەکان یاداشتێکی ناو خۆییان پێ گەیشت لەسەرۆکی

ئەنجومەنی کارگێڕییەوە لەسەر (ڕاهێنانی هەستیاری) کە ماوەی سێ ڕۆژ دەخایەنێت و دەبێت پەیوەندی پێوە بکەن.

بەڕێوەبەرەکان هەستیان بەکتوپڕی کردو پرسیاریان لەگرینگی ئەو خولە کرد، وە پرسیاریان ئاراستەی سەرۆکی ئەنجوومەنی کارگێڕی کرد دەربارەی نەبوونی پەیوەندیان بەو کارە.

وەبە پێی ئەمە سەرۆکی ئەنجومەنی کارگێڕی چەند کۆبوونەوەیەکی لەگەڵ بەڕێوەبەرەکان بەست، وە گوێی لەبیرو ڕایان گرت، پاشان بەدوورو درێژی باسی گرینگی ڕاهێنانی هەستیاری کرد کە چۆن و چەند گرینگە بۆ لێ وردبوونەوە لەخود، وەتێڕوانین لەهەستی کەسانی تر، وە بۆ تێگەیشتنی پەیوەندییەکانی نێوان گروپەکانی کار، وەکۆتایی بەقسەکانی هێنا بەوەی کە ئەمە خولی ڕاهێنانەو سوود بەخش دەبێت بۆ ئەوان و بۆ ئۆرگانە کە بەشێوەیەکی گەورە.

پرسیارە کان :

1. **بیروڕات چیە دەربارەی هەڵس و کەوتی سەرۆکی ئەنجومەنی کارگێڕی؟**
2. **بیروڕای هەردوو لایەن چیە؟**
3. **ئەگەر تۆ سەرۆکی ئەنجومەنی کارگێڕی بێت، چۆن هەڵس و کەوت دەکرد؟**

**ڕاهێنان**

**٥- گۆڕانکاری و کاردانەوە**

ئەم ڕاهێنانە جورا جۆرەدیەك پێك دێنێت بۆ یارمەتی دانت بەهاوکاری کەسانی تر لەدۆزینەوەی کێشەو کۆسپەکان کە ڕەنگە زەق بێتەوەکاتێ (گۆڕەر) هەوڵی ڕوودانی گۆڕانکاری دەدات بەلێهاتوویی و چالاکی لەو بەشەی کەدەکەوێتە ژێر بەرپرسیاریەتی لەناو ئۆرگانەکە.

لەسەرتە بەتەنها و بێ یارمەتی دان لەهیچ کەسێکەوە بەشی یەکەم تەواو بکەیت، پاشان لەهەر دوو بەشەکەی دووەم وسێیەم لە سەر شێوەی گروپی بچووك (سێ) یان (چوار) کەسی وە لە کۆتاییدا هەموو کۆدەبنەوە بۆ جێ بەجێکردنی پێویست لەبەشی چوارەم .

## بەشی یەکەم :

١- لەخشتەی دوایی (پێوەری کاردانەوە بەرامبەر گۆڕانکاری) چاودێری هەندێ لەو گۆڕانکاریانە بکە کە لەکاردایە بەرچاوت خستبوو یان یارمەتیت لەبەر چاو خستن.

ئەم گۆڕانکاریانە ڕەنگە گۆڕانکاری لەئامرازەکانی کارکردن بگرێتەوە یان پێش نیاری پیشەپەیدا کردن یان کاروباری جۆراو جۆر یان گۆڕان لە بەرپرسیاریەتی یان کارراییەکان یان ... هتد.

٢- هەر گۆڕانێك لەخشتەکە بەتەنها وەربگرە، وە نیشانەی (×) دابنێ لەو بۆ شاییەی نیشانەی ئاراستەکانی تر دەدات یان کاردانەوەیان بەرامبەر ئەو گۆڕانکاریە، وەبەم جۆرە:

- نیشانەی (×) گەورە دابنێ لەیەك بۆ شایی ئەگەر ئاراستەی ئەوانی تر یان کاردانەوەیان بەرامبەر گۆڕانکاریەکە یەکگرتوویەکی نزیکی تێدابوو.
- نیشانەی (×) بچووك لەچەند بۆشاییەك دابنێ ئەگەر لێرەدا جیاوازی هەبوو لەبۆ چوونەکانی ئەوانی تر یان کاردانەوەیان بەرامبەر گۆڕانکاری.

**پێوەری کاردانەوە بەرامبەر گۆڕانکاری**

| پلەکانی کاردانەوە | بەرهەڵستی بەهێز | بەرهەڵستی نەگەتیڤ | بێ بایەخی | پەسند کردنی نەگەتیڤ | پەسند کردنی بەهێز |
|---|---|---|---|---|---|
| گۆڕانکاری ژمارە (١)ی ئەوەیە | | | | | |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| گۆڕانکاری ژمارە (٢)ی ئەوەیە | | | | | |
| گۆڕانکاری ژمارەی (٣)ی ئەوەیە | | | | | |
| گۆڕانکاری ژمارە (٤)ی ئەوەیە | | | | | |
| گۆڕانکاری ژمارە (٤)ی ئەوەیە | | | | | |

٢- یەك لەو گۆڕانکاریانەی چاودێر کراون لەخشتەی پێشوو هەڵبژێرە، وەکە تووشی بەرهەڵستی کردن هات لەلایەن ئەو کارمەندانەی لەگەڵتدان، پاشان هەوڵدە ئەو هۆکارانە باس بکەیت کەباوەڕت وایە دەبنە هۆی ئەو هەڵوێستە لەلایەن هاوڕێیانت.

گۆڕانکاریەکە ئەوەیە :..............................................

هۆیەکانی بەرهەڵستی

أ) ............................................................................

ب) ............................................................................

ج) ........................ ...............................................

د) ............................................................................

ه) ............................................................................

٤- گۆڕانکاریەکی تر لەو گۆڕانکاریە چاودێر کراوانە لەخشتەی پێشو وەربگرە، بەڵام ئەم جارە دەبێت گۆڕانکاریەکە ئاستێك لەپەسندکراوی بەدەست هێنا بێت، جارێکی تر هەوڵدە چاودێری هۆو فاکتەرەکان بکەیت کەلەباوەڕیت وایە بوونەتە هۆی ئەوەی وا لە کارمەندانی لات بکات کەلایەنی پەسند وەربگرن.

گۆڕانکاریەکە ئەوەیە : .............................................

هۆیەکانی بەر هەڵستی :

أ) ........................................................................

ب) ........................................................................

ج) ........................................................................

د) ........................................................................

هـ) ........................................................................

## بەشی دووەم :

ئێستا هەموو دابەش دەبنە سەر گروپی بچووك (سێ) یان (چوار) كەسی پاشان هەڵدەستن بەمانەی خوارەوە :

١. لەماوەی گروپدا هەوڵدە هەموو بەشداری وەڵامدانەوەكانت بكەیت لەسەر پرسیارەكانی (٣) و (٤) لەبەشی یەكەم، هەوڵدە (وەك تیم) لستێك بەرهەم بێنی لەو هۆكارانەی كە كاردەكەنە سەر كاردانەوەی خەڵكی لەكاتی ڕوودانی گۆڕانكاری لەژینگەكانی كاردا.

ئەو هۆكارانەی كاردەكەنە سەر كار دانەوە :

ا) ........................................................................

ب) ........................................................................

ج) ........................................................................

د) ........................................................................

هـ) ........................................................................

٢. كاتێ لستی هۆو فاكتەرەكان تەواو دەبێت یەك بەدوای یەك هەر فاكتەرێك بەتها وەربگرەو ئەم پرسیارانە بكە (هەر كەسێك پێویستە لەسەری بیروڕای گروپەكەی تۆمار بكات چونكە ئەگەری ئەوە هەیە لەداهاتوودا بۆی بگەڕێتەوە).

ا) ئایا وەك بەرپرس دەتوانیت كارێك بكەیت دەربارەی فاكتەری ناوبراو؟ ئایا دەتوانیت كاری تیادا بكەیت ؟

بەڵێ ☐ نەخێر ☐

- ئەگەر وەڵامەکەت بە (بەڵێ) بوو پێویستە وەڵامی پرسیاری (ب) بدەیتەوە.
- ئەگەر وەڵامەکەت بە (نا) بوو ، پێویستە وەڵامی پرسیاری (ج) بدەیتەوە.

ب) هەوڵدە بەچەند دەستەواژەیەکی ورد ئەوی لەتواناتدایە بیکەیت وەك بەرپرس دیاری بکە بۆ کارتێکردنت لەسەر ئەم فاکتەرە، وەپاشان بگوازەوە سەر فاکتەری دوواتر.

ج) باوەڕت وایە کە لەتواناتدا نیە کاریگەریت بەسەر ئەم فاکتەرە هەبێت، هەوڵدە ئەو کەسەدیاری بکەیت کە کاریگەری دەبێت، وەکاتی ئەوە دەکەیت (وەك بەرپرس) هەوڵدە ئەوە دیاری بکەیت کە چی لەتواندایە بۆ کاریگەری لەسەر ئەو کەسە وە ئەگەر باوەڕت وابوو کە کەسی نیە بتوانێت کاریگەری بەئەم فاکتەرە هەبێت، یەکسەر ئەوە دیاری بکە کەچۆن دەتوانیت مامەڵە لەگەڵ ئەم هەڵوێستە بکەیت، پاشان بگوازەوە سەرە فاکتری دوواتر لەلستەکەدا.

## بەشی سێیەم :

وەك گروپێکی بچووك، هەندێ لەو بیروڕایانەی کە لەکاتی گفتوگۆ وروژێنرا لەگەڵ چەند هاوڕێەکت لەگروپەکانی تر باسی بکە، وە بۆ ئامادە کردنی بۆ ئەم کارە پێویستە سێ خاڵی سەرەکی دیاری بکەیت (وەك بەرزترین رادە) کە دەبێت ئەو کەسانەی بەگۆڕانکاری هەڵدەستن ڕەچاوی بکەن لەکاتی ڕوودانی گۆڕانکاری لەئۆرگانەکانیان.

## بەشی چوارەم :

هەر گروپێکی بچووك لەسەریەتی خاڵە سەرەکیەکانی وەڵامدانەوەکەی لەسەر پرسیارەکان و ڕوون کردنەوەی بەڵگەکان وەك پێویست بەرچا وبخات، وە وەك گروپێکی گەورە (هەموو گروپەکان) هەوڵدەن ئەوە ڕوون بکەنەوە کە ئەم خاڵە سەرەکیانە چی دەگەیەنێت دەربارەی گەشەپێدانی گۆڕەری کارا.

لەسەرتانە ئەم خاڵانە دیاری بکەن:

١. چیە ئەو زانیاریاری و تێگەیشتنە زیادانەی گۆڕدر پێویستی پێ دەبێت؟

٢. چیە ئەو کارامەیی و لێهاتووەنوێیانە کە پێویستە گۆڕەر بۆ خودی خۆی گەشەی پێ بدات؟

٣. چیە گۆڕانکاریی پێویست لەبیرو بۆ چوون و باوەڕەکانی گۆڕەر؟

## ٦- کۆبوونەوەیەکی داخراو :



لەبەرامبەر هەر ژمارەیەك لەو ناوە دابنێ بەگونجاوی دەزانیت بۆ هەر بوونەوەرێك لەم بوونەوەرانە.

## ٧- تاقیگەی گۆڕان

ئەم دەستەواژانەی خوارەوە بخوێنەوە پاشان دیاری بکە بەرازی بوون ( ✓ ) یان رازی نەبوون (×) :

١- گۆڕانکاری و پەرەپێدان و چاکسازی زاراوەن هەمان واتایان هەیە(            )

٢- گرینگترین گوزەر بۆ گۆڕانکاری، گۆڕانکاری تەکنولۆژییە ............(          )

٣- ئەگەر باری راهاتوو لەئۆرگانەکە لاینگیری گۆڕانکاری نەبوو، وە هۆ کارەکانی رازی نەبوون لەزۆر بووندا بوون، واگونجاو ترە لەو کاتەدا پەلە بکرێت لە کارپێکردنی گۆڕانکاری پێویست ..............(          )

٤- چەندی هۆکارەکانی لاینگیری بۆ پرۆسەی گۆڕانکاری گەورەتر بوو، ئەوە بەڵگەی زیادبوونی دەرفەتەکانی سەرکەوتنی پرۆسەکەیە و کەم بوونەوەی بەرهەڵستیە .............(          )

٥- بەردەوام وا چاکترە ئەوی بەگۆڕانکاری هەڵدەسێت لەناو ئۆرگانەکە بێت ..............(          )

٦- روودانی گۆڕانکاری پێویست بۆ رەفتارەکانی کارمەندان دەکرێت بەدی بێت بەماوەی بەستنی خول و کۆڕی راهێنانی چڕ ..............(          )

٧- دژوارە گۆڕانی داب و نەریتە بەدەس هاتوەکانی تاکەکان ..................(          )

٨- زانین و قایل بوونی فەرمانبەر بەڕاستی و ڕەوایی بەسە بۆ روودانی گۆڕانکاری پێویست ..............(          )

٩- شێوازی دیموکراسیەت چاکترین شێوازە بۆ روودانی گۆڕانکاری کەتیادا سەرۆک دەسەلاتەکان بەکارمەندانی دەسپێرێت ..............(          )

١٠- خۆڕاگری و یەکلاکردنەوە چاکترین شتە بۆ روو بەڕوو بوونەوەی بەرهەڵستی کردنی گۆڕانکاری .............(          )

١١- گرینگترین رۆڵی هەر سەرکردەیەك یان بەڕێوەبەرێك خۆی کەسی بنچینەیی بێت کە بەگۆڕانکاریەکە هەڵدەسێت ..............(          )

هەواڵنامەی کتێب

١٢- کەشــــی بــــاو لەنۆرگانەکـــە رۆڵـــی بنـــچینەیی دەبینێـــت لـــە گۆڕانکاریە کە ............... (            )

١٣- گۆڕانکاری تـەنها وەڵامدانەوەیـەکی هۆشیارانەی خێرایـە بـۆ ئـەوەی روو دەدات ............... (            )

١٤- گۆڕانکاری ویست و کارگێرییە لەهەمان کاتدا ............... (            )

١٥ – گۆڕانکـــاری کردارێکـــی ئاســـانە لـــەڕووی تیـــۆری و پراکتیکی ............... (            )

١٦- گۆڕانکاری ئەنجامە نەك کردەوە ................ (            )

١٧- گۆڕانکاری پێویستە نەك ئارەزوو ................ (            )

١٨- بەرهەڵـــستی و بـــەرەنگاری و رەخنـــە هـــەموو زاراوەن یـــەك واتایان هەیە ............... (            )

١٩- کەسـایەتی سـەرکردەی گۆڕانکـاری ودەسـەڵات و ئاکـارە سـەر کردایەتیـەکانی هـەموویان کـارتێکردنی گـەورەیان هەیـە لەسـەرکەوتنی یـان تێـشکانی گۆڕانکاری ............... (            )

٢٠- گۆڕانکـاری بەخـشینە نـەك قـەیران، ئەگـەر چـی لەسـەرەتادا وەك قـەیران بەدەردەکەوێت بەڵام ئەنجامەکەی بەزۆری بەخشینە............... (            ).

کـــۆتــــایــــی